# کتێبی حەوت trinگە

ئەم کتێبە لە ئینتەرنێت لە سایتی  پێشمەرگەکان بڵاو کرایەوە:
www.peshmergekan.com
www.peshmergekan.eu

ناوەرۆک


1- سەردەمی ئاغاوەت
2- مەجومعەی دیوەخان
3 - - قسەی خۆش باون نەبێت
4- گوێزەگوێز
5- خەڵکی دێ
6- ماست ڕاگرتن
7- شیوەی ئاغاتی
8- دابی عەشیرەتی
9- ژیانی جوتێر
10- سەرکاری شەقڵ
11- چاوپێداخشاندنێک
12- هۆدەی زیدە
13- ئاغاو تووتن
14- دەردوو بەڵای کاسبی
15- کاسبی چەوەندەر
16- مەڕداری –ئاژاڵداری
17- ئاڵەگۆڕی دەسەڵاتی ئاغا
18- قازاخ(سەرباز)ڕەشبگیر
19- ناکۆکی ئاغاوەت
20- کێشەی گوندەیەکان ومرۆ زایەبوون
21- ئەسب بەخێو کردن
22- چاڵی دانەوێڵە
23- جێژن وجەژن
24- مەلاکان
25- گوزەرانی دێ
26- جل وبەرگی عافرەتانی کورد
27- کەرەسەی جووت
28- قسەی خۆش با ون نەبێت

29- تەڵاق هەڵبەستنەوە
30- تەرخان
31- سۆفی ئەحمەد شەیتان
32- جەفەنگی شنۆیەکان وقەڵسە گێران وبەزمی تەلەفوون
33- سەربهوردەی کاک سەعید ئەمینی
33- چارداغ
34- سوونەت کردن (خەتەنە)
35- بەسەر ڕاگەین
36- شنۆ وتەرەکەمە
37- شنۆ
38- گیچەڵی ئاوی گادەر
39- نەخۆشخانە
40- مەلاو موستەعید
41- بەوادەی بەهەشت
42- شێخەکان
43- شێخایەتی
44- پیلانی ڕێژیم
45- تێکنوولۆجی
46- گۆرەوییێن(جۆرابێن)
47- منداڵ بوون (زاچلانی ژنان)
48- ژن بەژنە
49- بووک گۆڕینەوە
50- ژن ڕاکێشان
51- باسی ئاغاوەت
52- کەڵ لەخاوگرتن وهێنایەوەری
53- ڕاوەی کەروێشک (ڕاوەتاژی)
54- سیغەی دوو ساعاتە(پیمپینگ)
55- دوو کەس لە شنۆیەکان
56- یارمەدەتی دەری دکتۆر
57- بۆ زاخاوی مێشک
58- ئەرکی مەلای ئاوەدانی
59- تاس گرتنەوە
60- هێرشی کللۆ
61- ئەوڵ ماشین لە شنۆ
62- گاوانی
63- مزگەوت

64- پرسەو سەرەخۆشی(خێرووشەڕ)
65- گویزەبانە
66- کەل وپەل وشڕوشالاٌتی گوندەیەکان
67- سەرهەنگ مام عەزیزی مامەش
68- دەمارگرژی محەمەد ڕەزا شاوچڵکاوخۆرانی
69- قەرەجەکان
70- عەشیرەتی گەڕۆکی دۆم
71- خۆ هەڵاوەسینی ئاغاکان بە ڕێژیم
72- تاقی نەسڕەت
73- کەتیرە شیرەی وشک وەبوی گوێنی ،جیوە)
74- قەرەیەخە
75- خەرمانان
76- ژیانی خەڵک
77- گەندەتا(نۆبەتێ)
78- شەرەخیوی(شەڕنەخیوێ)
79- جلێتێن( جلیت داکوتان)
80- کیژ بەشوو دان
81- کیژ خواستن(خوازبینی)
82- ئەحمەدغەنی هونەرمەندی لەبیرچوو
83- پەڕانتوو(قماری بەپەران)
84- پێکەنین
85- دروێنە
86- قوتابخانەی عەشیرەتی
87- یۆرخە
88- بەرکۆڵێک
89- شتی سەیرو سەمەرە
90- پشت شکاندنی ئەسب1
91- مارپێوەدان
92- مارەبە جاش
93- ماین چاکردن،ئەسب کێشان (ماین بەگاندان)
94- قسەی خۆش باوەن نەبێت
95- کەڵەکەی کتێب وسیپارە لەحوجرەکان
96- سەلاح ئەدین ئیووبی زۆڵەکوردی مێژوو
97- جل وبەرگی عەشایری شکاک
98- ڕەزی ترێ
99- جەژنی نەورۆز

100- سەرکولانان (هەتەرێ مەتەرێ )

نوسینی: حامیدڕەشیدی زەرزا
کتێب: حەوت ترینگە
بابەت: کۆمەڵایەتی
تیراژ: 1000
چاپ: چاپخانەی ئۆفیسی تیشک
ژ.پ(510)ی ساڵی2006ی وەزارەتیرۆشنبیری پێدراوە
سلیمانی: 2006
مافی لەچاپدانەوەی پاریزراوە بۆ نووسەر.

(سەردەمی ئاغاوەت)
سەردەمی شێوازی ئاغاوجۆتیار(ئەربابورەعیەتی) بە وەرزێریان دەگوت: کرمانج کە لە کشتو کاڵدا خاوەن چ شت نەبوو نەخانوو بەرە نە زەویووزار نە ڕەزوو باخو نەمێشە ئی وی بوو. ئاغاش زەوی بەجۆتیار نە دەفرۆشت ئەگەر فرۆشتبایە شەریک ملک یان ئاغایەکی دیکە دەی کڕیەوە. هێندێک ئاغا کە وەبن قەرزی سووتو سەلەمی شینخۆری کەوتبوون، هانایان بۆ سەرۆک عەشیرەتەکان دەبرد کە دەستیان بگرن. بازێک لەو سەرۆک عیلو عەشیرە لە جیاتی یارمەتی ملکەکەیان بە قیلە شەرعی گرەو (بارمتە) بەدراوەکی کەم لە دەست دەردێنان پاشان بە ئیجارە وێیان دەدانەوە هەتا کوو ببن بە ژێر دەستو خزمەتکاریان بەڵام هێندێک لە چاخی ئەوها قەیراندا بۆیان دەبوونە لەمپەرو بەرهەڵێخ، هەتاکوو دەبۆرژانەوە. ئاغاکان هەر یەکە چەند غولامیان ڕادەگرت کە پێیان دەگوتن نۆکەر. نۆکەرەکان لە پێشخانە دادەنیشتن ،پێشخانە بەو هۆدەیە دەگوترا کەپێڵاو(سۆلیان) لێدادەکەندو چاپەز چایی لێتێدەکرد. بەشیک ئاغای بە سامانو زەنگین پێشخانەی نۆکەرانیان لە دێوی چاپەز جیا بوو کارداریشیان هەبوو وەکوو مەیتەر، گوێنی کێش، باخەوانوهتد...سەردەمی ئاغاوەت دیوەخانی ئاغاکان هەمێشە ئاوەدان بوو سەماوەر بێ جەمو دەم دەکووڵیو لە قوڵتە قوڵت دابوو هەر بڕەی دەهاتو چایی پەز بۆ ئەوەی سەماوەر زوو وەکوڵ بێت ڕەژی لەناو تێلێکدا کە پێیان دەگوت (تاوڵەمە) هەڵدەسووڕاند، کە دەستو جێ گەش دەبۆوە.
ماڵی ئاغا لە میوان بە هەرمێن بوون هەموو ڕێوو بارێک بۆ ژەم لایەدا وێ. ئاغا کە ئیشی بە غولامێک بوایە گاسی دەکرد هێندێک ئاغا ناوی نۆکەرەکانیان نە دێنا بانگیان دەکرد پێشخانە، هەرغولامێک لە وێ بوایە وەرامی دەداوەو دەهاتە ژوور. غولام لە لای ئاغا ئیزنی دانیشتنی نە بوو. هەر لەسەر پێ ڕادەوەستاو گوێچکەی بۆ قسەی ئاغا ڕادەگرت یان دەستوورێکی لێ وەردەگرت پاشان دەگەڕاوە پێشخانە. دانیشتوانەی

ئاوایی کە دەهاتنە حزوری ئاغا بێ ئیجازە حەقی دانشتنیان نەبوو ئەویش ڕدین سپی نەک تۆلازو دەم ڕووت. شێوازی ڕۆنشتن چوار مێردەکی یان لە سەر چووکان بوو کەسێک هەڵتروشکابوایە یان لە سەر چینچکان هەڵقنجابوایە لە دێوەخان وەدەر دەنرا... قسەی جڵفو حیلکە حیلکو حەپلە لۆتانەو حەندەرحۆ لە دێوەخان یاساخ بوو.

ئاغا لە دیوەخان بە تەنیا دادەنیشت. چاپەز ڕۆژ کورتو درێژ لە خزمەت ئاغا وەک پەیکەری بێ گیان پشت وەلاشیپانەی دەرگا ڕاوەستابوو، چاوی لە زاری ئاغا بڕێبوو ئەگەر ماندووش بوایە لە پاشخانە دادەنیشت. لە سەردەمی ئاغایەتی ئەگەر ئاغایەک مردبوایەو کوڕی مەزنی نەبوایە کوڕەپچکۆڵەکەیان لە جێی دادەناو بە پێی دابو نەریت هەموو ڕێزوو حورمەتی بابیان بۆ لە بەر چاودەگرت، وەپێش هەموو ئەو کەسانە دەکەوت کە وەدوای بابی کەوتبوون هەر چەند ڕدێن سپی بوان !؟

(چێشت هێنان بۆ دیوەخان)

ئەو کات چیشتیان لە سەر مەجمە (مەجومعە) دادەنا بۆ دوو مرۆڤ مەجمەیەک دەهاتە دیوەخان. منداڵی چووکەڵەی ئاغاوەت دەبوایە سێ ژەمە لە دیوەخان بوانە بێ ئەوە مرتەقیان لە بەر بێتە دەر. ئەگەرمیوان نەبوایە مەجمەی ئاغا تەنیا بوو، غولامەکان لە پێشخانە نانیان دەخوارد. بەرماوی مەجمەی ئاغا تایبەتی چاپەز بوو. چایی پەز دەبوایە لە کاتی چادانانا ئەم شێوازەی لە بەر چاو گرتبوایە: چۆکی چۆپەی نوشتاندباوە سەرعەرد کە هەڵدەستاوە دەبا پشتاو پشت گەراباوەو دەستەو نەزەر بە لا شیپانەی دەرگا ڕاوەستابوایە ئەگەر ئاغا چ ئەمری نەبوایە دەرکەی دەکردەوە دەچوو پێشخانە، دوایی چێشت خواردن چاپەز دەبوایە بۆ دەست شووشتن ئافتاوە و لەگەنی لە پێش میوانان ڕاگرتبوایە. هێندێک زۆر پیسکێر بوون لووتیان لەناو لەگەندا دەستڕیو بەکۆخە کۆخ بەڵغەمیان تێدەکرد. لەلای هێندێک سەرۆک عەشیرە هەتا پیاوی حکوومەتیش بێ ئیزن هەقی چوونە ژوورو دانیشتنیان نەبوو. ئەو وەخت عەشیرەتەکان هاتوو چوویان بە ئەسپی سواری دەکرد (یەکسم). ئەگەر ئاغا سەفەری دەکرد چاپەز یان باب نۆکەر کە لە لای ئاغا خۆشەویست بوو بەر لە وەی ئاغا دابەزی بۆ ئەوەی جڵەوی هەسپی ئاغا بگرێ لە پیش ئەوەیدا دادەبەزی. هەروا لە کاتی گەڕانەوە هەتا ئاغا خەریکی ماڵ ئاوایی دەبوو نۆکەرێک هەسپەکەی بۆ دەهێنادەرو دەستە جڵەوی بۆ بە سەر قەڵپووزی زین دادەکرد کە بەبزیدا شۆر دەبۆوە دەستەکیشی هەر بەبن جڵەوی ئەسب وەبوو لارکێفەکی دادەگرت هەتا ئاغا خۆی داویشتە سەر خوانی زین . نۆکەریک وەپیش دەکەوت پاشان غولامەکان. هێدێک ئاغای شایی بە خۆ ڕەختی زێوکفتیان لە هەسب دەدا، حەگالیان پێوە هەڵداوەسی. نۆکەری شپڕێوو ناپۆشتەیان ڕانەدەگرت کە زینو سەرکەلەو دەسکە ڕێشمەو تەنگەو پالوو تەرلگی ئەسبەکەی کۆن بوایە، ئیشی ئاغا فیزوو حوکمڕانی بوو بەڵام هێندێک غولام لە ئاغا کان کۆکو پۆشتەو بە پۆزتر بوون. ئاغا لە ساڵدا بۆ نۆکەرەکان دوو دەست کورتەکو پانتۆڵو پێچوکڵاوو پشپیندو پێڵاوی دەکری، جلوبەرگی خۆی بە چاپەز دەدا. ئاغا بۆ ئەمە جلەکانی بە قەڵافەتی پیاوەکان بێتەوە گەورەو فشو فۆڵی بەدروون دەدا. ئەگەر ئاغا برای هەبوان ئەوانیش جلو بەرگی خۆیان بە هۆی غولامەکان فشو فۆڵ بەجلک دروو ڕادەسپارد. ئەو سەردەم کورتەکو پانتۆڵی کوردی مرادخانی بە ئەنگوچک (سۆرانی) بوو. لە هێندێک ناوچە پەستەش لەبەردەکرا (پەستەک). پشتێندی پەشمینەی حەسڵ پێچو شەدە یان پارچەبوو. کچەگەلی گوندی زۆر جار ڕیشووی پێچی ئاغاو غولامەکانیان بۆ با،دەدان. بەڵام ئەمە لەسەر خوازیاری خۆیان بوو. هێندێک مرۆڤ خەنجەری دەسک سپی ماهیان لە بەر پشتێند ڕۆ دەکرد،

تەزبێحیان لە دەسکە کەی دەهاڵاند (ڕەحمەتی کویخاعەوڵای ئاڵیاوێ بابی هونەرمەند مامەند قادری جوانەمەرگ) بە خەنجەر قیت دەناسرا.
ئاغاو غولام لە گوند لە سەرجەم دانیشتوان کۆکو پۆشتە تر بوون جگە لە فەقێو مووستەعید کە یەکجار بە خۆدا دەهاتنو لە کاتی دەور کردنەوە لە بێڵای مزگەوت (وەلی بابایان) دەگوت: هێندێک سووختە دەتگووت شەمامەن، گۆیەندەش کە پییان دەگوتن (قام بێژ) جلو بەرگی جندیو دەق نەشکاو کەوشی بریقەداریان دەبەردەکرد، ئەوانەی کەیفیان بە خۆ دەهات بە کەوشو کاڵۆش پۆزیان لێدەدا. ئەو شایەرانەی گونداو گوند دەگەڕان لە ماڵی ئاغاوەت دەحەسانەوە. ئاغا ئەو هێند دەرچوونیان هەبوو بەشێک هەر ناوەکەیان بۆ مابۆوە. لە وەرزی هاوین زوربەی خەڵک لەسەربان دەخەوتن بەشێک لە سەربانی ماڵی ئاغاکان بەمێژرەو بوو(چواردەورەی دیواری لێ کێشرابوو) لە بەر پێشوولە (مێشە کوێرە) پۆپەشمێنیان بە خۆ دادەدا . وەرزێر کە دراویان نەبوو پەشەدان ساز دەن دەچوونە نێو قەفی پشتیندەکانیان .

(گوێزە گوێز)
لە مەر شیوازی ئاغاو کرمانج (ئەرباب ورەعیتی) پێویستە ئەو ڕاستیە لە بەر چاو ون نەکەین هەرکات ئاغای گوند حەزی لێبوایە وەرزێری لە گوند دەر دەکرد، جۆتیار دەست بە پووش بوو. یاسای کاتی شەرعیەتی بەم دابو نەریتە ناحەزە دابوو یانی لە ساڵبڕ دا کۆچو کۆچباری خەڵکی دێ بەر لە جەژنی نەورۆز دەستی پێدەکرد. دانیشتوانی گوند، وەک خۆ جێیی نەدەهاتنە حیساب. دەبوایە سەری ساڵ سەری خۆیان خویندباوە ئاخۆ دامەزراوەتنەوە یان بە قەولی بەڕیز کاک قادر عەبدی ڕسقیان هەڵقەندراوە. ئەگەر ئاغا ویستبوایە جۆتیار دەربکات کوێخای ئاوەدانی بەر لە نەورۆز پێی ڕادەگەیاند کە پێیان دەگوت:(جواب کردن) کە جێگایەک بۆخۆی بدۆزێتەوە بەڵام ئەگەر جۆتیار بۆ خۆی خوازیاری کۆچ کردن بوایە مەسەلەکە تەوفیری دەکرد. ئەگەر ئاغا دڵی بەو ماڵە وەبوایە لە گەڵ مەلای گوندو چەند ڕدێن سپیو کەێخودا دەچوونە ماڵیو دڵخۆشیان دەداوە. بەڵام سەرۆک عەشیرەت یان ئاغای زل لە کاتی ئەوهادا خەڵاتیان بۆ وەرزێر دەنارد کە بریتی لە ساکۆ (پاڵتۆ) یان کەوێوو پانتۆڵ بوو کە بۆی بە چەپەری عارەبەی دادەکرا. لە ئاوەدانی هەموو ماڵ گوێزە گوێزیان نەدەکرد بەڵام ئەگەر ئاغا مەراقی لێ بوایە شتێکی ئاسایی بوو، لە ئاخر ئۆخری زستان(ڕەشەمە) ئەو جۆتیارانەی کە لە لای ئاغا جواب کرابوون یان بۆ خۆیان خوازیاری کۆچ کردن بوون بۆ جێ جووت دۆزینەوە(ئیراد) وەناوچە دەکەوتن لە هەر کوێ دامەزرابوانە چەند عارەبەیان بۆ ماڵ بارکردن بۆ دەناردران. ئەگەر وەرزێر بە ئاغا قەرزدار بوایە دراوەکەشی لەلایەن ئەو ئاغایەی کە لە لای دامەزرابوو، بۆ دەناردراوە. ئاغای واش هەبوون کە قەت وەرزێریان دەرنەدەکرد. ئەوجۆتکارەی کە دەڕۆیی دەبوو بە دوو بنەکی تووشی گەلێک گیرو گرفت دەبوو، ماڵێک لەم گوندە بنەیەک لەو گوند، بۆ ڕەعەمەل هێنان، بۆ چاو لەسەر دەغڵو دان بوون، هەرەوەزی دێو لە بەر ئاو مانەوە دەجا ئەگەر گوندەکان لێک دووربوان بەیەکچەلی دەستە شکاوو کۆڵەوار دەبوو. هێندێک ئاغا پێکهاتبوون ڕەعیەتی یەکدی ڕانەگرن بۆیە دوایی ساڵی 1332ی هەتاوی کوودتای "شا" دژی مووسەدیق جۆتیارێکی زۆر لە ناوچەی شاروێران محاڵی مەهاباد پەرپوە بوون وەک تەرەکەمە کەوتنە ناوچەی شنۆو لاجان. خەڵکی شارویران ئەم تەوفیرەیان لە گەڵ ناوچەی شنۆو لاجان وپیرانو مەنگوڕاتی لی بەدی دەکرا، کە چاو کراوەتر بوونو لە کاتی پێویست وەدەنگ دەهاتن. هێندێک ماڵ لە گورگاوێ، نەڵیوان، ئاڵیاوێ، ناوقوران، سێبیان نموونەیەتی. ئەوسەر دەم ژیانی ئاسایی ڕەشایی (قەرەکان) یانی هەژاری دێ بە

چەتوونی تێپەڕ دەبوو چوونکە قەرە جووتی نەبوو زەوی نەدەدرایە، کاریش نەبوو هەتا بەنانو زگ. هێندێک ماڵ جەژن وە جەژن پڵاوی سەلەیان لیدەنا، دەنا هەر ساوارو پەڕشو بروێش بوو ئەویش کۆتانەوەی لە دینگ یانی ئاونگی بەردین و دارینو گۆشت لە ناو دسکاونگدا.
زۆربەی ئاغاکانی مەڵبەندی دەشتەبێڵ، تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ، ناوچەی شنۆ سڵدووز، لاجان، دەوروپشتی مەهاباد بۆ کان، سەلماس، مەنگوراتی لە پارێزگای ورمێ کوردستانی ڕۆژ ئاوا لە کۆلکە سیوادێک بەدەر نەیان بوو. ڕێژیمی گەندەڵی حەمەڕەزا پەهلەوی گوێچکەی لە هەر چوار پاریزگای (ئوستان) کوردستان ئاخنیبوو هەتا ئەوکات کە "شا"داوای شارستانیەتی گەورەی دەکرد خەڵکی لادی ڕەشوو ڕووتو بێ ئەنوا بوون، نە ڕێگاو بان قیلەتاو کرابوو نە ئاوی بۆری، نە کارەباو نە نەخوشخانەو دەمو دەزگای لەش ساخیو تەندورستی هەبوو. جگە لەوەش نووسینو خوێندنەوەی زوانی کوردیو کتێبی کوردی هەتا دۆزینەوەی سزای قورسی هەبوو. ئوستانەکانی کوردستان برێتی لە: سنە،کەرمانشا، ئیلام، ورمێ، بە پاشکەوتووترین پارێزگای ئێران دەژماردران کە پیوانەکەی بەگوێری نووسینی مێژوو 124هەزار کیلۆ میتری چوار قولینجکە. هەتا ئەوکاتیش کە دەوڵەتانی ئاڵمانیەو ئینگیزوو فەڕانسە پێی قەرزدار بوون و"شا"فاکتۆری (کرووبی) لە ئاڵمان کڕی ژیانی خەڵک لەخوارێ بوو. محەمەد ڕەزا بە پیچەوانەی باوکی خوێنکاری وڵاتی فەڕانسەو لە زانستگای (سۆربن) دانیشنامەی وەرگرتبوو بەسەر زوانی ئینگلیزی دازاڵ بوو خۆی بەفرەزانا دەزانیو بە هۆی گەڕانو سووڕان بە دۆخی کۆمەڵایەتیو ژیانی وڵاتانی بیانی ئاگاداربوو لە مەڕ چۆنیەتی گوزەرانی خەڵکی ئیرانیش بێ خەبەر نەبوو. بەڵام نیسکۆڵەیەک لە فکری بەرێچوونی میللەتی ئێران دانەبوو خۆیو دارەو دەستەکەی وەک باندێک سەروەتو سامانی نەتەوەکانی ئێرانیان لە تەخشان پەخشان دەدا. هەر لە ناتۆر دا پێشکەوتوییو ئازادی نەتەوەکانیان لە لا بێ کەلکو بێ قیمەتوکەم بایەخ دەزانی. لە سەر ئەو حاڵەش را کە بە دوو چاوی زەق دەیدی کە دانیشتوانی ئێران تایبەت میللەتی کورد لە چوار ئۆستانی بن دەستی ئێران لە هەموو تشت هەتا لە ژیانی ئاسایی بێ بەشە بۆ ڕووتاندنەوەیان دەیان پێگەی نیزامی لێ سەقامگیر کرد بوو. قوماندارەکانی(ژەنەڕاڵەکان) دزوو ڕەگەزپەرستو دەمار گرژو بەرتیل خۆری بارەگاکەی دەنارده کوردستان کە میللەتی کورد بکڕووسنەوە. لە ڕاستی دا کوردستان لەلایەن ئەفسەرەکانی بن هەنگلی :شا" بەکرێ درابوو کە جولبەندی خۆیان لە ماڵی کوردان مڕ دەن، هەنۆکەش لە ڕێژیمی خوێنمژی ئاخوندی کە میراتگری پاڵشایە هەر ئەو تاسو حەمەو پیلانە لە سەر ڕا چەند پات دەبێتەوە. ئەو چاخ سنووره دەستکردو داتاشراوەکانی چاڵدران 1514ولۆزانی 1923 تەژی لە پێگەی نیزامی بوو شارەکانی بن دەستی ئێران پڕ لە عەسکەرو ژاندارمو پاسگاو پادگانو مۆڵگە بوو. هەر وەک ئێستا سارولڵەو پاسدارو بەرەللەی کۆماری ئیسلامی تێیدا بیخی خواردووە. لە سەردەمی دووروو درێژی بنەماڵەی پەهلەوی هەموو مووچە خۆرو دەستو پەیوەندەکان پاشا گەردانی ناوچەکانیان راستەوخۆ بە دەست بوو کە سنووری بۆ دانەنرابوو. هەریەک لە سەر کورسی دەسەڵات بۆ خۆی قانوون بوو کە خەڵک لە دەستیان وەزاڵە هاتبوو دەغەزار ببوو. هەر وەک لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ولایەتی فەقیە لە سەرووی قانوونە. ئەوکات کوردستان بە هۆی چەوسانەوەو تەنگەژەی ژیان دەراوی ئازادی لێ بەسترابوو بەرکازەی دێمووکراسی لە سەر گاڵە درابوو. بەڵام ئەوانەی هێندێک راپەڕینیان دەهاتەوە بیر، وەک ڕاپەڕینی نەمر سمکۆ،کۆماری 11مانگەی مەهاباد، چێژیان لە ئازادی کردبوو بە دوایی تاسەی سەر بەستی عەوداڵ بوونو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران تەنیا ئۆرگانیکی نەتەوەیی بوو کە ناوی لە سەر زارو زوانان بوو. بەڵام بەکوچک وەدانی قەرەمەشغەڵی قەڵاشکەری هەستی نەتەوایەتی لە لای ڕێژێم بێ وچان نێڵ دەدراو ئەوهەی ورتەو سریوەی لەبەر هاتبوادەر لە گوێچکە سڵی ساواک(ئیستخبارات) دەرچوونی نەبوو. ساواک

ئەوها زەختی خستبوو سەرخەڵک کە هەموو جمو خۆڵەکی سیاسی بەکردەوە بەرە بوست کردبوو، ڕێژیم ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتی پتەوتر دەبوو. (پاشا) هێندێک ئیمام جومعەو سەرۆک عەشیرەتو شێخی لە باوەش گرتبوو، ئەوهەی کە قامیشیان قووت دابوو (چەکمەرەق) ببوونە سیرمەخۆر، ئی بەرەللە لە شارەکان کە ببوونە وەرگیرکەی ساواک کەم نەبوون دانیشتوانی دێ بەسەرجەم بێ دەسەڵاتو هەژار بوون، جۆتیار نەیدەتوانی بە هێزی شانوو ملی وەرزا لە پێنج شەش هێکتار زیدە زەوی داچێنیت. زوربەی زەوی بۆرەو بەیاروو چڕگەنو زورکو زۆنگ بوون. هێندیک ئاغای زەنگین خاوەن کۆتانو دوو سێ جووتی کەڵان بوون. هێور هێور دێمەکاریش ڕەنگو ڕووی کێڵگەی بە خۆوە گرت. پەیدا بوونی تراکتۆر لە1335ی هەتاوی گۆڕانکاری بەدی کرد، بەڵام کڕینی تراکتۆر بەو فۆڕمەلیتەی بۆیان دانابوو بۆ کەم کەس بووزی دەخوارد شریکەکانی دەوڵەتی بۆ سەودای تراکتۆر بەگشتی لە هەموو شارەکان لە دەست عەجەمان دابوو هەتا 1342 تاقو لۆق لە ئاغاکان بۆیان هەڵسووڕا تراکتۆر بکرن ئەویش ئەوکەسانە کە هەستیان بە بەرهەمی دێمەکارکردبوو. لە مەڵبەندی سلدووز جگە لە ئاغاکانی قەرەپاپاخ ئاغاکانی وەزنە، حەڵبی کۆێک ملیان لە بەر دێمەکار نا، بەڵام عەجەم لە ژێر
داکۆکی ساواک خێرا وەسەر پێ کەوتن وبە ناوی وەرزێر سەدان هێکتار مڵکی کوردستانیان بەناو تاپۆ کرا. ئەو زەمان وڵات ئەوها هەڵنەچۆرابوو جێ جۆخینو پاوان گیادرو، جاڕ، سەرەوەند، بەرپاڵ، داوین چیا، نیسار هەموو بژوێن بوو ماڵات هەر دەمی لە هەرد خشاند بوایە تێر دەبوو. هەموو ئاست شێناورد بوو. خەڵک لە ڕۆنی سروشتی کەلکیان وەردەگرت (خۆماڵی). ڕۆنی گیا بۆ چەورکردنی پشتی مەڕو ماڵات (بۆ زیندو کوشتن)دەکار دەکرا. هەموو ئاوایەکان چەند قات زیدەتر لە بەشی خۆیان جێ گارانو مۆڵگە یان هەبوو زۆر گوند وەبن زنەو قۆپیو قامیشەڵانو زەمەندوو جەگەن کەوتبوون. چیاکان نزماییو بەرزاییان تەژی لە داروو باروو جەنگەڵو لێرەوار بوو زۆربەی لێرەوارەکان داری بەری بوون وەکوو هەنار، کرۆسک، سیو، بەڵاڵووک، هەنجیر،هەرمێ ،ترێو مازوو قەزوان بوون...لە وەرزی بەهار ناوچەکانی کوردستان بریتی لە پێدەشتو کەژوو چیاو شێوو دۆڵو زەندۆڵو پانکەو بانوو زەنویرو چەختو زەردو ماهوو هەڵدێر هەتا کەندوو لەندو ترۆپو قیتەکی شاخەکانی بە گوڵی خۆرسک دەخەملێنو دەتگوت بەهەشتە دیمەنی کوردستان ئەو هێندە گەشو دڵڕفین بوو وەک بووکێکی ڕازاوە دەچوو کە چ نەقاشێک نەدەشا ئەو بیچمەی بخاتە چوارچیوەی تابلۆی خەیاڵ.

(قسەی خۆش با ون نەبێت)

هەرچەند خەڵکی کوردستان بێزیان لە جاشوخۆ فرۆشو خۆ دۆڕاو هەڵدەستێ وبە کۆ تفوو لەعنەتیان لێ دەکەن بەڵام بە گوێرەی ڕۆژ لە ژێر قەمچی داگیرکەرانی کوردستان مەجبوورن بە بەڵێ دەمکوتیان کەن دەڵێن ڕۆژیک یەکێک لەوان بەناوی حاجی مستەفای قادری بۆ وەکۆ کردنەوەی دەنگو مەگیرانی کورسی نوێنەرایەتی مەجلیس کە گونداو گوند دەگەڕێ ریێی لە گوندی پەسوە دەکەوی، لە کاتی قسەکردنو خۆهەڵمسانو درۆو دەلەسەو فرماندن برادەریکی چاونەترسی بەکەڕامەت بەناوی سەید برایم لە پێش هەمووکەس دەستی هەڵدێنێ ودەڵێت ئەمن دەنگ خۆم بە حاجی دەدەم ! خەڵک هەموو سەریان سوڕدەمێنی، بەڵام ناوبراو دەگەڕەتەوە ودەڵێ دەزانن بۆ !؟ پاشان هەربۆ خۆی جوابی خۆی دەداتەوەو دەڵێ: وەک دەزانن جاری بەرێ دەنگمان دابەحاجی مستەفا قادری کە ئامووژنی خۆی هەڵگرت ئەوجارەش دەنگی خۆمانی دەدێنێ بڵکوو خوا حەزکات دایکی خۆشی هەڵگرێ!

(خەڵکی دێ)

خەڵکی دێ شەو ڕۆژ بێ نێوەدان ڕەنجیان دەکێشا لە کوێرە وەریو ماندوو هیلاک دەبوونو دەشوغلێن لە منداڵی هەشت ساڵانە بگرە هەتا پیری پەک کەوتە. کەسێک نەبوو ژەمێک پشوو بداتو بحەسیتەوە. وەرزێر لە وەرزی زستان کە کاتی وچانە لە کاری مەزرا دەبۆوە دەکەوتە پێڕاگەین بە گاو گۆل بەو ساردوو سیاقە کە تفت هەڵاویشتبوایە دەیبەست خەریکی تفاق لەبەر نانی مەڕوو ماڵاتو تەویلەو ئاخوروو ڕێگاو بان ماشتن، بەفر فڕێدان، وەرزا لە خاو گرتن، ڕنەکو قاشاو بوو، ڕۆژێ دەیان خەشەو ساقۆڕ گیاو کای دەگوێزتەوەو دەجا ئەگەر لەهاوین داجۆتیان دەکرد، کلۆشیان دەکیشا، بییخنوگاڵیشیان لیدەدا، مەڵەغانو درمغوشنەیان دەکرد، خۆیانیان وەردەگێراو هەڵداویشت، ماسوولکەی دانەوێڵەیان لە کاو کۆتو کوێزرجیا دەکردەوە، کۆی خۆیانیان لە داشگیرو بێژێنگو سەرەد دەداو باڵەکەویان دەکرد، چەتو چاڵو چۆدانو زیوانو گلێرەودارو جانو نووسەکەو قەرەجەیان لیدەگرت، یان کوو لەکەڕخی ترپانو داس ئارەقەی ڕەشو شینیان دەداو دایمو دەرهەم هەسانو زوورەو چەکوچی مەڵەغان کۆتانەوەیان پی بوو، یان گیاو وێنجەیان دەدروو خۆڕمیان دەکردە باقەو، باقەبێنیان دەهۆندەوە ،شەوانە لەبەر ئاو دەمانەوە یان باراشیان دەبردە ئاش، مۆرەی دیواریو سواخو ئالاش هاوێشتنە سەربانو بەشدار بوون لە هەرەوەزی ئاغایو جێ شکارتە خۆشکردن بۆ ڕەشایی، کاری ماڵوو بەرهەڵێخی دیوار، گرتنی کەلێنو قوژبن دارە ڕێو خەسارە. جگە لەو وەرزێرانەی کە چەڵتووکیان دەچاند کە پیویستی بە برنج لە باسترخە نانو داچاندنو ئاوی پاستاو تاڵخۆش بوو. جڵەو قەوزە بە سەر شیلەگە مارەگوێز ڕاگەینو لە چەنبەرو لەخوونەدانی هەتا تەپاندنەوەی. دەجا ژنەکانیش قەت ڕانەدەوستان جگە لە ئیشی ناوماڵ مانگا دۆشین، شیر کولاندن، ماست هەوێن کردن مەشکە ژاندن، قاپوکەوچک شووشتن، میوان بەڕێکردن تەندوور هەڵکردن نان کردن، ڕفێدە چنین، سەرشیلکە سازدان، کەشک گرتن، هەرشتە بڕینەوە، بەروپێڕک ڕازاندنەوە، هێندێک ژنی قۆچاخو دەست ڕەنگین تەونی جاجم، بەڕماڵ، مافوورە، بەڕە، لاکێش، چنینی گۆرەوی زەنگاڵو سەرکلاوی مەرەز یان تفتیکیان بەدەستەوە بوو. ئەگەر نان کەر لە وەرزی زستان وەک پشیلە جێگای گەرم بوو لە قرچە قرچی سوورەتاوی هاوین لە بەر تەندوور بۆ نان پێوەدان لە ناو کڵی جەهەنەم دابوو. هەموو ڕۆژێ دەبوایە تەندووری هەڵکربوایە جۆتیار کە ماندوو مردوو دەهاتەوەو ماڵ برسیو شەکەت حەوجی بە ڕووخۆشی کابان ماڵو چێشتی گەرم بوو. بۆیە دیزەی لە پەی شۆرباوحەوجۆشی ئاوی گەرم بۆ چایی هەمیشە لە تەندوور دابوو.

ماڵە بەلەنگازو هەژار لە جیاتی ئیسکانو ناڵبەکی لە قرۆشکە دا چایان دەخواردەوەو بە دەگمن گۆشتیان بۆ دەکردرا هەرشۆربا لەپە بوو. لە سەر ئەو حاڵەش دابو نەریتی ڕێز لە میوان گرتن لە کوردستان هەر بەردەوام بوو. کەم مال هەبوو کە بی مێوان بوایە هەموو ڕێوو بوارێک بۆ ژەم لایدەدا گوند لە گەڵ ڕێزوو حوڕمەتی ئەو خەڵکە روو بە روو دەبوو. ئاوەدانیو بەرەکەت ڕێزوو قەدرو حوڕمەت هەزاران ساڵە نەگۆڕاوە. خێزانی بەلەنگاز دەبوایە سبحەینای تاریکوو روونی بەیانی وەخەبەر هاتبوایە، گەڕەک گەرەک گەوتبوانە شوێن گاوو گۆلی ماڵاتی گاران ڕێخەکانیان کۆ کردباوە،کردبایانە دەوە، لە بەر تاویان هەڵێخستبواتە دوایی هێندیک کزربوون بەرەو پشتیان کردباوە، لەبەر تاو پیکیان هەڵپەساردبوایە هەتا ویشک دەبوو پاشان لە قەڵاخیان دەدا. ئەوانەی کە خاوەن پەز بوون کەمرەیان دەبڕیەوەوکشپلی مەڕو بزنیان وەکوو پیش ئاگر (دەستەچیلە) بە، بەر تەندوور دادەکرد. ناو گوند بەردەرگای هەموو ماڵێک کۆفەکوکۆی پەین بوو کە دژی لەش ساخیو تەندورستی بوو. لەوکەشو هەوایەدا محەمەد ڕەزا"شا"لە هەندەران بە پێشکەوتوویی ئیرانی هەڵدەگوت، کووتە خورەکانیش زوڕنایان بۆ لێدەدا ئاغاکانیش خەریکی حوکمات بوون. لێرە مەبەستم ئاغای بەسامانو تێرو پڕە، دەنا سوێندوو لە جیاتی ئاغای هەژارو

چەکمەڕەق بۆ دەخۆم کە جگە لە نانی ئاسایی عەزراباتیان نەبوو بەڵام تەنیا بەحوکمات لەسەر چەند وەرزیری ڕەشو ڕووت پشوویان دەهاتەوە بەر، بازێک ئاغا گاوو گۆڵو کەتە پەزیان هەبوو بە شوانکارەبوون ئەوە شانسی دانیشتوانی ئاوایی بوو، چونکە ئاغای زەنگین تەماحی بەخێو کردنی لە ڕەعیەت نەدەکرت هەتا ئاوڕی وەدەروو جینارانیش دەداوە، بەڵام ئاغای دەست تەنگونەبوو کاری ڕووتاندنەوەی خەڵک بوو، هەتاچاوی لە ڕۆنو پەنیروکەشکوماستو تەنانەت ژاژی وەرزێر بوو. بەڵام بە چاوێک ڕوانین دوور لە ویژدانە چوونکە ئی واش کەم نەبوون کە لە سەر دەست کورتی خۆیان لەتە نانێکیان لەگەڵ هەژاری گوند لە قاپێک شۆربا دەکووشی. دەجا چاکەو خەراپە، مرۆڤاتیو نامرویی، جوامێریو ناجوامیری لە چ بەرەبابو بنەماڵەوعەشیرە سەرجەم نیە.

(ماست گرتن)

لە وەرزی پاییز کە مەڕدەهات شیر ویشک بکات ئاغاژن دەکەوتە فکری ماست گرتن بۆ وەرزی زستان، بەم هۆیەوە شیری مێگەلە مەڕێک یەکچەلیو یەکجێ کۆ دەکراوە. پاش کوڵاندن لە مەنجەلی زنجیر داردا هەوین دەکراو دونگیان قاڵ دەکردو لە سەریان ڕۆ دەکرد. بەمجۆرە لە زستاندا ئاغا ماستی پەزی لێ نەدەبرا. ئاغای بە سامان بە میوانو بێنەو بەرو بوون دەستو پیوکارداریان زۆربوو، نانکەر،قەرەواش، لەلە، شوانکارە، سەرشۆر، بیری، مەیتەر، سەرکارو بەرکار فلانو فیسەرانیان گەلێک بوو. دەرچوونیان بە لیشابوو هەموو ئەو کەسانە ڕاستەوخۆ براتیان لە ئاغا وەردەگرت. هێندێک ماڵە ئاغا بۆ زستان لاچەژ(مورەبایان ) دورست دەکرد، چەند سەوە ترێ دەپشاوترا چەند قەرتاڵە بێ قەڵتو بڕ دەکرا. ئاغا ژن بۆ یارمەتی لە گەلێک خەڵکی گوندی دەگێڕاوە وەک هەرەوەز یان دەستەوا. ئەوهەی کە دەهات بەشی خۆی پی دەبڕا . ئەوچاخ ماڵی ئاغاوەت زوربەیان قەڵیەیان دورست دەکرد. بۆ قەڵیە سێ چوار شەکو بەرانیان دەکوشتەوە. پیل پیلیان دەکردن. دوایی سوور کردنەوە لە ڕۆندا لە کووپەی چوار هەنگڵیان دەکرد. تامی شۆرباو قەڵیە لە گۆشتی تازە خۆشترە. قیمەش کە لەپەی دەبەر دەکرا لە بازێک ماڵە ئاغا وەبەر چاو دەکەوت کە بۆ دانی سبحەینە یان قاوڵتوون بوو.

(شێوازی ئاغایەتی)

سەرۆک عەشیرەیان ئاغای خاوەن چەند گوند هەریەکە 12نۆکەریان ڕادەگرت جیا لە میراو، پێتاو، کوێخا، خەڵاتو بەراتیان بەگشتی ئاغا دەیدانێ، هەر غولامێک جگە لە جلو بەرگو خواردەمەنی دەبارگەنم بۆ زەوەر سێ بار جۆ بۆ ئالێکی ئەسب دەدرایە. سێ جەمەش لە دیوەخانی ئاغا بوو. زۆر قوڵە ئاغاش کە بۆ نانی شەو موتاج بوون کابراگوتەنی تولەیان دەبردنە ڕاوێ وەک لاساکردنەوە دوو سێ نۆکەریان رادەگرت. زوربەی ئاغاکان پێیان عەیب بوو لە دووکانداری شار کە سەودایان لێدەکرد حەساب بکێشن. زۆرجارحەسیری خورمای 16کیلۆیی کە ئەوکات بایی 45قران بوو یان تەنەی دۆشاو بە قەرزی سەرخەرمانان بە(150)تومەن لەسەر ئاغا دەنووسرا. لە وەختی ئەوهادا کوانی دووکاندار خوداو وێژدانو کەڕامەتی لە بەرچاو دەگرت. یەکیک لەو ئاغایانە حەمەدەمین ئاغای شیناوێ بوو. ناوبراو لەگەڵ قەرەنی ئاغای پیران لە سەر ملکی (شیناوێ) کوتبوو بەریەک،کە داوەکەیان لە دادگوستەری زێدە لە بیست ساڵی خایاندو دابەزینی قانوونی دابشکردنی زەویوو زار لە1342ی هەتاوی بەم کیشەیی دوایی هێنا.

حەمەدەمین ئاغا وەبن قەرزو قۆڵو سووتو سەلەم کەوت. دووکاندارەکانی پیرانشار (خانە)پیی خەنی بوون. هەموو شتوومەکیان بە چەند قات بۆ گرانتر لە دەفتەرەکانیاندا نووسیبوو جگە لە نزول. لە ساڵی 1345ی هەتاوی ناوبراو لە گەڵ مام ڕەسووی عەبدول سەمەدیو سەید شێخ محەمەدی زێدان لە سەر قەرز کەوتنە زیندان. ئەو کات بەپێی یاسای ئیدارەی تاپۆ(ثبت) خاوەن قەرز دەیتوانی دەیندارەکەی ڕۆژێ لە بەرامبەر 22قران دا ڕاگرێت. کاتێک ئەو ئاغایانەیان بۆ زیندانی تۆپخانەی ڕزائیە(ورمێ) هێنا ،نووسەری ئەودێرانە لەگەڵ هاڤاڵانی لە زیندان بوو. بەوکەسانەی کە لە سەر قەرز دەگیران پێیان دەگوتن حقووقی. زیندانێک کە تەژی لە گرتووی جۆاروجۆر بەشێک سیاسی بوو. ئەوان ڕۆژێ لە بەرامبەر 22قران زیندانیان دەکیشا، کەجارچی لە پشت بڵیند گۆ ئەوهای بانگ دەکردن یەکجار بەخۆدا دەشکانەوە. ئەو وەخت چایەکی شیری لە قاوەخانەی حەوشەی زیندان بایی 5قڕان بوو. ئەوان هەر یەکە بەو معاشە چوار چای شیریان پیدەکرا.

(دابی ئاغاتی)

گەلێک ئاغا لە سەر ئەوەڕا کە خاوەن چەند جووتو کۆتان بوونو بەرەجووتیان لە هەموو وەرزێرەکان پتر بوو، هەرەوەزیان بە شتێکی مفت دەزانیو ئەو ئاغایانەش کە جووتیان نەبوو گەنمو جۆیان لە پەڵەیەک زەوی بە هەرەوەز دادەچاندو کۆ دەکردەوە. مەلای ئاوەدانیش جاروبار ئەو ئارەزوەی بە جۆتیار جی بەجێ دەکرد. زکاتی مەلاو ئاردووی مزگەوت بەپێی فتوای مەلا ئەرکی ئاغا بوو کە لە جۆتیار بستێنێت.

(ژیانی جۆتیار(جووتێر)

کیژوو کوری لادێ لە بەر سوورەتاوی هاوین ڕەنگی چروچاوقاچ ودەست وپەنجەیان یەکدابەدوو بلۆقی دەکرد پۆرگی هەڵدەدا. لاق ولەتریان دەقەڵشی گەوەی قامکیان شەقار شەقار دەبوو. بژار کردن تووتن هەڵبڕین، نۆک هەڵقەندنەوە، چەوەندەر سەرو قوون کردن، تەپاڵە کۆ کردنەوە. هەموو پەنجەکانی پێیان دەکالۆشی جیڕ دا بۆگەن دەبوون. لێویان باری دەگرت ددانیان کڕێژاوی دەبوو. کرمی دەکەوتێ . هەربۆیە بە لاوی وەک داری کرمێ گەندەڵ کلۆر دەبوونو لەبەر نەچوونە حەمامو چڵکو چەپەر کرێژ نەدەناسرانەوە. منداڵی گچکەشیان دەنارده بەر بزنو کاریلەو گۆلکو قازو عەلەشیش. بە جلو بەرگی شڕو دڕو پێ خاسو ئانیشک بە پینە. دووکاندارەکانی گوند زوربەیان پیسو پەڵۆس بوون. مێوژ، دۆشاو، خورما، سنجوو، تەژی لە تۆزوو خۆڵو ورکە بەرد بوون. هێندێک کوردی ناوچەی هاورامان خەمیسیان دەفرۆشت (ئاردەتوو) بە کەچە کەوشو کۆنە کاڵەیان دەگۆڕیەوە. پێیان دەگوتن (هینەکە)، منداڵی دێ لە سەر جۆخین بن خویانیان بە لەپی دەست دەماشتوبە فووخاوێن دەکردەوە بەم جۆرە شتانەیان دەدا.

(سەر کاری شەقڵ)

لەو کاتەوە کە ماسوولکەی دەغلو دان وەدەر دەکەوت گزیری ئاغا سبحەینەو ئێواران شەقڵی دەکرد. هەموو ڕۆژێ بەر لە گزنیگ بەسەر شەقڵەکاندا دەهاتەوە. شەقڵ بۆ وەبوو نەوەک وەرزێر لە کۆ یان لە خۆیان یان لە ماسوولکە بدزێت. بەڵام خۆ شەقڵ دورست کردن شتێکی سانایی بوو خۆتیار بە پووتێک گەنم

لە لای نەجاڕ شەقلی دورست دەکرد. بەڵام ئاغا هەر وای ئاقڵ پیدەشکا. هەر چەند زاکوونی ئاغا لە گوند زۆر بوو ئەمما بازێک جار گزیرو وەرزێر ڕێکدەکەوتن (پێکدەهاتن) لە تۆزێ پۆزێیان بۆ ئاغا نەدەهێشتەوە، جۆتیار سەرلەبەیان دەستی بە گێژەو خۆیان دەکرد یان هەڵیداوێشتو وەبەربای دەدا، لە کاتی خویان حازربووندا دەبوایە گزیری ئاغا لە وێ بوایە

لە دەکۆل دوو کۆل وەک مڵکانە بەجیا لەلایەک ڕۆ دەکرا. چاخی خۆیان هەڵگرتن لە خاوەنی ئەو خۆیانی کلۆشیان لە نزیک یەکتر بوو دەگیردراوە. بازێک ئاغا شتوومەکوکەلو پەلو حاجەتی ماڵیان بەپسوولە لە بازار بەساڵە وەخت دەکری، کە چەند قات گران لە سەریان دەنووسرا بەڵام بایی ڕۆژیان لە گەڵ وەرزێرحساب دەکرد. ئەمە گەوریی ئاغای دەنواندو یارمەتیەکی مەزن بەدانیشتوانی ئاوایی بوو بەڵام ئەوە کۆڵەی ئاغای دەکۆتا. لە ناوچەی شنۆ ڕەحمەتی مستەفاخان زەرزا کە قەت حەسابی لە گەڵ کەس نەدەکرد، ئەگەر وەزێر دەست کورت بوایە پارەکەشی وەرنەدەگرتەوە وەبن قەرزی سووتو سەلەمی خست لە1343هەتاوی "شا"یارمەتی کرد. بەڵام بە هۆی دڵۆڤانیو دەست بڵاوی هاتەوە سەر حولە مەرەسێ. خودا هەڵناگرێ ئەو سووتخۆرو سەلەمچیانەی دەست بە تەزبێحو سەر بە کەشیدەو کابە زیارەت کردوو کەربەلایی هەر یەکە دەقات زیدەتریان لێ وەرگرتبۆوە بەڵام نەوسی چڵێسیان بۆ ڕانەدەوستاو بڕیان نەدەشکاو چاوی داواکاریان هەرتیژ بوو. ناوبراوهەموو سیفەتی چاکو پیاوەتیو کوردایەتیو جامین گرتن لە هەژارانی لێ بەدی دەکراو لە سەر ئەو هەموو داهاتو مڵکوماشە کەلە 1355ئەمری خوای کرد تەنیا نیو هێکتار میشەی قەڵەمەی لە گوندی نەڵیوان لە پاش بەجێما. کەچی لە چاخی دابەزینی قانوونی ئیسلاحات ئەرزی (دابشکردنی زەویو زار) لە1342هەتا قوڵەئاغاکانیش چ بگا بەسەرۆک عەشیرە کەوتنە دەستوبرد هەر یەکە بەرە مەزرایەکیان بەناوی جێ جووت وەبەرخۆدا(مستثنیات). بەڵام ئەو هیچی لەکەس نەستاندەوە. هەر وەک دەست بەتاڵ هاتبوو دونیا هەر ئەوهاش بێ خەمو دەست بەتاڵ بێ پاشەکەوت بۆ بنەماڵەکەی ئەم دونیا بێ بەقایەی بەجێهێشت ڕوحی شاد بێ.

هەر واکاک فەتاح ئەمیرعەشایری سێڵوی کە خاوەنی پاژێک لە شاری نەغدە وچەند گوند وەکوو (بەربنە، زێوکەو ماشکان بوو بەسووت وسەلەم سوخت بوو لە بنی دەرنەچوو. هەر بەم جۆرە کاک سمایل کوری ئاغا مەجیدی ساوەجبلاخی کە خاوەنی دوو دانگ و نیوی شاری نەغدەبوو وکوردێکی یەکجار دڵسوز و هەژارگروجوامیربوو، سوکری کەوتە بەرکێردی سووت وسەلەم لە ئاکام دا لە1991ی زایینی کە هەریمی کوردستانی باشوور پێکهات ئاوای ئەو دیو بوو ولە لایەن پارتی ڕێزو حورمەتێکی زۆری لێگیرا. هەنۆکە دانیشتووی ئۆروپایە وەک پەنابەرێکی سیاسی لە وێ دەژی.

(چاو پێدا خشاندنیک)

لە شێوازی ئاغاو ڕەعیەتی دا خانووبەرەی دانیشتوانی ئاوایی ئاغا دورستی دەکرد. ئەگەر کەم کوڕی هەبوایە چاوەکی دیکەشی بۆ لێ زیدە دەکرا بەڵام ئەو بەناوچە فەرقی دەکردو شێوازەکە دەگۆڕا. لە بازێک ناوچە قوڕەکاریەکە ئەرکی وەرزێر بوو. ئاغا فەقەت دەرکو پەنجەرەو ئاڵەداری بۆ دارەڕێ دەدایە لە پاژێک هەموو شت لە ئۆدەی ئاغا بوو. خانوو بەرە لەئاوایی بریتی لە : مدبەق، تەویلە، بێڵا، بۆ خاوەن ئاژاڵ هۆڵ بوو. تەندوور لە مدبەق لە عەرد دەگیراو کولاوکەی مدبەق لە سەربان ڕا بە قەرا گەزیک هەڵدچنرا. کە دووکەڵ کێشی تەنوور بوو. کابانی ماڵ دیزەی شۆرباوی دوایی تەندوور دامرکان لە ناو دەناو بە سێڵ زاری دەگرتوکورسی لە سەر دادەنا. ئەوجار لبادوو حەسیریان لە دەورەی ڕادەخست. ئی ماڵی بە سامان لاکێش بەڕە، لبادی نەخشین بوو وپالینگدانیان ڕێز دەکرد هەموو پاڵیان ویدەدا. لێفە یان بەڕەیەکی

نەخشینیان بەسەر کورسی هەڵەکێشاو لەبنی دەخزان. لە وەرزی پاییز کۆلەکەی شاقەباخی مل درێژوو چەوەندەریان تێداویشت. جار وەدەبوو چەوەندەری باریکو ناسکیان هەڵدەبژارد یان ئی گەورەیان قاش قاش دەکردو پاکو خاوێن دەشوشتەوە لە کووپەیان دەکرد زاریان قوڕ دادەداو لە تەندووریان دەخست، پێیان دەگوت چەوەندەری بریانی. سبحەینان لە گەڵ نانو پەنیر دەیانخوارد.

(هۆدەی زێدە)
ئەوەندەی ئەمن وەبیرم بێ هەتا 1330 هودەی زیادی نەبوو دوایی هەموو ماڵێک هۆدەیەکی بۆ میوانان دورست کرد دەنا هەر مدبەق بوو. ڕایەخ هەر حەسیرو لباد بوو فەقەت خاوەن پەزو چادرو گاووگۆل، فەڕشیان هەبوو کە دەستکردی خۆیان بوو. جار وەبوو جۆتیار چەند کوڕو کچی هەبوو کوڕەکانی ژنیان هێنابوو منداڵیان لێ کەوتبۆوە لە سەر ئەوحاڵەش ڕا هەموو پێکەوە لە ژووری مدبەق هەر یەک لە بن لاپێچکەکی کورسی دەخەوتن. سەرشۆرکەی ماڵەکان ناخاوێن بوون بەشێک ئەویشیان نەبوو لە تەویلە ئاویان بە خۆدا دەکرد . جلو بەرگیان لە سوێنە دا دەشووت. نەقڵو نەزیلەی مەلای ئاوەدانیش لەولا ڕاوەستی کە دەبوایە بۆ کاری شەرع سەهۆڵیان شکاندبوایە. زۆرکەس ستڵەوجەم دەبوو دەمرد. بە شەهیدیان ناو دەبرد! دەجا ژیانی قوڵە ئاغاکانیش هەر چەپەکی لە بەرئەوان دابوو. مرۆڤ کە بیر لەو سەردەم دەکاتەوە وەک فیلم بە بەرچاویدا تێدەپەڕێو لە بەرامبەردا لە ژیانی خەڵکانی دەرەوەی وڵات دەڕوانی بۆ هەڵسەنگان هەر ئەوەندەی لە دەست دێ کە بە تف ڕووی ئەو ڕێژیمانەی خاوەرمیانە تایبەت ئێران سواخ دات ئاخر نەیاندەگوت حوکماتو فەرمان فەرمان لە سەر ئەوخەڵکە هەژارو بەلەنگازو بێ دەرەتانو ڕەشو رووتە بۆ جەنابی "پاڵشاو ئاغا ئابڕو بەرە نەبوو ! گوندی بێ حەمامو بێ دکتۆرو بێهداشت بێ قوتابخانەو بێ ئاوی بۆریەو ( بێ لوولەکەشی). لەسەر ئەوەش را باجو پێتاک بدە، بە، بەرتیل ژاندارم لە کۆڵ خۆت وەکە، ئەرکی بێگاری ئاغاو دۆدی بۆدی مزگەوت بەراتی مەلاو کۆلانە، ئەعەلاحەزرەت"شا" لە هەندەران دەیگوت : ئێران دوورگەی ئاسایشو ئارامیەو سەرانەی خەڵک چەندەو چەندە! بیرەوەریەکانی عەلەم وەزیری بارەگای محەمەد ڕەزا کە دەورەیەکیش سەرۆک وەزیران بوو هەنوکە لە دەرەوەی وڵات بڵاو بۆتەوە تەژی لەو تورەهاتانەیە، ئێستاش دەستەوپەستەی دەربارەکەی پاش 28ساڵ بە بەژنو باڵای "شا: هەڵدەڵێن. هەروەک باندی کۆماری ئیسلامی، کۆتەخۆرانی ولایەتی فەقیە ئەو درۆو دەلەسانە بەکاوێژ چەند پات دەکەنەوە. ناڵێن ئێران کراوەتە بەندیخانێکی گەوەرەو خەڵک تێدا دەست بەسەرو دەم هەڵدرواوو پێنووس شکاندراون جگە لە سێ ملوین هەتڵەو پەروازەو هەڵوەدای هەندەران بوونە. بە هەزاران کوژراونو بە هەزاران لە گرتووخانەکانی بە ناوئیسلامی لە ژیر ئەشکەنخە دان.

(ئاغاو تووتن)
زوربەی ئاغاکان حەزیان لە چەقاندنی تووتن دەکرد، هەڵبەتە تووتنی دەوڵەتی کە بە پیچەوانەی گەنمو جۆو شەدانەو ماشو کزن پەڕش هتد... بەرهەمەکەی لە گەڵ خاوەن ملّک نیوە بە نیوە بوو. وەرزێر لە تووتن چەقاندن کە منداڵی زۆر بوایە باشی ڕەعەمەل دێنا. لە ڕاستیدا تووتن دەستی کۆمەگی دەویست .چەقاندنو کۆکردنەوەی یەکجار چەتوون بوو. لە پێشدا دەبوایە شتل چاندرابوایە، کە دەچاندرا دەبا پووشکە یان چرپیان بەسەر دادابوایەو ئیوارەو سبحەینان بە سووسەپان ئاو درابوایە. ئەگەر جی شتڵ لە بەر چاو نەبوایە پەرژینیان بۆ لە شوولکو پنچک بەدەوریدا دەکردە پاردە، هەتا مریشکو جوجکەو چوارپێ وەناوی نەکەون. کە شتڵ بەژنی دەکرد تەختە تەختە پووشکەکانیان لە سەرلادەبردو نەختە نەختەو چین

چین هەڵیان دەکێشاو بۆ چەقاندن دەسک دەسکو چەپک چەپکیان دەکرد، بەڵام دەستوجێ دەبا چەقاندرابا، دەنا ویشک دەبوون، هەڵبەتە برایێ عەردیان بۆ خۆش دەکرد. هەموویان دەکردە دێراو دێراو. کاتێک فەعلە دەهاتنە سەر زەوی ئاویان بەردەداوە نیو دیراوەکانو ژنو منداڵ خەریکی شتل چەقاندن دەبوون بەقامک شتلەکانیان لە بن عەرد ڕۆدەکرد قوریان وەپشت دەدا هەتاکوو ڕاست بچەقنو کوڕ نەبنو کوێرەی نەکەن. چونکە ئەگەر لارەمل ببان زەرد هەڵدەگرانو ویشک دەبوون کە دەیانگوت بواردویەتی دەبوایە سەر لەنوێ جێ بواردراوەکان شتڵی تێ هەڵچەقاندراباوە. ئەمە سەرنج ڕاکێشە کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بن دەست ئیران کە "شا" هێندە بەخۆی دەخوڕی دەیان سەماکەریشی هەبوو خۆی لە قەپانی ئامریکا ڕادەگرت، ئەوەش شیوازی کاسبی یەکەی بوو کە ئامرازو کەرەسەی زەڕاعی بۆ سەردەمی کۆیلە فرۆشی دەگەڕاوە بەڵام وڵاتێکی ساوای وەکوو ئوسترالیا کە تەمەنی (220) ساڵە ئەو شتانە هەموو بەپیی تێکنوولۆجی بەڕیوە دەچیت. ئەگەر هەڵ برخسێ لەجیی خویدا وەک هەڵسەنگان ئاماژەیەکی کورتی پیدەکەم.

(دەردوو بەڵای کاسبی)

یەکێک لە بەڵای دەرەقەت نەهاتووی ئەوکات بۆ جۆتیار (کەڵە) بوو کەبە(گورگەش)ناویان لی دەبرد. ئەو زەویانەی کە زنە بوانە کەڵەیان دەکەوتێ، یان بازێک وەخت تووتن شیرنەکی دەگرت، یانی گەڵایەکان دۆکی دەگرت کە وەرزێر رەنج بەخسار دەبوو. زەوی زنە پێویست بە زنەکیش بوون کە ئاوەکەی لێ هەڵدەچۆراند پێیان دەگوت کارێز. ئەوجۆرە مەزرایانە بۆ کاسبی تووتن نەدەبوون، دۆکی پێ دەێنا. کاسبکاری بەئەزموون دەیزانی کامە زەوی بۆ تووتن باشە، هێندێک زەوی بە(نیە) بوون لە تەڕەساڵدا وەسەر ئاو دەکەوتن دەبوون بە(قۆپی) قامیشو کاڕوشیان لێ شین دەبوو وەبن زەمەندو جەگەن دەکەوتن. دەجا کە تووتن لەو قەزاوبەڵایانە دەربازی دەبوو وەک قەوزە گەڵای شینی دادەڕشت، ئەوکەڕەت هەرەسیان دەکرد یانی گوێچکەیان لێ دەدا، ئەویش نەک بە هەڕەمە بە لێزانیو پسپۆری، وەرزێر لە تووتن چەقاندن دا لە ژیان دەبوو. ئەرکی ئاغاش سووکو هاسان نەبوو چونکە تووتنی دەوڵەتی پێویست بە تاڵوار بوو. کە پارەکی زۆری تێدەچوو. پێوستی بە واگوون فڕخوونو شیشەو شەقڵە بوو. بەرزایی دیواری تاڵوار دەبوایە بە قەرا هۆدەی دوونەهەم بوایە کە بۆ جووت بەندەکان چاوە چاوە دەکراو چاوەکان لە یەکتر جیابوانە. چونکە لە ناوچاوەکان فرخوونوو واگوون ڕادەچاندرانو چەپەریان دەخرانەسەر. دەبوایە دارە واگوونەکان ئەستوورو بەجەم بوانە کە قورسایی چەپەرەکانیان ڕاگرتبوایە. سبحەینان چەپەرەکانیان لەسەر واگوونەکان بەرەو هەتاو دەکیشا خوارو ئێواران بۆ سەرەوە پاڵیان پیوەدەنان .
دەجا ئەگەر ئاغای گوند خاوەن میشە بوایە دابین کردنی سانایی بوو داری واگوونوشیشەوشەقلەی لەباخ دەبری. ئاغا لە گەڵ ئیدارەی پەیمان دەبست لایەک ئاغاو لایەک ئیدارەی جغارە (دوخانیات)بوو. یارمەتی(موساعیدە)دوو سی جار لە دووخانیە وەردەگیرا. بەڵام وەرزیری ئاغای چکمەرەق چی پێنەدەبرا. ئەمما ئاغای بە سامان و بە ئینساف جگە لەوەی یارمەتی وەرنەدەگرت لە شتڵ چاندن و چەقاندیو هەرەسو گەڵاڕنینەوە تووتن هەڵبڕین چاوەدێری وەرزێریان دەکرد. بەڵام هێندێک ئاغا هەر بەقسە چاویان دەنووساندن. لە کاسبی تووتن جووت بەندە بۆ خۆیو ژنو منداڵی چ ویسعەتیان بۆ نەدەماوە کاتیان بەفیڕۆ دەچوو، لە وەختی داهات کۆکردنەوە ئەوان لایەکو ئاغا لایەک! (نیوە بەنیوە). کاتێک تووتن کامڵ دەبوو ڕۆژانە جۆتیارو بنەماڵەکەی دەبوایە بە قەراپێویست گەڵاڕن بکەن، ودەسک دسکوچین چین لە قەرتاڵە

بخەن و بێهینەوە ماڵ شەو بە شیشەیان وەبکەن(شیشەی توتن بریتی لە شولکی تەڕو شلکی لە دارهەڵپەرتراوە). پاشان لە تەرەی بدەنو لە تاڵوار بەڕێزو وەقەتارە بیانخەنە سەر چەپەری واگوونەکان. هەڵبەتە تووتنەکە لە ماڵ لێک جیا دەکراوە یانی ئەو تووتنەی لە تاڵوار ویشک ببوو دەیانکردە چوارجی 1-زەرد 2-نارنجی 3-سوور4-ڕەشو قرەپووک. ئەوچاخ ئاغا تەلیسی دەوڵەتی لە ئیدارەی دوخانیات وەردەگرتو بەسەر ماڵەکانی دا داروبەش دەکرد (تەلیسی دەوڵەتی بۆ تووتن تێدا پێچانەوە بەپێچەوانەی تەلیسی ئاسایی درێژو بەریکو هەردووسەری هاوەڵا دەماوە) لایەکیان ڕادەخست تووتنەکەیان دەسک دەسک لە سەر کەڵەکە دەکرد ئەوجار لایەکەی دیکەیان بەسەردا دەهێناوە ئینجار دەیاندروو کەلە هەردوولا تووتن بۆ فەحس (ئەرزیابی)لەبەر چاو بوو. بەڵام ئەوها شەتەک دەدرا دەتگوت باگوردانە. کە تووتن بەم جۆرە حازر دەبوو ئاغا بەدوخانیاتی ڕادەگەیاند حەمباریان بۆ تەرخان دەکردو تووتنیان بەعارەبە دەگوێزتەوە ئیدارەی جغارە،لە وێ ژمارە بەندی دەکران ناوی وەرزێری گوندەکەیان لە سەر دەنووسرا. کە نۆرەی قرسان(فرۆشتنی) بۆ دیاری دەکرا، ئاغا لەگەڵ خەڵکی گوند دەچوونە دوخانیات. لە عەمباریکی مەزنو بەرفروان دا بەرپرسی ئیدارە بەرپرسی فەحس دادەنیشتنو قەپانیان دەهێنا، ئاغاو وەرزیرەکان دەست بە دوعا، دەی خوایە ئەرزیاب چاوی کوێربێ هەمووی بە یەکی یەک بنووسیت بەڵام لە ڕاستی دا ئەمە ئیشی دوعاو پارانەوەو نوشتەو کشتەک نەبوو. ئەو ئاغایانەی دەستیان دەڕۆیی سەینەوبەینە یان لەگەڵ بەرپرسی دوخانیات هەبوو بەکوردی دەستی بەرتیلیان دۆزیبۆوە تووتنەیان بایی دووقات گرانتر دەفرۆشت. لە ناوچەی شنۆ ڕەحمەتی فەیروزخان زەرزا لە هەموو زەرزاو مامەشەکانی باشتر دەفرۆشت هەتا سووری بەزەرد دەقەبڵاند کە بایەکەی سێ قات تەوفیری دەکرد. شیوازی تووتن فرۆشتن ئەوهابوو:

یەکی یەک (دەرەجەیەک

دوویی دوو(دەرەجەدوو

سێیی سێ(دەرەجەسێ

چواری چوار(دەرجەچوار

وەک وەبیرم بێ ساڵی 1334ئەسعەد دەشتەبێڵی لە دوخانیاتی شاری شنۆ کارگوزینی بوو عەلۆی میردی ڕەوشەنی لە عەمبار کرێکاربوو.

کاتێک ئاغا دراوی تووتنی وەردەگرت ڕۆژێکی بۆ حیساب دیاری دەکرد. لەو ڕۆژەدا وەرزێرەکان بۆ وەرگرتنی دراوی تووتن لە ماڵی ئاغا کۆ دەبوونەوە مەلای ئاوەدانی بانگ دەکرا. ئەو سەردەم ماشین حیساب نەبوو دووکاندارە چۆرتیان هەبوو کە هەر بۆخۆیان سەریان لی دەر دەچوو. ئەودووکاندارانەی کە بە ساڵە وەخت شتتوومەکو جلوبەرگو قەندو چایی و خرتو پرتیان بە پسوولەی ئاغا بە وەرزێرەکان دابوو بە چۆرتو دەفتەرو قەڵەم لە سەر خۆیانی پارە چووکیان دادەدا.(ئەو وەخت پێنج قران پووڵی قاقەز)بوو. چاپەز چایی تێدەکرد، مەلای ئاوەدانی حەدیسی دەگێراوە، دووکانداری شار کە جێژنەیان بوو بەو تلە باریکانە چۆرتیان داویشت پووڵی ساڵەوەختیان کە لە سەرئاغا چەند قات نووسیبوو وەردەگرتەوە. ئەوانەی بە ئاغا قەرزدارمابوونەوە، بەلارەمل لەو حەساب‌و کیتابانیان دەڕوانی، هەربەجەستە لە دیوەخان بوون دەنا بە خەیاڵ لە دونیایەکی دوورە دەست دەخۆلانەوە، ڕەنگیان وەک تووتن زەرد هەڵگەڕابوو . بۆ ئەوەی دەست بەتاڵ نەگەڕێنەوە ناو ژنو منداڵ کە چاوەڕێیان دەکردن ،لە ئاغایان داوادەکرد سەر لە نوێ پارەیەکیان بە قەرز بداتێ هەتا لە حاست ماڵو خێزانیان خەجاڵەت نەبن! ئەمە لە لای ئاغای جوامێرو بەسامان شتێکی ئاسایی بوو بەڵام ئەگەر ئاغا چەکمە ڕەق بوایە ئیدی هەموو شت دوایی هاتبوو. هەر

بەهۆی ئەم جوورە سەوداو مامەلە بوو کە ئەوهەی ساڵیک لە شار دووکانی دەکردەوە دەهەنگرا، بە سەلەمو حیسابی چەند قات لە دەفتەردا دەبوو بەلۆرت بەڵام شانەکە لە سەری ئاغادا دەشکا، بۆیە هەنۆکەش کەس زوانی خێر بە ئاغا داناهێنێت! بەڵام دووکانداری گران فرۆش ،حاجی سەلەم خۆر، سۆفی دەم عەزیا، کە بەگشتی خەڵکیان دەرووتاندەوە بەپیاوی باشو بەتەقواو خوداناس دادەنێن! لە ڕاستیدا ئەو نوێژوو تاعەتو جانامازو جوومعەو جەماعەتو زکرو تەلیلە شیرە هەڵسووتن لە سەری خەلک بوو کە بەداخەوە بە هاتنە سەرکاری ڕێژێمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامی لە پەرەدایە!

(کاسبی چەوەندەر)

چەوەندەری قەند لە ناوچەی شنۆ ، بۆکان، لاجان، سڵدوز، ورمێ دەچاندرا ئەوکات کارخانەی قەندی (ورمێ) میاندواو هەبوو هێشتا پیرانشار کە پێیان دەگوت (خانە)فاکتۆڕی قەندی لێ ساز نەدرابوو. چەوەندەریش لە گاڵ ئاغا نیوە بەنیوە بوو. ئاغا قەراردادی لە گەڵ کارخانە دەبست وەکوو تووتن . ڕەعەمەل هێنانی پێویستی بە قەوغا بوون وەبوو. لە کاسبی چەوەندەر هەر زەوی ئی ئاغا بوو. کێلان چاندن، دەرمان رشاندن، هەڵقەندنەوەی، کۆکردنەوەی، هەتا لە لۆریە کردنی ئەرکی وەرزیر بوو. دیارە تۆوەکەش لە کارخانە وەردەگیرا. کە دەگەیە حاسڵات،ئاغا داوای لە ئیدارە دەکرد ماشین بنێرن ئەوکەڕەت وەرزیر چەوەندەری دەلۆریە دەکرد بۆ کارخانە بەڕێ دەکرا ئەو جار نۆرەی ئاغا بوو کە بچێ بیفرۆشێت. کە حەوجێ بە دۆزینەوەی دەستی بەرتیل بوو دەنا بەشی زۆری دەکرا بەئۆفت، یانی بەلاش. بایی چەوەندەر بەشیک قەندو پاژێک شەکر بوو لۆریە ڕاستەوخۆ دەهاتە بەر دەرگای ئاغاو لە وێ بەتاڵ دەکراو ئاغا لە نیوەڕاست پشکە بەشی خۆی بە(تا) دەگێڕاوە ئەوەی دیکەی بۆ وەرزێرەکان بەڕێ دەکرد یان دەهاتنە ماڵی ئاغاو بەسەنگو تەرازوو پشکە بەشیخۆیان دەبرد. لە ناوچەی شنۆ سەید حەبیب ی خانلەری لە هەموو کەس باشتر چەوەندەری ڕەعەمەڵ دەهێنا بە قەت گوندەکی بەرهەم لێ هەڵدەگرت. سەید حەبیب پیاوەکی ڕەنگ پیاوانەو کاسب کارێکی چازانو وریابوو . ئەوەش بڵێن چەوەندەریش لە گۆترکاری نەبوو ئەرزیابی کارخانەی چەند کەرەت سەری زەویەکانی دەدا لە مەڕ بژار کردن دەرمان لێ پرژاندن سەرنجی دەدایە چوونکە چەوەندەر دەردو بەڵای زۆرە جگە لە وەی لە زەوی زنە دەفەوتێ دەبێت بەوەخت بژاربکرێتو ئەگەر سەمپاشی نەکرێت کرمی ترتِرە لە ناوی دەبات. هەروا وەرگرتنی یارمەتی لە کارخانە پەیوەندی بە بەرێکردنی ڕاپۆرت لە لایەن کارشناش هەبوو ئەو تێکەو لێکەیەش بە، بەرتیل بوو .دەجا ئەوئاغایەی کە هەستی بە دۆخی کۆمەڵایەتی دەکردو لە کوێرەوەری وەرزێر ئاگادار بوو یارمەتی کارخانەی لە مست دەکرد بەڵام ئەوەی گێرەیان لە هەولێرێ دەگەڕا لەبەر قەرزداری بەریان وەکاسبی نەبوو هەموویان بەسووتو وسەلەم شینخۆر دەکرد.

(مەڕداری)

لە هەموو ناوچەکانی شاخاوی لە هەرچوارپارێزگای کوردستانی ڕۆژهەڵات بریتی لە کەرمانشا، سنە، ئیلام، ئازەربایجانی ڕۆژ ئاوا، باوی مەڕداری بوو بەهۆی بژوینی چیاکان لە هەر ناوچەیەک سەدان کەتە پەزی لێ بەخێو دەکرا زۆزانەکان لە وەرزی هاوین تەژی لە مێگەلە مەڕ دەبوون. ئاغا جگە لە مەختەی ڕۆنو پەنیر لە بەرهەمی لوا، خوری دراوی دەستاند کە پییان دەگوت: هەوارانە. لە مەڵبەندی دەشتەبێل بنەماڵەی تەهای تەیارئاغا کە بە نیعمەتی دەناسرێن هەرچەند بە ڕەواڵەت ئیجارەداری کورەکانی قەرەنی ئاغای زەرزا ی نەڵیوان بوون بەڵام بەکردەوە هەژدەگوندی دەشتە بێڵیان داگیر کردبوو ساڵانە

پارەیەکی نزمیان دەدا ئاغاکانی نەڵیوانو شاوانەولە ڕووتاندنەوەی دانیشتوانی ئەو مەڵبەندە چ ئاغایەک تۆزی نەدەشکاندن کە بوون بەلۆرتو بە هۆی عەشیرتگەری خەڵکەکەی دێ هەموو سامانەکەیان بە ئی وان دەزانی ئێستاشی دەگەڵ بێت ئەو هێندە ماڵ وێرانو هێڕن بەکەس حاڵی نابن. عەشیرەتی هەرکی لە کۆنەوە لەو دیوی کوردستانی گەرمێن دووژمنایەتیان لە گەڵ بنەماڵەی بارزانی هەبوو ئەویش لە جەنگەی ڕاپەڕینەکانی 1920ی شێخ مەحموودی نەمر، وڕاپەڕینی 1900ی بارزان ئەمەکاری کردە سەرئەو بەشە عەشیرەو هەرکی بن دەستی کوردستانی ئێرانی بەلایەنگری عەجەمان هاندا، لە دوایی هەرس هێنانی ڕاپەڕینی نەمر سمکۆ لە1318وشیخی نەمر ئیدی هەرکی لە کوردایەتی دوورەپەرێزبوون. تایبەت چەک هەڵگرتنی شیخ ڕەشیدی لۆلان بۆ ڕێژێمی عەبدولکەریم قاسم لە1961ی زایینی زۆری کارتێکردن. هەتا بە یەکجاری لە قابغی کوردەواری هێنانەدەرو بەرەو مەزەب پڕتاوی کردن .بەداخەوە شیخ ڕەشیدی لۆلان دەرسێکی ناحەزی بە دژایەتی شۆڕشی ئەیلول بە مریدەگوێ لە مستەکانی دا کە هەنۆکەش هێندێک ناحاڵی لە پیلانی شیخ نەگەشتوون. هۆیەکەشی دەگەڕاوە سەر نەخوێندەواریو نامۆیی ئەو عیلە لە ڕۆشنبیری کە لە جیات خەبات بۆ ڕزگاری دەرباز بوون لە بن نیری یخسیری داگیرکەرانی کوردستان، بوون بە،بەرهەڵبێنەی دوژمنانی کوردو بەرهەلێخی پیلانی دارژراوی ئەو چوار دەوڵەتە نگریسە کە کوردستانیان بەسەردا دارو بەش کراوە. ئیستاش لە دونیای پێشکەوتەی سەدەی 21بۆ هێندێک هەڵخەڵەتاوو لەخشتە بردراوو بەرەللەو خۆ نەناس ئەم تەنوورە هەر نێڵەی دێت، قەڵاشکەریەکەی ڕشتنی خوێنی ڕۆڵانی شێلگێڕی کوردە، و عەشیرەتی هەرکی مەڵبەندی دەشتەبێڵ لە سەر ئەو بنجو بنەوانە چووزەیان داکووتاوەو تامەزرۆیان داڕشتووە. بە داخەوە دابەزینی قانوونی ئیسلاحات ئەرزیش نەیتوانی ئەو شیوازە تێک بشکێنێت! لە ساڵی 1358ی هەتاوی جارەکی تر بوون بە قوڵەچۆماخی کۆماری ئیسلامیو چەکی جاشایەتییان کردە شانو دژی حیزبی دێموکڕات ڕاوەستان جارێکی تر بوونە کووتە خۆری عەجەمان! دەستییان بەخوێنی پیشمەرگەی کورد ڕەنگین کرد.

(ئاڵەگۆری دەسەڵاتی ئاغا)

لە سەردەمی دەسەڵاتداری ئاغا بنکەی حکوومەت خۆیان لەکارو باری دێهات وەرنەدەدا. ئەوکات دادگای جنائی لە شاری تەوریز بوو. لە1330شەڕو کێشەی گوندەیەکان دەچوو لای ئاغاوەت. ئەوان داریان بەسەردا دەهێنا. جاروەبوو بەجەریمە هەر دوو لایان دەتەزاندن. ئەگەر دیترا بوایە کە تۆلازێک لە ناو ئاوەدانی بەرزەم نابیت یان زەلامێک نەمامو شەڕ هەیسینەرە یاکوو جەوغەگێڕو گەمشۆیە یان لەناوگوند قوتە قوت دەکاتو قوشمەیە، دەکەوتە بەرحەیزەران کوت. (حەیزەران دارێکی شلکە لەچەشنی قامیش بەڵام ناوپڕە) پیاوی ئاغا تاوانباری لە سەر عەرد بەرەو دەم ڕادەخست. زەلامێک لەسەر ئەستۆی دادەنیشتو ئاغا حەیزەران کوتی دەکرد. هەموو تاوانەکان جگە لە پیاو کوشتن پێڕاگەیشتنو بڕینەوەی سزاکەی بە دەست ئاغا بوو. بەڵام تەمەنی ئەو جۆرە دەسەڵاتە پەیوەندی بە هەلومەرجی کاتیو دەسەڵاتی حکوومەت وەبوو کە وەک دابی ناوچەیی یەک لا دەکران.

(قازاخ گرتن(سەربازگیری )یان ڕەشبگیر)

دوایی هەرس هێنانی ڕاپەڕینی سمکۆی نەمرو شەهیدبوونی لە1930 جوانەمەرگ بوونی کۆماری 11مانگەی مەهاباد حکوومەتی بێ ئابرووی "شا"بۆ چاو ترسانو کزکردنی ورەی خەڵکو توانەوەی هەستی نەتەوایەتی لە دەماروو دەروونان‌دا بە دوایی زەبروو زەنگ هەڵدەسووڕاو بەرژەوەندیەکانی بە هەموو جۆر تاقی

دەکردەوە. زابتە دڵڕەشاکانی لە کوردستان بنە گرتوو کرد بوو کە کردەوەکانیان ڕووی یاسای جەنگەڵی سپی دەکردەوە یەک لەوان (ڕەشبگیری) بوو. شەوانە ڕەوەیەک سەرباز لە پێگەکان بەرەو ئاوایەکانی ئەو چوار پارێزگا(ئۆستان) ی کورستان بریتی لە: سنە، کەرمانشا، ئیلام ، ڕزائیە، (ورمێ) وەرێدەکەوتن. لە کازیوەی بەیانی خۆیان داویشتە ناو گوندەکان. زۆرجار مرۆڤی لە ناو کەوتوو بە سەلاچوویان بەزەبری تفەنگو پاڵە ئەستۆ ڕەپێچەک دەدا بەمرخێش مرخێش قوڵبەست دەکرد. بەرەوقازاخانەیان دەبرد قاژوو قووڕی ژنوو منداڵو تێخوڕینی قازاخ دلی بەردی دەکردە ئاو. لە ڕاستی دا کوردستان لە لایان محەمەدڕەزا شا،بەو کەسانە بە مەختە درابوو کە ناڵچەی کەوشی "پاڵشایان"کرد بوو ئاڵقەی گوێچکەو پێی دەخوڕین. ساڵی 1334ی هەتاوی کوڕێکی میرزا مرادی نەرزیوە کە سەربازی کردبوو قاقەزی دوایی هێنانی خزمەتەکەشی وەرگرتبوو لە بەرەبەیانێکدا کە عەسکەری حەمە ڕەزا دەوری گوندیان داوە لە گەڵ هاوتەمەنەنانی بەرەو شاری شنۆ دەڕواو سەرباز کە هەڵبڕ هەڵبڕیان وەخەڵک خستووەو کەس نابێرن لە لاوەکان تەقە دەکەن ئەم لاوە وەبەردێتو بەدەستی چڵکاو خۆران شەهید دەبیت !میرزامراد(شاعیری نەناسراو) لەسەرکیلی گڵکۆی کورەکەی ئەو شێعرە دەنووسێ : دو دەسال ازبهار عمر دیدم –بەیەک تیری گلولەکرد شەهیدم)

ڕستەی حەوزە لەدەست ئاغا)
ئەوجار ئاغاوەت ڕستەکەیان بۆ قەدەرحەیامێک کەوتە دەست هەتا دکتۆری نیزامیش بۆ وەرگرتنی بەرگەی لێبوردن (موعافیەت)لە سەربەرتیل قاڵ دەبۆوە لە سەر ئەوەش ڕا گەلێک جار ئەفسەری چەلاخو نەمژ سینگیان هەڵدەقەندوبە گوێلەو سارەوە لە دێهات قوت دەبوونەوەخەڵکیان وەبەر شەق دەداو بەناوی مەشموول بەرتیلیان وەردەگرت. قانوونە گلاوەکی خۆشیان پێ شیل دەکرد. وەک ئیستا لە ڕێژیمی مەندیلو شاقەل بەڕیوەبەرانی وەلایەتی فەقیە بە ناوی خواو پێغەمبەر هەموو کارێکی ناڕوا دەکەن!

(دۆخی کۆمەلایەتی)
ئەو سەردەم خەڵکی دێهات یەکجار هەژار بوون. هەرچەند شتوومەک هەرزان بوو بەلام لە بەرامبەردا دراو کەم بوو. لە ڕەوانگەی لێکدانەوەو هەڵسەنگان لە گەڵ ئێستا ڕێکنەدەکەوێت.چەلەنگی ڕۆن 20توومەنو دۆلاڕێکی ئەمریکی 5تووەمەنو دینارێکی ئیراقی 5دۆلاری ئامریکایی بوو. خەڵک زوربەی لە ڕۆنی خۆماڵی کەلکیان وەردەگرت. کە پاشان بە هۆی تێکەڵ کردن لە گەڵ ڕۆنی گیا، بە قەڵب دەرچوو. قەپاندارو سەوداچی‌یەکان بەو دەبەیە دراوەکی زۆریان پاشەکەوت کرد. لە دوایی دا گوندەیەکان فێڵەکەیان قۆزتەوە بوو بە پێچەوانە!
لە دێ سەر توێ، قەیماخ، سەری شیری خاو، کوولاو بەجیا دەلەنگەریان دەکراو بەجیا دەفرۆشرا. دێهات لەزەتی ژیانی تێدابوو. خواردەمەنی تامو چێژی سروشتی لێدەهات. دۆی کووندەلانەکەی بەو ساردوو ترشی یە،سەت کۆکای بە قوربان دەکرا، هەر قومێکی ئاوی حەیات بوو. ئەویش لە ناو ئەو کاشی شینانە خەیاڵی چاوی کەوەی دەهێناوە بیر. ئەو گوندانەی کە خاوەن کانیاو نەبوون بیریان هەڵدەقەند. ئەوەی ئاوەکەی زۆر لەبن هەرد بوو وبۆ کەرەسەی ئەوکات بووزی نەدەخوارد لێدەبڕان ساردراو دورست کەن بۆ ئەمە چاڵیکیان دەکۆڵی ئاویان تێدەکرد بەلام چوونکە لە بەری نەدەڕۆیی نەخۆشی پێوەبوو هەر چەند خوێشیان تێدەکرد کە بۆگەن نەبیت. لە ڕاستیدا زۆرکەس پیی گول بوون. لەوکەشو هەوایەدا محەمەد ڕەزا 34ساڵو باوکی 16ساڵ پاشایەتیان کرد، لە65هەزار گوند 2000ی ئاوی بۆڕیەی بۆ کێشرا بوو 2500 قوتابخانەی

بەبۆنەی 2500ساڵەی شاهەنشاهی لێ سازدرا. لە سەر ئەوش را محەمەد ڕەزاشا 2450گوندو 1780دووکانو هوتیلو پاساژ ی هەبوو . زەویەکانی بە دوو ملوینو نیو، هێکتار بەراورد کراون. لە حاڵێکدا بنەماڵەی "شا"لە هەژارترین دانیشتوانی ئێران بوون. هێشتا ڕەزاپەهلەوی لەزگی دایکی دادەبیت کە داداش بەگی باوگی بەهۆی نەداری بۆ کاسبی دەچێتە تاران. خێزانی بە زگ پری لە ماڵی خەزووری بەجێ دێڵێت. لە تاران لە کاروانسەرایەک دەبیتە مەیتەری کەرو یەکسم! لە جەنگەی زستان خیزانی تۆلاوتۆل لەگەڵ کاروانێکی رووسی بە داشقە بەرەوتاران دەڕوا هەتا مێردەکەی بدۆزیتەوە، ئەوکات شاری تاران دەروازەی دەبێت. لە پشت دەروازەی شار لە ئیمام زادەیەک ڕەزا لەدایک دەبێت. پیرەعەجەم بە دووکەڵی ترپاک منالەکە دەبۆژینەوە. پاش چل ڕۆژ گەڕانو سووران لە کارانسەرایەک مێردەکەی
دەدۆزیتەوە. بەڵام دەدبنێت کە داداش بەگ ژنی هێناوە، تەڵاقی لێ وەردەگریو دەگەڕێتەوەو مێردی دەکات . ڕەزا لەلای زڕبابی هەتا تەمەنی هەشت ساڵانە دەمێنیتەوە. پاشان سەری زڕباوکی دەشکێنێو دەڕوا،چەند ساڵ شوانوگاوان گوند دەکا، لە سەردەمی قاجار بەسەرباز دەگیرێ. هەر بێ سیوادو گەلحۆ دەبیت. بەڵام کێ لە کاری خودا سەر دەر دەکات . لەئاکامدا لە سەرپلانی ئینگلیز پلەوپایەی دەچێتە سەرولە1921(1300ی هەتاوی )کە سەید (ضیاء) تەباتابایی سەرۆک وەزیرانی کاتی دژی ئەحمەد"شا" کۆدیتا دەکات ڕزاپەهلەوی بەدەرجەی سەرهەنگ بەشداردەبیتو پاش سەرکەوتن سەیدزیایی بۆ فەلەستین دووردەخاتەوە. خۆی دەکا بە سەرۆک وەزیرانو فرماندرەری گشتی (سوپاسالار). لە1304بنەماڵەی قاجار لە شایەتی بێ بەش دەکاتوخۆی دەکات بە خاوەنی تاجو تەختی ئێران.! وەک ئامازم پیکرد حکوومەتی ئینگلیستان لەپشتی بوو هەر ئەویش ئەوهای زل کرد. دەجا زڕمۆڵو زەبەلاحیکی ئەوها حەپەنگ کە نەیدەزانی دۆخی کۆمەڵایەتی چەیەو لە تێکەو لێکەی سیاسیو ئابووری هەڕی لە برێ نەدەکرد، بە داکۆکی ئینگلیز لە کێ بەرکێ لەگەڵ شوورەوی ئەوکات ئەوها زل بۆوە. لە ئاکامدا لە1320ی زایینی بەدەستی هاوپەیمانەکان کە دەستیان بەسەر ئێران داگرتبوو دورخراوە هامبورک هەرلەوێش مرد. محەمەدرزای کوڕی بوو بەجانەوەر، فارس گوتەنی (گرگ زادە گرگ شود) ئەویش لە1357 توون بەتوون چووبەلام لەگۆڕی ئاریامێهر ڕێژێمی چەپەڵوگلاوو خوین مژی کۆماری ئیسلامی (ئەژدهاک) سەری هەڵدا .

(ناکۆکی ئاغاوەت)

ئاغاکان جارو بار لە سەر پەڵە زەویەک لە ئا قاری دێ ناکۆکیان دەکەوتە ناو کاری ناحەزیان دەرحەق بە یەک دەکرد.ئاگریان لە گالیشو بێخنو گیشەی دەغڵو دانی یەکدی بەردەدا، کلکوگویی ماڵاتی بێزوانی یەکتریان دەبڕی. کە ئەوان بە هەر هۆیەک یەکتریان دەبوغزاند، دەنگیان لێکدی دەگۆڕی، لووتیان تەوهەو بادەدا،وەرزیرەکانی گوندی ئەو دوو ئاغایە لە هیچو خۆرایی یەکتریان نەدەدواند لووتیان لێک هەڵدەنگاوتو لە هەرکوێ تووشی یەکدی ببوان هەڵمەتیان بۆ یەک دەبردو سەرو گوێلاکی یەکدیان بە پەیاخو خوترمەو دەشکاند. جاروەبوو کەسوکاری ئەو وەرزێرانە بەشک لەودێو پاژێک لە گوندەکەی دیکە دەبوون ئەوانیش لێکتر دەبوونە قۆڵ قۆڵو ڕەوشتی دوژمنداریان دەگرتە بەرو لێکدی دەخەفتانو بۆسەیان بۆ یەکتری دادەناوە. کاتێک ئەو دوو ئاغایە ئاشتی دەبوونەوە پێکدەهاتنەوە گوندەیەکانیش دەست ودەمی یەکتریان ماچ دەکرد دەتگوت نەبای هاتوە نەباران.! هەنۆکە بەداخەوە ئەودابە کریتو ناحەزە لە سازمانو حیزبەکانی سیاسی سەری هەڵداوە : شەڕی یەکیەتیو پارتی، مەلاییو جەلالی،حیزبی دێمووکرات و کۆمەلە، ڕێبەرایەتی حیزبی دێمووکرات، سۆرانی بادینی، پارتیو پەکەکە،... پێویستە ئەو دابە بە یەکچەلی تفی لێبکرێت. هەرچەند بە داخەو ئیستا لە دەرەوی وڵاتیش ئەندامو لایەنگرانی ئەوحیزبانە لە

سەر کەسایەتی ئەوو ئەم ڕابردووی ئەمو ئەو لە شەڕە دندووکەو بەرچەسب لێکدان غافڵ نین. خوداماڵی ئەوکەس خەراب کات کە پیلانی ئەو تەفرقەو ناکۆکیانەی لە ناو حیزبە کوردستانیەکان شەرعیەت پێدا کە دەستی داگیرکەرانی بە زەقی تێدا وەبەرچاو دەکەوێت!

(کیشەی گوندەیەکان مرۆڤ تیدا زایە بوون)

1-هێندێک جار دەمە تەقەو گوڕەوکێشەی واسەری هەڵدەدا کە مرۆڤ تێدا زایە دەبوو، نموونەکەی ساڵی1328کوری حاجی حوسێن ئاغای قەزەناوێ لە ناوچەی شنۆ بە دەست مستەفائازاد لە سەر دەستاوێک ئاو کوژرا. بکوژ هەتا 1343 لەزیندان ماوە.

2-کاک ڕەشید بوداغی لە1336هەتاوی ،کاک سێمانی ئامۆزای لە سەر سەرەوەندێک زەوی کوشتو دەستی نۆکەرەکەشی بە ناوی(حەسەن بەگی) شکاند بەڵام چوونکە دیفاعیان بۆ نووسیبوو سێ ساڵ مەحکووم بوو کە لەزیندانی تەورێز بوو پاشان بەهۆی مەسلەت لەگەڵ بنەماڵەی کاک مراد کچەکەی خۆی دا بە شیخ محەمەد ئاغای کوری کاک سێمانی کوژراو، کە هەنۆکەش ماوە .

3-لەڕەمەزانی 1330ی هەتاوی ڕەحمانی خاڵەمامە لە سەر شەڕەسەگ سێ برای لە بەردەرگای مزگەوتی گوندی سەوجە بە خەنجەر کوشتو عافرەتێک کە خزمی کوژراوەکان بوو بەناوی فاتم ددونان، کە بەهۆی هەڵبڕینی نێفەک(نیوپستێر)ی میردەکەی لە ماڵی ئێمە لە گورگاوێ بوو، بۆ بەشداری لەپرسەو سەرەخۆشی دەچێتە وێ ودایکی بکوژ لە سەر چەقی ڕێگا دەخنکێنێ، ڕەحمان دوایی ئەو سێ کەلاکە ئاوای ئەو دیوی کوردستانی گەرمین دەبێو لە لای مینەی عەلی ئاغای ڕایەت کە یەکێک لە ئاغاکانی بە ناوبانگی کوردستانی باشوور بوو دەگیرسیتەوە. بەڵام دوایی ساڵێک لە دەمەتەقە یەکێک لە پیاوەکانی عەلی ئاغا دەکووژێوگل دەدریتەوە ئیران بۆ زیندانی تەورێز بەڕێدەکرێ بە حەپسی هەتاهەتایە مەحکووم دەکرێتو پاش چەند ساڵ لە زیندان لەسەر (عومەروعەلی)وشێعەو سوننە لە گەڵ عەجەمێک دەکەونە چەقەوهەرا،بەڵام کابرا زڵ دەبێ دەخۆ ڕانایینی ئامبەڵۆزی بێت کەشەو دەخەوێ تێلەک لەسەر پلەمێز سوروەدەکاو لەکونی گوێچکەی ڕۆدەکاو فەراقی ڕەشی لێدەبری. بەڵام لە دادگەی تەوریز هەر حوکمەکەی بۆ پشت ڕاست دەکەنەوە، ناوبراو ساڵی 1357لەئینقلابی ئیران ئازاد بوو لە شەڕی ئیرانو ئیراق کاتێک فڕوکەکانی ئێراق کارخانەی قەندی پیرانشاریان بۆمباردوومان کرد وەبەر ڕەهێڵەی ساڕوخ هاتوکوژرا.

(ئەسب بەخیوکردن)

ئەرکی مەیتەری تایبەتی ئاغای بەخێوکردنی ئەسپی وی بوو کە بە وەخت ئالێکی دەدایە وێنجەوگیای وردکراوو جۆی کولاوی لەئاخوڕ لەبەردەکرد. هەروا ڕنەکو قاشاو هەتا گەنەو قوڕنووی نەگرێتوکلکو بژی بۆ دەشووتو بۆ دادێناو بۆی دەهۆندەوە. هێندێک ئاغا ڕکێفی زێووکفتو مامزەیان لە چەکمە دەدا.

(چاڵی دانەوێڵە)

ئەو سەردەم داب وابوو لە دوایی خۆیان هەڵگرتن ئەو گەنمو جۆو دانەوێڵەی کە دەمایەوە لە چاڵیان دەکرد هاتا پێویستیان پێ پەیدا دەکرد . چونکە لە عەمباردا ئەسپێی هەڵدێنا، تایبەت ئەوئاغایانەی کە بەسامان بوون داهاتی ساڵیان دەخستە دەپانزدە چاڵو پسوولەیان دەنووسی کە چەندە لەبن دەوەکیان دادەنا، کە وەرزی زستان خەڵکی دێ زەوەڕیان لی دەبڕا یان بۆ ماڵات جۆو شەمێلە، بەوادەی

سەرخەرمانیان بەقەرزیان دەدا خەڵکی ئاوایی. ئەمە یارمەتیەکی مەزنو جوامێریەکی بەرچاو بوو. هەر بەم جۆرە خەڵکی دی چەوەندرو پەتاتەشیان لە هەرد دەخستو زستان کەلکیان لێ وەردەگرت.

(جیژن و جێژن)
لە جەژنەکاندا قوربانو ڕەمەزانو مەولوود کە هەرسێ جەژنی عارەبانن،هەروا لە چاخی سەرەخۆشیو خێروشەڕ، وەرزێرەکان بەپیی دابونەریت جەژنانەیان بۆ ماڵی ئاغاکان دەبرد. مەڕدارەکان شەک، بەران،کاوڕ، بەردیل، بەرخ،کاریلەو گیسکیان دەبردو قەرە(ڕەشایەکان) فرووج ،کەڵەباب،(دیقل ،کەلەشێر) یان عەلەشیشو ژنەکانیش دەست بەتاڵی بۆ لای مالاژنو کوێخاژنو ئاغا ژن نەدەچوون. لەم جەژنانەدا بۆ شێخەکان بەدەیان سەرنێونگین، بەرکەڵ، کەڵێجە، پانێر، قاچاخ، دەبردرا. هەموو شێخەک بە سەدان مریدی پۆلووخۆر مارگروو شووشە کرۆژوو دەفەژەنو زەرگ وەشێنیان هەبوو. بەداخەوە ئەم شانۆیە هەر لە برەوەو. ئەو دووکانداراانەی کە لە گەڵ ئاغای گوند سەوداومامەلەیان هەبوو بە (تا) قەندو فەردە برینجو تەنەکە ڕۆن دەچوونە جێژنانەیان. هەر جووت بەندەیەک ئەرکی سەر شانی بوو کە پەڵەیەک زەوی بن دەستی خۆی بۆ ماڵە قەرەیەک داچێنێت کە پییان دەگوت شکارتە. بەڵام ئەوە بەناوچە دەگۆڕا بە داخەوە بە دابەزینی ئیسلاحات ئەرزی ئەو نەریتەش لە ناوچوو ئیدی قەرە یەکچەلی کۆڵەواروو دەستە شکاو بوون.

(مەلاکان)
مەلاکان ڕێزو حورمەتێکی زۆریان لە لای ئاغاوخەڵکی ئاوەدانی هەبوو بێگومان ئەگەر ویستبایان دەیانتوانی کە ئاغا لە زۆرکاری ناحەزو چەوساندنەوەی وەرزێر هەس دەنەوە. بەڵام بەداخەوە چونکە قازانجی خۆیان تیدا دەدیت تیژ تریان دەکردن. کاتێک مەلا فتوای دەدا کە نوێژ لە مزگەوتی گوند بەبێ ئیزنی ئاغا وەبەرناکەوێو حەرامە! ئیدی بۆ کاورای عەودالْ بە مەزەب جێگای قسە لە سەر کردن نەمابوو. بەڵام هەر ئەو مەلایانە لە کاتی دابەزینی قانوونی ئیسلاحات ئەرزی (دابەشکردنی زەوێووزار) لە 1342ی هەتاوی بە ڕاشکاوی حەمەڕزایان بە خەلیفەی ئیسلامو محەمەدمێهدی ناو دەبرد ئاغاکانیان ئەوجار کە(بەوەلی نێعمەت ناوبردبوون) بەزاڵم دەزانیو ئەومڵکانەیان وەک گەزوومەزو بە حەڵاڵو زەڵاڵ دەزانی. مەلا زاهید ی سینگان لە ناوچەی شنۆ یەکێک لەو مەلایانەبوو چونکە مالای ئاغا مووساخان زەرزا بوو قسەی بڕی دەکرد لاسای حەزرەتی ئیبراهیمی دەکردەوە، وێنەی بە بووت تەشبی دەکرد لە هەر ماڵێک وەژوور کەوتبوایە دەی شکاند. ناوبراو جگە لە زەکاتی ئاوایی سینگان هەرجەنابی ئاغا مووساخان ساڵێ (50) بارگەنمی دەدایە. ئەومەلایە بوو بەکلکە کەوچکی هەموو مەنجەڵێک لە1357 کەڕێژمی "شا" ڕووخاندرا بوو بەکۆمەڵە ! دەڵێن ڕۆژێک مرادقەتاری نەغەدە(ساواکی "شاوجاشی خومەینی)بە هەڵکەوت لە ئیتلاعات(ئیستخبارات) سووپا پاسدارانی نەغەدە چاوی بە مەلازاهید دەکەوێ. پێکەوە خۆشو بێشی دەکەن بەرپرسی ئیتلاعات دەڵێ: وادیارە ناساویتان پیکەوەهەیە؟ مراد کە یەکجار ڕوو هەڵماڵاو بوو دەڵێت: برادەر من ومەلا هاودەردین چونکە هەردووکمان لە زەمانی "شا" ساواک بووینو ڕاپۆرتمان لە پیشمەرگەی حیزبی دێموکڕات دەدا لە پاش ڕووخانی ڕێژیم من خۆم بەکۆماری ئیسلامی هەڵاوەسی زۆرم کۆرد بۆ کوشت، لەکوشتاری گوندی قارنەوقەڵاتان بەشداریم کرد، مەلاش بۆ شوێنە ونکە بوو بە کۆمەڵە بەڵام خودا هەڵناگرێ کۆمەڵە چ خێری بۆ مەلا نەبوو. مەلاسەید زاهید دەرهەڵدەبیتو دەڵێ: درۆ دەکات

بووختانم پێ دەکات. مراد دەست لە گیرفانی ڕۆدەکاتو چەند وێنە دەردێنێت کە لەگەڵ ئەفسەرەکانی ساواکو ژاندارمەری لەکاتی شوێن هەڵگرتنی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەساڵەکانی 1346و1347 لە لێواری سنووری کوردستان پێکەوەیان هەڵگرتۆتەوە. بەرپرسی ئیتلاعات دەڵێ: بڕۆن بەخێرچن کارم پێو نیە، ئێوە لە سەت ئاوتان داوە داوێنتان تەڕ نەبووە . مراد بە زوانی تورکی دەڵێ: (ئۆغلم)کوڕم لەبن عەباو مەندیل زۆر شتی تر هەن کە چاو هەتەری لێناکات!

(گوزەرانی لادێ)
هەموو ماڵێک لیسی مریشکانی هەبوو ئەوکات ڕێوی زۆربوو تایبەت وەرزی زستان خۆیان لە حەوشە ڕۆدەکرد. بۆیە کەشەو دادەهات مریشکو جوجکەیان دادەکردنە لیس. بەڵام عەلەشیش(قەلەموونە)لە سەر دارەکانی بێڵا یان لە سەر قەرەچیوە، هەڵدەنیشتن. هێندیک ماڵ کەرویشکیان ڕادەگرت کە زۆر بە ئەزە وەزەیە. مراویوو قازیش لە بازەماڵیک وەبەرچاو دەکەوت.

(مووچە)
لەتاقو لۆقی ئەو گوندانەی کە شاخاویبوون جێ جووتی لاتەریک دەکەوتە دەست جۆتیارێک کە گیا دروو قورخو پاوانو کانیاوی لە چوار چیوەی بەرە مەزراکەی هەڵکەوتبوو پێیان دەگوت: مووچە. وەرزێڕی ئەو جۆرە مووچەو مەزرایانە بەهۆی دابڕان لە ئاوایی لە بێگارو هەرەوەزی دێ تەرخان بوون. بەکوردی ئاغاو کوێخای خۆیان بوون.

(جلو بەرگی عافرەتانی کورد)
جلو بەرگی ژنانی کورد بەناوچە دەگۆرا. لە شنۆ گێلگێلەو دەسماڵ بوو،لەبن گێلگێلە چەند دەسماڵی هەوری کە تەختەکەیان گوڵی سووریان کەسکیان تێدابوو بە دەورە لێدالاند. کراسەکانیان بەداوین بوو باخەڵ بڵیند ،دەلینگی ئاواڵ کراسیان هەڵدەپیچرا، قەدیفەیان لەشان دەکرد،کولەجەیان بەسەر کراس هەڵدەکیشا، پشتیندکانیان پەشمینەی حەسڵ یان کرێشە یاکوو شەدە بوو . گوارەی 6گۆی بەزنجیرو پەرنگەیان لەگوێ دەکرد. بۆ کیژەکان پیاڵەزەنگی بوو زریزەیان لەبەرۆکی کولەجە بەقەتارە دەدروو. پێیان دەگوت هەیاسە،کە دەرۆین زەنگەو خرمەو خرینگەی لێدەهات. ئەوهەی هەژار بوایە لە جیاتی زێڕ زێو یان دووقرانیانی دەسک کراویان دەکردە هەیاسە. بووک کە دادەبەزی زێڕ وەشانیان دەکرد. قەرپووڵیان بە سەر دا هەڵداویشت، پاشان وایلێهات دراوی قاقەزیان هەڵداویشت. کە سەرو گێلگێلە دابی نەما، لە شارەکان تاسکلاویان لە سەردەنا. کە بە دەورە زێڕی لێ قایم دەکرا. گەردەنی زێڕیان لە ئەوکی دەکرد سەربسکەیان بەلاجانگ هەڵداوەسی . هێندێک دەوڵەمەند تانجی زێڕیان لە نێوچاوان بە تاسکلاوەکە هەڵدەبەست. کە پەرەنگەکانی بۆ سەر نێوچاوانی دەهاتنە خوار دوایی پێنج لیرەی بەزنجیرەوە بوو بە داب هەنۆکە بۆتە دەپەهلەوی. ئەوجار ئاواڵکراسی بە پزوویان لە بەردەکرد ژنەکانی مامەش ئاڵقەو کۆچکە بوو. هی ئاغا ژن زێرو هی ئاوایی زێو. لەگەڵ زرێزەی ژێر چەنەیوگوارەی بەزنجیرو پەرەنگە. جلو بەرگی ژنانی شکاکو هەرکی سنەو هەورامانوکەرمانشا. جیاوازی هەبوو. بادینیەکان سەرجەم خەزمیان لە کەپۆ دەکرد. خشڵەکەشیان بە جۆرەکی دیکەی تایبەت بەخۆیان بەزێڕینگەر بەدورستکردن دەدرا.

(کەرەسەی جووت)

نیر،دارێکی ئەستووره کەهەردوو سەری بۆ جێ دارکڵاوه دوو کونی تێکراوه. کە دەکەوێتە سەر ملی وەرزا، دارکڵاوەکان دەکەونە ئەولا ئەولای ئەستۆی کەڵ یان گاجووت. لای خوارەوەی دارکڵاوەکان کە دەکەونە سەرئەوکی وەرزا بۆ گریدانی بن کڵاوه لەلە کراون. بۆسە بریتی لە قایشەکی لێک هاڵاوی ناو ئاخن پڕ لە وەردەسیمەو دەکەویتە نیوەراستی نیرو سەری ئامووری دەچەڵەمەکەی بن بۆسە، هەڵدەکێشرێ. لە هەریەک لەم لالەو لای بۆسە چوار سینگۆلە وەک گەلە، لە داری نیر هەڵچەقاندراوە کە پێی دەڵێن (سەرمژانە). ئەگەر وەزایەک هەرەکەتی لالێنگەکەی دیکەی نەبێ بە جێ گۆڕی ئەو سەرمژانانە سووکو سەنگی پێدەکرێتو قورسایەکەی دەخاتە سەرشانی وەرزای بە هەرەکەت، دەبن بەهەمبەران. ئەوەی جۆتیار دەستی پێوە دەگرێ پێی دەگوترێ دەستەمستە . ئەوەی کاسنی بەسەر وەدەکەن شمشیرەیە. ئەوەی وەرزیر پێی لە سەر دادەگری پاش بارەی پیدەڵێن. ئەوەی ئەوچەند شتەی لێ قایم کراوە ئامووره. عارەبەش بریتی لە: پشتیندە، مازە، تەگەرە، لاتاڕ، قەرەقوشە، بانە، سەرینە ،تەختە،کە تەختەکان بەبزمار لە پشتێندە قایم دەکەنو دێهاوینە سەرمازە، لاتاڕەکان هەریەک لەلایەکو چیغ بۆ کاکێشان کەلکی لێ وەردەگێرێ. بۆ بارقایم کردن سەری گوریسی لە لاتارەکان ڕا دەگەیێنەوە هێچک. بۆ وەی بانەی عارەبە لە سەر مازە تەلاسا نەبێ هەر دوولای دەخنە سەر تەگەرەکان. دوو کۆلکەی وەستا داتاشراو لە بانەی عارەبە بزمارکوت دەکەن کە دەکەوتە سەر دوولای مازە. پیی دەڵێن قەرەقوشە، بۆ وەی قەرەقوشەکان لە کاتی سووڕانی مازە بەلێک خشان ئاگر نەگرن لە هەردوولا قولەک مێمووکی تڕ دەخەنە نێوان قەرە قوشەو مازە. بە ڕۆن چەوری دەکەن . روون لەکەڵە شاخ دەکرا، سەرینەش لە کاتی ڕاوەستان کەلکی لێ وەدەگیرێو جۆتیار جلو بەرکی زاپاس بە چەپەری عارەبە هەڵداوەسی.

(قسەی خۆش باون نەبێت)

دەڵێن جارێک مەلایەکی قسە خۆش مێوانی کاک عەولای جەڵدیان دەبێت لە ناو ئاخافتن دا بەکاک عەولا دەڵێ: ئەرێ قوربان دەکرێ پرسیارێکت لێ بکەم. ئەویش دەڵێت: مەلا فەرمووو! ئاخۆ قوربان سەرهەنگ پلەو پایەی بەرزترە یان سەرکار ئیستوار؟ کاک عەولا کە زۆری پێ سەیر دەبێ دەڵێ: مەلا خۆ نەتخوارۆتەوە! سەرهەنگ لەکوێو سەرکار ئستیوار لەکوێ! مەلا دەڵێت ئیجازەم بدە پسیارەکەم تەواو کەم. دەڵێ فەرموو. مەلا بەردوام دەبێودەڵێت: ئەمن یەکەباری خۆم چەند جار لەخزمەت جەنابت بوومە کە بۆ حورمەت سەرکارئیستواری پاسگای دواوانت بە فەرموو فەرموو وەپێش خۆ داوە! دەجا ئەگەر لەووەخت دا سەرهەنگ قادری خزمی خۆت لە وێ بوایە خۆ ئەو وەپیش جەنابت ناکەوێت دەجا ناچار دەبوو وەدوایی سەرکار ئیستوار بکەوێت .بۆیە دێینە سەر ئەو قەناعەتە کە سەرکار ئیستواری عەجەم لە سەرهەنگی کورد لەلای خۆیی پلەوپایەی بەرزترە!؟

(تەلاق هەڵبەستنەوە)

لە سەر دەمی ئاغاتی ئەگەر مەلاکان تەڵاقی هەژارکیان یەخستبوایە ژنەکە هەتا تەڵاقی بۆ هەڵدەبەستراوە لە ماڵی ئاغا یان ماڵی مەلا دەماوە. مام مەلا بە کاوەخۆ لێی دەکۆڵیەوە ئاخۆ کابرا چۆن تەڵاقی بەسەر زاری دا هاتوە. گوتویەتی : تەڵاقی کەوێ یان لەفزی یەکو دووی گوتوە. یاکوو ناوی سێ تەڵاقەی هێناوە. چونکە بە قسەی مەلا ئەگەر کابرای تەڵاق هاویژ ناوی سێ تەڵاقەی نەهێنابوایە مەلا بەهێزو هەرەکەتی دووەکەی دیکە هەڵێدەبەستەوە. جار وابوو مەلاکان لە سەر ئەو مەسەلە مرخێش مرخیشیان لە نێوان پەیدا دەبوو لەگەڵ یەک دەکەوتنە نامە گۆڕینەوە. لە دێهات ئەمە بە ئاغا دەگوترا .

چونکە مەلای سەرۆک عەشیرەت یان ئاغای زل با هەرپیش لە برِی دەنەکردبوایە قسەکەی لە برەو بوو رەقیلەشەرعی عارەبی دەخسترا. لە کاتی ئەوهادا هێندیک ردین بۆز یان قۆشمەی ئاوەدانی بۆیان لە ملی دەداو لە شایەتی دا ویژدانیان دەدۆراندو دەبوو مارە بەجاش! ژنەکەیان بەتۆبزی لە یەکیک مارە دەکرد. شەویک لە باڵیان دەکردو لەگەڵی دەنووستو سبحەینە پییان تەلاق دەداوە. بەڵام هێندیک مەلا کەیفیان بەو دۆدی بۆدیە نەدەهات دەیانگوت: کابرای تەلاق خواردوو کەرە،کەریش تەلاقی ناکەوێ. مەلا تاهیریک لە کوردستانی باشوور هەبوو ئەو شتانەی لە بنەرِەت را رەت دەکردەوەو مارەی بە تۆبزی هەڵوەشاوەرادەگەیاند. دەیگوت ئەوانەی بە زۆرە مل مارە کراوەن مارەیان نەهاتوە. هەرلەزنادانە. کیژ بەتۆبزی بە زەبری خەنجەرو ترسو لەرزوەبەرنان مارەی نایە، بۆ ژیانی هاوبەش پێویستە هەردووک لا بە دڵ رازی بن. ئەوین حاکم بێت.

(تەرخان)

کابرایەک لە لای قارەمانی نەمری کوردسمایل ئاغا ناسراو بە(سمکۆ)تەرخان کرابوو کە بە هەموو ئاغاو پساغاکان جنێو دەدات. بەڵام چونکە کابرا ئەوەندە دەم هەلاش دەبێتوکەس نابێرێت دەبیتە هۆی دڵ ئێشی ئاغاکانو مەسەلەکە وەبن گوی سمایل ئاغا دەکەوێتەوە. بەریکەوەت ئەوێ رۆژێ خەڵکەکی زۆر لە ماقوولو ردین سپیو سەرۆک عەشیرەت لە گوندی (چاریەی)مێوانی سمایل ئاغا دەبن وەرزی زستان دەبێ. لە هۆدەی دیوەخان گۆرِک تەژی لە قەلاشکەریو سەختە دارو چەقالە دەکرێتو ئەو ها نێڵ دەدرێ کە هالاوی گەرما هەموو لایەک دەتەنێتەوە. نەمر سمکۆ لە کن ئەوهەموو مێوانە کابرا گاس دەکاتو پێێ دەڵێت : ئێدی لەوەی واوە حەقت نیە لەگەڵ کەس جەفەنگ بکەیو قسەی سووک بەکەس بڵێی. پاشان پاڵتۆکەی خۆی دادەکەنیو دەڵێ: ئەوش خەلاتی تۆ! کابرا خەلاتەکەی ماچ دەکاتو بە سەر شانی دادەدا، دێ بگەرێتەوە جێگای خۆی دەدینی ئەوە پیرە شکاکەک لە رەخ گۆرکی پر لە پشکۆ دانیشتوە لە حاڵێک دا پریشکی پۆلووی ئاگر وەدەمو چاوی دەکەوێ بۆ جغارە وێختن ئەوە چەخماخەکی بە ئەستێوو پووشوو لێکدا لێکدا لێدەدا هەموو لەپی دەستی خۆی پی کۆلەوار کردوە چەند دەکات تروسکەی نادات. کابرا دەگەرێتەوە لای سمایل ئاغاو ساکۆیەکەی لە خزمەت دادەنێت دەڵێ: قوربان ئەوە خەلاتەکەت دەجا ئەمن چلوون بابی ئەو... والینەکەم کەلە پەنا گورکی تەژی لەئاگر ئەوە خۆی بەم چەخماخە بەئەستیوو پوشیـیە شلوکوت کردوە.

(سۆفی ئەحمەد شەیتان)

رەحمەتی کاک عەولای جەڵدیان سۆفی ئەحمەدشەیتانی قرۆشاویی تەرخان کردبوو. سۆفی شەیتان پیاوەکی قسە خۆشو ئاقڵ بوو. بەڵام ئەو هێندە زوان شر بوو لاقو لەتەری هەموو کەسی دەگرت بۆ خۆشی بەجنێو پێدان گوێچکەی نەدەلەقی. هەر چەند ناوبراو خاوەنی هەزار کەتە پەز بوو بەڵام کۆنە کەراسی کاک عەولای لەبەر دەکرد. هەر ئیشیایی لێبوو ئەوها رابوێرێ. برادەرێک دەیکوت: رۆژێک بە هەڵکەوت لە گەڵ چەند هاقاڵ لە سەرریگای شار تووشی بووم کە لەگەڵ رەحمەتی شێخ مارف بەرزنجی لە بەردەگای ئیدارەی دوخانیاتی شنۆ راوەستابوونو پێکەو خەرێکی قسە کردن بوون. ئەوش بڵێم جەنابی شیخ مارفیش هەر جنیوی لێدەباری! هیشتا نەگەیبوونە لایان سۆفی شەیتان بە دەنگیکی بەرز بەشیخی گوت: (بێ ئەوەلەگەڵ من ناسیاوی هەبیت)ئەرێ ئەو تاژیە رەشە بۆ کوێ دەچێت!؟ جەنابی شێخ گوتی: لیی گەرێ ئەوە سەگی خۆمە! لەداخان بێ سەڵاو تیژ تێپەرین. سۆفی شەیتان جرتەکی بۆ راهێشتین!

(جەفەنگی شنۆیەکانو قەڵسەگیڕانو بەزمی تەلفوون)
خەڵکی شاری شنۆ لە قەدیمەوە خۆلیای جەفەنگن. ئەوهەی کە تووڕەبێت قەڵسەی لێدەگێڕن. لەو دوایانەدا کاک قوباد زرەزاو حاجی شیخە دەچاوان گیرابوون. بەتایبەت کە تەلەفوون لە1368 بۆ شاری شنۆ کێشرابوو. چ ماڵیک بی گۆنگەڵ نەبوو زوربەی زەنگی تەلەفوون پەیوەندی بەم جۆرە گەمانە هەبوو. بۆیە خەڵکەکە ئامادەگی زینیان هەبوو. بەر لەوە گوشی هەڵگرن وەڕامەکەیان لە میشکی دا ڕەوان کردبوو. برادەرێک دەیگوت: من کەیفم بەم جۆرە بەزمە دەهات بەڵام نەمدەویست بناسریم زۆر جار سی چوار ڕۆژ لە شنۆ دەمامەوە بۆ زۆرکەس تەلەفوونم دەکرد زۆرکەس هەر بێ ئەوەی قسە بکەم دەمیان لە جنیو دەکردەوە. حاجی ڕەحمان ڕەحیم زادە کەسی نەدەپاراست .هێندیک دیاری دەدا زۆر بریندار بوون .کە گەردنیان لەلای من ئازاد بیت .
بەلام دوو تەلەفوون کە وەڵامەکەیان سەیر بوو دەگیڕمەوە. دەیگوت: شەوێک لەساعاتی 1ی پاش 12ی نیوەشەو تەلەفوونم لەماڵی حاجی سوڵتانی ڕەحمەتی کرد،گوتم حاجی ببەخشە کە لە خەوی شیرن وەخەبەرم هێنای دەکرێ بفەرمووی مێتری کرێشەی قەدیم بە چەندە؟ دەستوجی گوتی: بە دوو ترِی مرۆڤێکی وەکووتۆ کەر! هەروا ڕۆژێک تەلەفوونم بۆ حەمامی ئەمینی کردوگوتم کاکە لەحەمامی ئێوە پشیلە دەشوون؟ کابرا بێ ڕاوەستان گووتی: ناکاکە ببورە بەڵام ئەگەر دایکت بنێری دەست وجی دەی شووین!

(سەربهوردەی کاک سەعید ئەمینی)
دەڵێن جاریک مستەفای مەحموودزادەو سەعید ئەمینیو چەند ڕاوچی دیکەی شاری شنۆ بۆ ڕاوی بزنە کێوی وەڕێدەکەون. مەجیدی عەلیە کەچەلیش بۆ جەفەنگ لە گەڵ خۆ دەبن. مەجید بۆ قسەی خۆش لەپەی هەموو شۆرباوێک بوو. بۆ ژەمێک لادەدەنە ماڵی ئاغایەکی عەجەم کە لە گەڵ مەجید ناسیاوی دەبێت. کە وەژوور دەکەون ،مەجید ڕاوچییەکان یەک یەک بە خاوەن ماڵ دەناسینێت بەڵام کە دەگاتە کاک سەعید ئەمینی جگە لە ناساندی بە ئیشارە(هیما) حاڵی دەکات کەناو براو تووزەڵەو نایە لیدەدا. دوایی چێشت خواردن مەجید چاو لەخاوەن ماڵ دادەگری کە لە کاک سەعیدداوا بکات شتێک لیدا. ئاغا ڕوو لە کاک سەعید دەکاتو بەزوانی تورکی پێی دەڵێت: سەعید ئاغا (ئەگەر زەحمەت ئوڵماسن بیزە بیر شێی چاڵ). کاک سەعید دەڵێ: چی؟! کابرا جارەکی دیکە قسەکەی دوو پات دەکاتەوە. ئەگەر لەلات زەحمەت نیە شتیکمان بۆ لێدە لەتووزەلە نایە! کاک سەعید کە دەزانی ئەمە فیتی مەجیدە ئەوەی بەسەر زاری دادێ نایگێڕیتەوە. بەڵام کابرای عەجەم کە لە مەسەلەکە ناگات پەتیا پەیتا بە تورکی دەڵێ (گەیدی یۆختی چاڵمە) یانی قەیدی ناکات لێمەدە. کاک سەعید ئەوەندەی دیکە تورە دەبیت. لە ماڵی کابرا دەردەکەون پاش بەینێک کاک سەعید هێندیک سارد دەبیتەوە. ڕاوچییەکان پێی دەڵێن ئەگەر دڵی مەجیدی چا نەکەیەوە لە شنۆ ئابرووت دەبا! لە ئەنجام دا پێڕادێ بەڵام مەجید دەڵێ: جنێوی ناموسی داوەتمێ ئەمما چوونکە ئەنگۆ ڕووم لێهەڵدێنن بەو مەرجە لەگەڵی پێک دێمەوە کە گەینەو شنۆ دەبێ لەگەڵم بێتە لای ئاغا مووسا خان زەرزا(دەشیان زانی کەئاغا ئەوکەسەی ناخوشدەویست کەدرۆی کردبوایە، سەعیدیش برای خیزانی بوو)لەوێ بڵێت: ئەو نیچیرە مەجید کوشتوویەتی! لە ئاکام دا کاک سەعید بۆ ئەوەی ئەوقسە بڵاو نەبیتەوە ڕازی دەبێت. لە سەر ئەو بەڵینە بە جووتە دەچنە لای ئاغامووساخان. بەڵام مەجید لە ڕێگا بە کاک سەعید دەڵێ: ئەمن لەگەڵ توو نایمە ژوور لە پشت دەرگا ڕادەوستم گویچکە لە قسەکانی تۆ هەڵدەخم. بەو قەول قە رارە دەچن. ئاغا کە زانیوە بزنەکێوی کوژراوە کە سەعید سڵاو دەکات دەفەرمووی دەست خۆش! کاک سەعید دەڵێ: قوربان مەجید ئانگاوتی! ئاغا کە دەزانی مەجید قەت چەکی هە ڵنەگرتووە هەر نازانێ

تفەنگ باوێژێت لەلای سەیر دەبێت دەفەرمووی بە ڕاستێتە؟ کاک سەعید دەڵێ: بەسەری تۆ! خۆ درووت عەرزناکەم! لەوکاتە دا مەجید وەژوور دەکەوێو سەڵاو دەکات ئاغا مووساخان دەڵی: مەجید بارەکەاللە دەست خۆش! مەجیددەڵێ: چی قوربان؟ ئاغا دەڵێ: ئەوەنیە سەعید دەڵێ: بزنەکیویت کوشتووە. مەجید دەڵێ: بەسەری ئاغای درۆی عەرز کردووی!

(چارداغ)
وەرزێر حەقی نەبوو ڕەزی ترێو باخی مێوە بچەقێنێت. بەڵام هەموو جووت بەندەکان بەپیی توانا بەشی بنەماڵەکەیان سەوزی خواردنو بێستان دەکرد کەبریتی لە:زەبەش(شووتی)خیار (هاروێ) تەروزی(کالیار)وکولەکە، تاڵکە، گرکە، لەچەند دێراو دادەچاند. زۆرتر لەو زەویانە کەلک وەردەگیرا کەلەڕەخ جۆگەو کانیاو هەڵکەوتبوونو چارداغیان لێ سازدەدرا. نانو پێخورو دۆی کوندەڵانەشیان لە بن سێبەری کەپر دەخستە بەردەست. وەرزێرو منداڵەکانی بۆ وچانو حەسانەوە لەبنی ڕۆدەنیشتن . هەر ڕێبوباریک بە ویدا تێپەری بوایە بەڕوو خۆشی خولقیان دەکرد. چای میشوولەدار قومی پاشایەتیکی بێ تەختو تانج بوو. وەرزێری پیرو کلۆڵ دڵو دەس هاوەڵادەم بە پێکەنینو ڕەزاسووک، کیژی ڕوو ئەسمەری گەردن کێلی بیچم قورینگ وەک فرشتەی بەشەرموعەیا ڕەوشتیان بەو چارداغانەدەدا. هەنۆکەش لە دوورترین نووختەی دنیا بە تەمەنی 67ساڵی بەبیرەوەری ئەودیمەنانە مەستوسەرخۆشم!

(سوونەت کردن(خەتەنە)
ئەو وەخت بۆ سوونەت کردن دکتۆرو دەرمان لە گۆڕێدا نەبوو هەر گۆترەکاری بوو . کابرایەک کە گوێزانێکی تیژی مووهەڵگری پێ بوو گونداو گوند دەگەرا پێیان دەگوت:(کیربڕ). ئەوکەسەی کە منداڵی بۆ سوونەت کردن لە باوەش دەگرت پییان دەگوت (کیروا). منداڵی گوند کە دەیاندی کابرایەکی دۆلینگ لەبەر کیفی بەدەستەو نامۆیە، دەیانزانی ئەوە کابرای کیر برە. دەستیان دەکرد بەزیرو هۆرو خۆیان دەشاردەوە. بەڵام دەربازیان نەدەبوو بەگریان دەگیران. دەجا کیروا لەسەر کورسی یان کۆلکەدارێک دادەنیشت منداڵەکەی لەباوەش دەگرت. کیربڕ لە پیشدا چەرمە زیادیەکی بێلامانێ بە خۆڵەمێش دەخاراند پاشان دەیخستە نیوان دوو قامیش ئەوجار دیوی پشت قامیش بە دەزوو دەبستو گوێزانی پێدادێناو دەیبڕیو خۆڵەمیشی تەندووری لە توربەکی گچکە دا پێوە هەڵداوەسی. دوو حەوتوو دەماوە. ئەوە هەتا ساڵی 1342لە هێندێک شوێنی شاخاوی هەتا1457هەر بەردەوام بوو. ئەمە سەردەمی شارەستانیەتی ئەحەلاحەزرەت بوو!

(ئوتمبێل)
ئەوکات یانی 1328ئۆتمبێل بەدەگمەن دەهاتە بەر چاو. لەشاری ورمێ لە جیات تاکسی فایتوون تێدە هەڵدەسووڕا. لە گوندەکان هاتووچوو بۆ شار بەپەیا یان بەسواری بوو. زۆربەی ئاغاکان ئەسبی کەحێلوکەحلانیان هەبوو. ئەو هەی ولاخی سواری (یەکسمی )نەبوایە بەسواری گوێدرێژ هاتوو چۆیان دەکرد. لە ناوچەی گەورگاتی سەقز، هەورامان، سنە. گوێزە گویز بەهێستر بوو، لەهێندیک ناوچە وشتریش کەلکی لێ وەردەگیرا. ڕشایی دێو بەلەنگازی شارەکان بۆ بەرێ چوون ڕوویان لەگەرمین دەکرد لەکوردستانی باشوور سابوون عەتر، چای پالەوان نیشانیان جاش پاڵتۆیان دینا. هەر چەند سنوورەکانی داتاشراو چاوە دێریان لەسەر بوو. بەڵام ڕێگا لە سوارو پەیا نەدەگیرا. ئەو مامەلە قازانجی بۆ وان تێدابوو. بەڵام جگە لەڕاپۆرتی شەیتانیو نەمامو سیخورەکان زۆرجار ژاندارم ڕاستەو خۆ بۆسەیان بۆ دادەنانەوە.

ئەوهەی وەبەر هاتبایە ئەو هێندەی بەیدی بەیدی پێدەکرا کە دەست مایەکەی لە دەست دەچوو. بەڵام چونکە خەڵکەکە ناگوزیر بوون هەڕەمێنی هەر لە سەر بوو.

(بەسەراگەین،سەڕافەت)
ئەوەی ئەمن دیتە بیرم لەساڵی 1330شاری شنۆ ئەوها جمەی لە حەشیمەت نەدەهاتو قەرەباڵغ نەبوو بەڵام شارۆچکەیەکی یەکجار دڵگر بوو. هەر چەند کارەبا (بەرق)ی بۆ نەکێشرابوو، بەشی زۆری ئاوی بۆرپیە (لوولەکەشی) نەکرابوو. لەنێو بازاری سەر بە قەیسەریەکەی چراتۆری تێدا هەڵدەکرا. شار لە دووخانیە (ئیدارەی جگارە)دەستی پێدەکرد لە تەنگە بەرایی گەرەکی ئیدارەی ئەمنیە (ژاندارمەری)کە جۆگەلەیەکی بە بەردی ئاسائی لێ هەڵچنرابوو بەرەخ داتێدەپەڕی. کە دەگەیە ماڵی کوێخا عەزیزی کۆتایی پێدەهات.
کە لە نەڵیوان ڕاهاتبوای لە قەبرستان دەپەریەوە دەگەیشتیە ڕاستە بازارەکەی لە کاروانسەرای حوجرەی فەڕوخیو چایخانەی سۆفی خەلیلو ناڵبەندی وەستا حوسێنو دووکانی خرتو پرتی فەقێو سوو کاروانسەرای خوشکە پەریو چایخانەی ڕەحمەتی سمایل قاوەچیو بەستەنی فرۆشی محەمەد چیانلوو، لەو بەر لەم بەری بازار هەڵکەوتبوون. بەدەستی ڕاست کلکەی بازاری لە جیا دەبۆوە. سەرجەم وردەفرۆشیو لبنیات فرۆشی بوون. لە مزگەوتی بازاڕ دوایی دەهات. جارێکی تر ڕاستە بازار دەستی پیدەکردوە دەگەیە دووکانی شیر عەلی زادە دووکانی مەولودی بایزمامۆی قادرفەڕوخی کە ئەنتیکە فرۆش بوون. کە لەوان تێدەپەڕی کووتاڵ فرۆشی سەلیم سەلیمی، شەریف حامیدی، قەرەخانی مەجید چپەوڵ، سوڵتانی سولتانی ، حاجی سالح، ئەحمەدیان، حاجی ئەحمەدە شەلە، حاجی محەمەد ڕەحیم زادە، دووکانی مەولوود پورزێڕن، ڕوو بەڕووی یەکدی بوون دووکانی گەورەی خەرازی ڕەحمان گەجەنی، زێڕینگەری مەلاشەمس ئەدین، دووکانی سەروەری، قەرەخانی، جانگیری. ئەوانەی ئەمن ناوەکانم لە بیرماون. قەیسەریەکە هەرچەند بەدار دورست کرابوو بەڵام شوێنی مێژووی کەونارای کوردستانی پێوەدیار بوو. ئێستاش کە ئەو دیمەنە جوانە دێنمەوە بەرچاو خەیاڵ بەرەو ئەو سەر دەمم دەڕفێنێ. یادی بەزموگەمەی محەمەد خەلەوی مەجید گزیر، مەجیدی عەلیە کەچەڵی. دەنگە خۆشەکەی قادر لاوە، قسە پڕمانایەکانی ئەسعەد دەشتەبێڵی لە بن گوێم دەزرینگێتەوە. ئاوی قەترەکانی کە لەدەم لێواری رووبار لە سەرەوەی ماڵی عەباس خان زەرزا، بەم ساردو زۆلالی کەپری لە سەر ساز درابوو. ئێواران لاوەکانی بە زەوقی شنۆ لە ژێر ڕا لە گەڵی دەهاتنە خوارو بۆ چایی لایاندەدا سەر قەترەکانی. لە وەرزی بەهار کەچی (گادەر) هەڵدەستا کەفی دەکرد. قەڵپەزەی شەپۆل بەرز دەبۆوەو هەر حیلەی دەهات. کە بارانو لێمشت بەگوڕ دەچوونە ناوی بە شەپۆلان پردەکەی ناو بازاری هەڵدەگرت دووکانەکانی ئاقاری لە چەم دەخست. دوو کەرەت دووکانی حاجی ڕەحمان گەجەنی هەڵگرت. گوندەیەکان لە پیدەشت شتوو مەکیان دەگرتەوە. بازاری شنۆ تایبەت لە جاخی مانگی ڕەمەزان کە خەڵک شەوانە هەتا پارشیو (ساگوور) نەدەخەوتنو جحێلی گوندەکان دەهاتنە شار یەکجار دڵڕفین بوو. لە ناو قەیسەری بازارەکە چراتۆڕیان هەلدەکرد. بەستەنیو پاڵوودە بە سەهۆڵی گەڵی گادەرو مەشکەفیو فرینیو چایی تازەدێمو مێشەولەدار بە ئاوی قەترەکانیو ئەو چێشتانەی بە کوارگو کورادەو کەماو مەندۆکی زۆزانان لە تاریف نایە. میلاقی وەرزی زستان ئەو گوێزە کاغەزیانەو خۆشاو چیو چی! شنۆ ئەوکات لە نێوداری میوەجات دا نوقم ببوو. بەگوڵە باخە پەرژین درابوو. هەرچەند دەکەم لە هیچ سووچو کەلێنی ئەو دنیایە ئەو دیمەنە خەیاڵ هێنەرە نادۆزمەوە.ئەو کات هەرچەند خەڵک ئەوها بە سامانو غەرەو نەهەنگرابوون. بەڵام دڵپاکو بێ دەبەو دوورە پەرێز لە بنبڕ بوون. بەداخەو زۆر لەو دووکاندارانە ئەمری خوایان کردوە. ئەوچاخ ماشینی ئوتوو بووس لە شنۆ نەبوو بەدرنگەوە ماڵی عەولا سەوار دوو

ماشینی کەمانکاری ئەرتەشیان لە هەراج کڕی. هەر دوو برا لۆتۆی 100هەزارتومەنیان بۆ وەدەرکەوت کە ئەوکات ئەو پارەیە بنەی نەدەهات لە ناوچە دەنگی داوە. پیی زەنگین بوون، ڕەحمەتی کاک عەولا سەوار کە پاشان چوو حەج پیاوەکی پیاوانەو دڵو دەرون هاوەڵا ڕاستگۆ بوو. لە سەر دەمی کۆماری مەهاباد 1324ئەندامی ژ-ک بوو خۆی بە خزمەتکاری کوردی بەکەڕامەت دەزانی. ڕەحمەتی کەریم سەوار مردو ڕەند بوو بەڵام سەرخوش دەبوو ئەو خوسرەوخانی زەرزای وەبن ماشین دا بەڵام عەفوویان کرد. ئەو سەردەم شاری شنۆ هەڵسووڕانی بە دەست مەرزەبانی بوو. بۆ ڕاپەڕینی کارو باری نێو شار خاڵە هەبیبە سوڵتان کرابوو کوێخا. ناوبراو بەحەق مرۆڤێکی ڕەنگ پیاوانەو بەزیپکو دەمارو گەلێک ماقوول بوو. ئەو پەیوەندی نیوان مەرزەبانیو عەشیرەتەکانی پێکەوەگرێدەدا، سواری گوێدرێژێکی سپی ئالانی دەبوو کە بەژنی بەقەت هەسپێک بوو. نووسەری ئەو دێڕانە شێعری (کەری خاڵەهەبیبەی )بەم بۆنەوە هۆندۆتەوە. لە کتێبی (بەرەونەڵیوان)نووسراوە. ئەو کات ئستیوارێک بە ناوی دشی لە مەرزەبانی دەشوغلێ کە بەسەرکار ئیستوار دشیان گاس دەکرد. ناوبراو کوردی سنە بوو ماڵەکەی لە قەراخ ماڵی میرزاسوڵتانی فەڕوخ زادە بوو. لەگەڵ ناوبراو دۆستایەتی هەبوو. کە هەموو کارێکی بە بەرتیل ڕادەپەراند. ئیستوارەکی دیکەشی لێ بوو کە بە ناوی کەریم مەرزەبان ناوی دەرکرد. ئەو کە یەکجار لەخۆی ڕازی بوو خۆی بەهەموو کارەی سنوورە داتاشراوەکان دەزانیو کوردی کەرمانشا بوو. تفەنگەکی بڕنۆی سەرتۆپی پێ بوو. لە هاتوو چووی نێوخێلات کە لە زۆزانی کێلەشین هەڵیاندابوو دەخولاوە بە دیناری کوێستانچی کوردی کوردستانی باشوور غلوور ببوو کە سەردەمی ڕێژێمی فەیسەڵ دەهاتنە کوردستانی ڕۆژ هەڵات دەیگوت: ئەوەی ئەو نەیکوژی نامرێ. ئەوخێلانە بریتی لە :هەرکی، مامساڵ، پیرەسنی خوشناو بوون. ئەوزەمان بەپیی دابو نەریت کە خەڵکی گوند دەچوونە شار بۆ فراوین لە ماڵی شارەیەکان دەمانەوە. میوانخانە بۆ ئەوکەسانەبوو کە لە مەڵبەندی دیکە ڕادەهاتن یانی غەوارەو بیوار. ئاغاوەت بە نووکەرەوە مێوانی ئەو دووکاندارانە دەبوون کە سەوداو مامەلەیان لە گەڵ دەکردن. بەڵام ئەوانەی سفرەیان هاوەڵا بوو بە نانخۆشی مێوانگر دەناسران بریتی بوون. میرزاحەمەدەمین فەروخی، حاجی ڕەحمان گەجەنی، میرزاحەمەدەمین ئەمینی، حاجی ڕەحمان ڕەحیم زادە، حاجی محەمەد ڕحیم زادەو کوڕێکی ناو براو باشی خوێند لە ئەرتەش پلەوپایەی بەرز بۆوە لەساڵی 1357 کە ڕێژیم ڕوخاندرا پێم وایە بەدەرجەی (سەرتیپ)ی خانەنشین کرا. جەنابی ژەنەڕاڵ هەرچەند بەهۆی ڕەوشتی بنەماڵەکەی لە بواری سیاسی دووره پەرێز بوو لە هەستی کوردایەتی نامۆ دەهاتە بەرچاو بەڵام لە مەڕ دۆخی کۆمەڵایەتی جیگای ڕێزوو ئیحتڕامە.

(شنۆو تەرەکەمە)

ئەوچاخ شاری شنۆ تەرەکەمەی نەکەوتبووناو، زوربەی دانشتوانی بەروپشت شنۆییو خزمی یەکتر بوون ئەوهەی ئەمن وەبیرم بێت دووکەسی شنۆیی بوون بە(شەهردار)یەک میرزا مستەفای کوڕی حاجی حوسینی قەزەناویو ئەوی دیکە کاک نەبی قادری کوڕی حاجی حەیدەری سۆفیان بوو کە لە ساڵی 1340 بووبەئەندامی حیزبی دێموکڕاتو ساڵی 1357ڕەگەڵ حیزب کەوت دوایی بوو بەرێبەرایەتی سەرئەنجام تووشی نەخۆشی سەرەتان بوو لە 1375/9/12ی هەتاوی لەدانمارک ئەمری خودای کرد.

(شنۆ)

شاری شنۆ هەتاساڵی 1374ی هەتاوی شارۆچکەیەک بوو لە ڕاستیدا عەجەمی نەغدە بەرگریان لێدەکرد نەیاندهێشت ببی بە (شارستان)هەنۆکە لە ئوستڕالیا ئاگادار بوومە کەئەم شارە کەونارایە کە میژووی بۆ سێ هەزار ساڵ لە مەوەبەر دەگەڕێتەوە. بۆتە(شارستان). خەڵکی شاری شنۆ لە قەدیمەوە هێندیک سەرگەرمیان هەبوو بۆ نموونە لە مانگی ڕەمەزان خەڵک خۆیان بە دامەو حەوت ڕسکێن دەخافلاند . ئاغا مووساخان زەرزا، شەمسەدین، میرزا حەمەدەمین فەڕوخی، حاجی عەزیز کەڵانتەری ئاغای ئەمینی بەناو بانگ بوون. لە تەمەن درێژانیش قازی محەمەدخدری، مام ڕەمەزان، بنەماڵەی مەلا عەولای مەنعاوی، دەکرێ ناو بەرین. شاری شنۆ بدرنگەوە بانکی لێ جێگر بوو. چەکو براتو سفتەی لێ هاتەگۆڕ. دەناحیساب هەرلە دەفتەران دادەنووسرا کەسیش حاشای لێ نەدەکرد. خەڵکی شنۆ بە پیچەوانەی شارەکانی دیکەی کوردستان سنە،کەرمانشا، ئیلام، ورمێ، تایبەت ساڵبۆریەکان حەز لە گۆوەندوو شایی ناکەنو یەکجار رووح مردوون. وەبیرم دێ دووکاندارەکان لە ناو قەیسەریەکە هەریەکە تەسبێحەکی 100دەنکەیان بۆ زکروتەلیلە بەدەست بوو، هێندیک جار وردە حیسابیشیان پێ دەکرد. ئەو تەسبێحە درێژە بۆ جنیو دان بە نەیاریش خەراب نیە. زوربەی خەڵکەکەی ئۆگر بەدەرویشو شێخاتیو مریدوو سوفیاتی بوون. لەم شارە تەریقەت لە برەوە، قسەی پاشملەش دەبنە مزگەوت! لە هێنانەگۆڕی ئەم ئاخافتنانە مەبەست ئەوەنیە کە ڕێزو حورمەت لە مرۆڤی ماقوولو خاوەن کەڕامەت نەگیرێ، بەڵام ئێمە دەبێت بەم هۆیەوە ئەو سەیدو شێخو کەڵە پیاوانمان خۆش بوێت کە ڕێز لەگەلەکەیان بگرنو میژووی نەتەوەکەیان بە بوێری لە بەر چاوبێ. یاریدەری لێقوماوان بن خەڵک لە تەکیەو خانقای ئەوان بحەسێنەوە، دەرسی خەباتی کورداتی بە کوڕی کوردبڵێن. لە مەڕ ڕزگاری کوردستان خەلکی وشیار کەنەوە. هەڵویستی کوردانەیان هەبێت. داگیرکەرانی کوردستانیان پێ بناسێنن. نەک لەبەر ئەوە کە بەداخەو خویان بەچەند بە ڕەبابو چەند پشت بە یەکێک لە عارەبەکان وەدەنووسێننو ئیفتخار بەوە دەکەن کە خزنی عارەبی دەشتەکین. ئەمە بێ گومان درۆیەکی حاشا هەلنەگرە. چونکە چ کوردێک عارەب نیە. دەجا وشەی سەید بە مانای ئاغاو مەزن هاتوە، چ کوردێک ئامۆزای پێغەمبەر نیە ناشتوانێ خۆی بکا بەعارەبو ئەو شەجەرەنامانە بەگشتی درۆنو پیلانی داگیرکەرانی کوردستانە.

(گیچەڵی ئاو لە سەرینچاوی گادەر)

ئاوی بەندی شاریش هەراو هوریاو گێچەڵی لێ سازدەبوو. چونکە سەرچاوەی بەند لە سەرەوەی شار لە ناوگەڵی هەڵدەبەسترا. لە وێڕا دەستاو دەستاو لە بەرە جۆی گوندەکان دەکرا. میراو پیتاوەکان چاوەدێریان لێدەکرد. بەڵام ئاوەکە لە زۆر شوێن بەنێو باخو ڕەزو باخاتو ڕەزی ترێو میشەی شارییەکاندا بەرەو خۆارەوە دەڕۆیی. جارو بار وەتەماحی دەخستن کە شێلەگە بشکێنن، کە ئیشکاو دەگەییە سەر زەڕاعەت میراوبە سەر ئاو دا دەگەڕاوە ئەمما هەتا شێلەگەی دەگرتەوە کات دەسووتا، دەمەتەقەو مشتو مڕو شەڕەپێمەڕەی لێ دەکەوتەوە. لە سەر قوناویش چەقەو گوڕە سازدەبوو. شارەییەکان میراوی بە جیایان ڕادەگرت. وەدەبوو لە سەرە ئەو جۆرە شتانە نێوان ناخۆشی یان دەکەوتە بەین.

(نەخۆشخانە)

شنۆ بە درنگەوە نەخۆشخانەی لێ دورست کرا. بەڵام لە ڕاستیدا شتێکی ڕەواڵەتی بوو. هەرکوێت ئێشابوایە یان ژانی تێ وەستابوایە ئەگەر دراوت نەبوایە هەر حەبەکی قسلاوی بوو کە ئێشی پێ دانەمرکا. ساڵی

1337ی هەتاوی (یاریدەری دکتۆر) ئەفسەیارێکی نیزامی بوو. کە کوردی سنە بوو. ناوبراو لە مەرزەبانی دەشوغڵی لە کاتی وچان چاوی بە نەساخی ئاسایی دا دەخشانە. ئەگەر بەهەڵە نەچووبم ناوی فیرووزی بوو. پیاوەکی باش‌و دڵسۆزی کورد بوو. وەفکر دەکەم کوڕەکەی وی بە ناوی سالحی بوو بەدکتۆر. ساڵی 1343کەماڵی بەردە کەشکی بریندار بوو. بردمانە چادری ئەحمەد بێری کە لە دەرەسۆری هەڵدابوو. پاش ئەوەی خێزانی ناو براو برینەکەی بە شەب برژاندەوە بەو ئەسپەی کەلە گردکاشان لەماڵی سۆفی برایم مان وەرگرتبوو گەیاندمانە ماڵی مستەفازارا لەگوندی کۆیک. ئەویش لە ترسی ڕاپۆرت بردبۆیە چیاکانی گوندی وەزنە، لە کیوی (مریشک قران ).ڕەحمەتی کاک محەمەدی (یوونسلیان)ی تێگەیاند بوو. ناوبراو مەسەلەکەی لە گەڵ دکتۆر سالح هێنابوو گۆڕ. دکتۆر چەند کەڕەت بە شەو لەگەڵ کاک محەمەدو مستەفا زارا چووبوو چیای مریشک قران‌و شەرگە لە وێ دەرمانی کردبوو. ئەو لە خۆ بردوبییە لە زەمانی "شا"بەکەم کەس دەکرا. چونکە سزای گران بوو. هەڵبەتە مرۆڤی ئەوها لەکوردستان کەم نین کە لە حاست ویژدان سەر بەرزن‌و لەبەر چاوی گەلەکەیان ئازیزو خۆشەویست. جوامێری کاک محەمەدو مستەفا زاراش لەو لاڕاوەستێت.

(مەلاو موستەعید)

مەلاو فەقێ‌و موستەعید بژیویان لە سەر وەرزێر بوو، بەوان بەڕێ دەچوون. فەقێ سێ ژەمە بۆ چێشت دەبوایە ڕوویان لە ماڵی خەڵکی ئاوایی کردبوایە. سووختە وەماڵان دەکەوتن‌و دەیانگوت: ڕادبەی ڕەحمەتو لێ بێت)ئەوانیش لەوچێشتەی لێیان نابوو بەشی وانیان لە قاپێک دەکردو چەند نانیان لە سەر دادەناو بەحورمەتەوە دەیاندانە دەست. ماڵەکانی دێ هەر یەکە چەند سەگی یانیگرو قەپەگۆڵیان هەبوو. کاتێک فەقێ بۆ پێخۆرو وەماڵان دەکەوتن دەبوو بە چەق‌و لوورو عەپە عەپەک مەگین خوا بزانێ. بەلام فەقێ‌و کوێرو چاوساخ لە سەگ نەدەترسان گۆچانیان لە پشتەوە ڕادەوەشاند. ئیدی تخونیان نەدەکەوتن. وەک دەدینین بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی ئائینی لە کوردستان ڕێگا هەڵەمووت‌و ڕژدوو بەگرێو گۆڵ بوو. لە شارەکانیش هەر ئەوها بوو. ڕۆژانی هەینی فەقێ بۆ کۆ کردنەوەی دراو بۆ قەندوو چایی‌و شتوومەک دەچوونە ماڵی ئاغاوەت‌و گونداو گوندیان دەکرد . موستەعیدیش ڕەگەڵ سووختان دەکەوتن. بەم شێوازە بەردەوام بوون لە خوێندن تەژی لەکۆسپ‌و تەگەرەبوو. فەقێ بۆ ئەوەی ببێ بەمالایەکی باش دەبوا دەساڵ لە گەڵ ئەم ژیانە پڕ لە چەرمەسەریە هەڵیکربوایە! هەرساڵ لە گوندێک‌و ناوچەیەکی خوێندبوایە .هێندێک سنووریان دەپەراند. دەچوونە پارچە کوردستانەکانی دیکەش. فەقێ لە بەر گوێزە گوێزو ژیانی ئاسایی کەم بەری لە خویندن بوو. هەر چەند خەڵکی کوردستان بەم هێمەتە دڵگەرمیان دەکردن. بەڵام زوربەی فەقێ یەکان ئەم ژیانەیان پێ تەحەمول نەدەکرا. فەقێ کە قسوورەکی لێ ڕوودابوایە ماموستاکەی جوابی دەکرد (بازیک مەلا کاری ماڵیان بەسوختە دەکرد) فەقێش وەکوو وەرزێر کەجواب کرابوایە ناچار دەبوو لێفە شڕەو باڵنجەکۆنەی بەکۆڵ دادابوایە وەدوایی جێگا کەوتبوایەو لە لای مەلایەکی دیکەو لە گوندەکی دیکە ببافەقێ. هەتا ئیجازی مەلاتی وەردەگرت دەیان مامۆستاو شوێنی دەگۆڕی. لە سەر ئەوهەموو تەنگو چەڵەمەو بەیدی بەیدی
مامۆستای پسپۆریان لێ هەڵکەوتووە. بەڵام داخەکەم ئەو دەرسانە کەلکی بۆ نەتەوەی کوردنەبووە. گشت سەرو قوونی تەڕاویلکەی عاڕەبی بوون کە بە زنجیرە تێک خرابوونەوە، کە دەبوونە هۆی لاتەریکی لە نەتەوەی کوردو پشت قایم کردن بەدرۆی داتاشراوی عاڕەب.

بازێک وەرزێر کوڕە چکۆڵەکەیان لە بەر خوێندن دەنا کە دەبووبە دەمڕاستی بنەماڵەکەیان. ئی واش کەم نەبوون دوایی پێتو لەتێک دەستیان لە خوێندن هەڵدەگرت بەڵام دەیانگوت قورعانی لە سینگی دایە وەپێشە خۆیان دەدا! بێگومان ئێستاش ئەو تیپە زۆرن خوێندنو زانیاری بە قەولی زانای بی هاوتا شەهیدی نەمر دکتۆر عەبدولڕحمان قاسملوو(بیرکۆڵین بەنووکی دەرزیە). حکوومەتی سەرەڕۆی پەهلەوی چ یارمەتی بەمزگەوتو حوجرەو فەقێ لە کوردستان نەکردو چ مووچوو بەراتی بۆ تەرخان نەکردبوون، بەدرەنگەوە هێندێک مڵکی ئەوئاغایانەی کە لە ڕاپەرینەکانی کوردستان بەشدار ببوون وەک زەوت کردن دەستی بە سەردا گرت. بەشێکی کردە مڵکی بنەمالەی پەهلەوی‌و بڕێکی کردە مەوقووفە. بە کوردی ڕۆنی کەچەڵی دەسەری کەچەڵی هەڵسووت. ئەویش بۆ چەند ئیمام جومعەیەک کە لە ژێر چاوەدیری ساواک هەڵس‌و کەوتنیان بوو. وەک هەنۆکە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەوکەسانە کە بەرەو گومبەزی خومەینی زڕە باویشکیان دێتێ وەسەر قاڵدرمەخراون. بەڵام بۆ مەلاکانی شێعە بەشێکی بێ سنوور لەمڵکو داهات تەرخان کرابوو جگە لەسەهمی ئیمام دەیان بنکەی یارمەتی بۆ دانابوون بێجگە لە باروبووی بارەگای ملووکانەو ئەحەلاحەزرەت دائیم چاوی لەسەر بوون. سەدان تەلەبەیان بۆ بەردەوام کردنی زانستو فیر بوونی زوانی ئینگلیزی ڕوانەی دەرەوەی وڵات کرد کە هێندێک لە گەڕانەوەدا لە گەڵ خومەینی لە 1357ی هەتاوی دەوریان هەبوو. ئیستاش کە 2006ی زاینی‌یە، لەسەر کورسی دەسەڵات بەردەوامن‌و ئێرانیان قەبزەکردوو. بەناوی درۆو دەلەسەی وڵایەتی فەقیەی موتڵەقە خەریکی فسادو ڕوتاندنەوو خوین ڕێژی خەڵکی ئێرانن.

(شەڕی ئێرانو ئێراقو وادەی بەهەشت)

لە شەڕی ئیران وئێراق عەجەمی ئێران بە تاسەوئارەزووی نەجەفوکەربەلا (ڕێگای قودس بەکەربەلادا تێدەپەڕێ)و وەرگرتنی ئاچەری بەحەشت لەجەنابی ئاخوند خومەینی بە هەزار گەنجو لاوی نابالغ ناردرانە سەر مین‌و پەرم بە پەڕەم بوون(بەقەولی وان شەهیدبوون).ئەو لاوانە وەها مێشکیان شۆرەبووە کە لە چوونە سەرمین‌و خۆ تەقاندنەوە ڕکەبەریان لەگەڵ گوێدێژی بێ زوان دەکرد. هەنۆکە ئەو تەقینەوە کە لە دونیا بۆتە هۆی تێکدانی ئاسایش بۆ مرۆڤی سەرزەمین ئاڵگۆی کۆماری ئیسلامیە! کە گەرای لە ئەفغانستان، لیبنان، میسر، سعودەیە، فەلەستین داڕشبوو. لە شەڕی ئیران‌و ئێراق یەک ملوین ئێرانی کوژراو حەوت سەت هەزاریش نەقوستان بوو. ئەو ئیمامەی کە فتوای جیهاد(خەزای)کوردی کوردستانی ڕۆژ هەڵاتی لە1358ڕاگەیاندو هەزاران خەرافات پەرستی بۆ قەڵاچۆی گەلی بێدیفاعی کورد بەکوردستان وەرکرد 25هەزار ژن‌ومنداڵ وگەنجو لاو ساڵبۆری بەشاڵاوی درندانەی کووتە خۆرو سەولە ڕفێن‌و خۆفروش‌و پاسدارو کۆمیتەچی حیزب اللەو جوندواللەو بەرەاللە شەهید کردو لەشکری جاهیل‌و خوینمژەکانی هەتا بە زارۆکی ناوبێشکەو پیرەژن‌و پیرەمیردی کەلالەو دەستەوستان روحم نەکردو مەلای قورعان بەدەستیشیان بەقوڕعانەوە دابەر ڕگبارو هەنجەن هەنجەن کرد. هەر ئەوئیمامە نائیمامە کە دوا ئاویلکەی مردن دایگرت بە ئیمامی 13ی شێعەکان ناودێر بوو! هەنۆکە کەلاکەکەی لە تارانی پێ تەختی ئێران بۆتە مەکۆی زیارەتی هۆگر بە پڕوو پووچو خەڕافاتی، ڕۆژانە هەزاران بەستە دراوو زێڕو زەمبەرو خشڵی داوێنە ناوگومبەزەکەی‌و لە بەرامبەردا خێرو بەرەکەتی لێ داوا دەکەن! دەڵێن خوا فەرموویەتی: بە لێهاتوویی هەر قەومو میللەتیک ڕێبەریان بۆ دیاری دەکات! ئەوە فەرمایشی خوایەو گومانی تێدا نیە!

(ڕاسپاردەی خوا)

دەگێڕنەوە..لە سەردەمی دەسەڵاتداری خەلیفایەتی (هارۆن ئەلڕشید) کابرایەک داوای پێغمبەراتی دەکات (دەڵێ ڕاسپاردەی خودایە)دەستو پەیوەندەکانی دەرباری دەستو جێ ئەو خەبەرە بە هاڕوون ڕادەگێنن!هاڕوون چەند غولامیک بەدوای کابرا دا دەنێرێو دەیدۆزنەوەو دەیهێننە لای هاڕوون !خەلیفە لیی پرسیار دەکا بیستوومە ئەتۆ داوای پێغمبەراتیت کردوە؟ کابرا بە ڕاشکاوی دەڵێ بەڵێ خەلیفە! هاڕوون کە لە کلەشەقی کابرا واقی وڕدەمێنێ دەڵێت: ئاخۆ دەزانی ناردراوەی خودا خاوەن مووجیزە بوونە؟ کابرا دەڵێ بەڵێ دەزانم! هاروون دەڵێ: دەی مووجیزەی تۆ چی یە؟ کابرا دەڵێ: پێم خۆشە لە کاتی نیشاندانی مووجیزە ئۆمەتەکەی منیش حزووریان هەبێت! هاروون دەڵێت: ئۆمەتی تۆ کێن؟ کابرا دەڵێ: ئەوخەڵکەی کە ئەمنیان بەڕاسپاردەی خوا قبووڵە! متمانەیان بەمن هێناوە! ئۆمەتی منن! هاڕوون دەڵێ: چۆنیان دێنی؟ کابرا دەڵێ: دوو حەوتووم ئیجازە بدە کۆیان دەکەمەوە. هاڕوون دەڵی باشە برۆ... کابرا خەڵکەکە کۆدەکاتەوەو مەسەلەکەیان لە نووکەوە بۆ دەگێڕیتەوە. خەڵکەکە دەڵێن: قوربان ئێمە لە پێغمبەرایەتی ئێوە چ شکو گۆمانن نیەو حازرین لە پیناوی تۆ گیانمان بەخت کەین، دەی ئەمرکە هەتا جێ بەجێی کەین! کابرا دەڵێ: پێویست بەگیان فیداکردن نیەو مووجیزە بۆمن شتێکی ئاسائی یە،بەڵام دەمەوێ لە چەند بابەت ئامۆژگاریتان بکەم. خەڵکەکە دەڵێن فەرموو قسەمان بۆ بکە. کابرا دەڵێ: کە پێکەوە چووینە بارەگای هاڕوون بێ ئەوە ئەمن چ بەئێوە بڵێم خۆتان ببن بە دوو قۆڵ بەشێک لە باڵی ڕاستەم ڕاوەستن بەشێک لە باڵی چۆپەم، کاتێک ئاوڕم وەلای ڕاستە داوە،ئێوەی دەستەڕاست پەرژینەکی بەگوڵ بێ وەک جاشە گەر بزڕێنن! کاتێک ئاوڕم وەلای چەپ دا ئێوەی دەستی چەپەم وەک مانگا بهوڕینن دەست بکەن بەبۆعە بۆع! خەڵکەکە دەڵێن قوربان ئەوە شتێکی سانابیە ئێمە حازرین لە ڕێی تۆدا خۆمان بکووژین. بەم قەرارە بەرەو بارەگای هاڕوون دەکەونە ڕێ. دەرکەوانەکان بە هاروون ڕادەگێنن کە ئەوهەی داوای پێغمبەراتی دەکرد بەگاڕانیک زەلام لەبەر دەرگان! هاڕوون دەڵێ: بابێنە ژوور. هەروەک کابرا ئامۆژگاری کردبوون، دەبن بە دوو دەستەو لەڕاستو چۆپی کابرا ڕاوەستن کە ئاوڕی وەڕاستەداوە دەستیان بە زرە زڕ کردو کە ئاوری وەلای چۆپەداوە دەستیان بەبۆعە بۆع کرد. هاڕوون کە لەم کارە واقی وڕمابوو دەڵێ ئەوەچییە؟! کابرادەڵێ: با ئۆمەتەکەم بڕوون جا حیکمەتەکەت عەرز دەکەم. کە دوو بەدوو دەمێننەوە کابرا ڕوو لە هاروون دەکاتو دەڵێت: وەک خەلیفە ئاگادارن ئەمن لە ڕۆژی بەرێش نەم گوت کە پێغەمبەری هەمووخەڵکم گوتم پێغمبەری ئۆمەتی خۆمم. دەجا ئەوەجەنابت بۆ خۆتان ئۆمەتەکەی منتان دێ. ئەمن پێغەمبەری کەرو گایانم! هاڕوون دەڵێ: سەت عافەرین، کەس حەقی نیە تەنگەژەت بۆ سازکات ئەتۆ ئازادی پێغمبەرایەتی خۆت بکە! ئەم جۆرە ئۆمەتە پێغمبەری وەک تۆیان گەرەکە.! دەجا ئەوخەڵکەی پێ یان وابوو مانگ ئاوێنەیەو چەعرەی خومەینی یان لە مانگ دا دەدی هەرشیاوی ئەم جۆرە سەرکردانن ئاخوندەکان بە پێغەمبەر دەزانن لەڕاستیدا ئەوانە دەستەیەک نەزانن‌و ناحاڵیو مێشک شووراوەبوون‌و بازێک بۆ کورسی دەسەڵات لەدین‌و ئیمان‌و شەڕافەتو کەڕامەت دەگوزەران هەتا ئاقیدەیان بە خوداش نیە نۆکەرو خۆفروشو خۆلیای دەسەڵاتو پارەن.

(شاشخاپێن)

هەرچەند شیخەکان بە هۆی نامۆ لەموتاڵایی مێژووی کوردستان یان بۆ خۆ بەخێوکردن‌و خۆ بەزل نواندن لە بەرچاوی خەڵکی ساویلکەو خۆلیای دەسەڵاتو کۆکردنەوەی پارە ، هەر یەکە بە چێرۆکیکی داتاشراو ڕەچەڵەیان دەبنەوە سەر یەکێک لە عاڕەبەکانی تاڵانچیو کوردکوژ،بە شەجەرەنامەی جاهیل هەڵخەڵەتین خۆ بەفەرخە عاڕەب دەزانن‌و بگرە شانازی پێدەکەن! بەلام نەتەوە بەم پیلان‌و سەوداو مامەلەیە ناگۆڕێتو

کارەساتو خوینڕێژی عارەب دەزانن کە بۆ ئەسپی چلێسی چ قەڵتو بڕو قڕانیان لەکورد کردوە،بێگومان دەشزانن‌و شەی سەید بە زوانی عارەبی یانی ئاغاو سەرۆکو مەزنو چیتر!بەڵام ئاوەکە ئەوهاڕژاوە ،بەسەرداچوونەوەی‌و پشکنینەوەی لە سەردەمی جەهالەت باسی سەرە. هیوادارین بە هەلینگدانی بێ وچانی کوڕانی کوردی ڕۆشنبیرو زانیاری‌و تکنولۆژی بەرگری لەو خەرافات پەرەستی یە بگیرێت کە دارژاوی داگیرکەرانە فریویدانی خەلکی ئاسایی‌و دوورەپەریزکردنیان لە واقعیەتی تیشکی ڕۆناکاییە، بەئاگاداری لە بنەڕەتی قورعانی پیرۆز ئەوخەڵکە هەس بدەنەوە کەچی دیکە بەردی بیانی لە سینگی نەدەن لە جیاتی ئەم نەقڵو نەزیلانەو پڕوپاگەندەو ڕێ تەخت کردن بۆ فتوای خەلیفەکانی عارەب کە کورستان لەژێر چەکمەی بێ بەزەی وان وەلەرزین کەوت بۆ میللەتی هەژارو بەشخوراوی وڵاتە لەتو پەت کەراوەکەیان دروشمی یەکگرتوویی‌و سەر بەخۆیی‌و ڕزگاری‌و دێمووکڕاسی هەڵکرن‌و لاق لەو پێشوێنانە بخشێنن‌وکوردی بە زوانی شیرنی کوردی تەڵقین بدەن‌و خەڵکی ساویلکەو دوور لە زانست تێگەیینن کە گۆڕی ئەوعارەبانەی عرەبستان کە سەدان ساڵە لە بازێڕو چیاو پێدەشتی کوردستان بە هەڵە بۆتە جێگای زیارەتو نەزر ئی ئەوکەسانەیە کەبۆ تالان‌و بڕۆو داگیر کردنی ئەوخاکەو فتوای خەزای کوردوحەلاڵ کردنی ژن‌و منداڵیان بەکوردستان وەربوون کە ڕۆڵەی بەشەرەفو کەڕامەتی ئەو سەر دەمی گەلەکەمان بۆ بەرگری لە ناموسو کەڕامەتی خۆیان ئامبەلۆزیان بوونەو کوردستانیان لێ کردوونەتە گۆڕستان.چونکە ئەگەربەرگری لەو خەڕافاتە نەکرێت دوورنیە لە دواڕۆژێکی نە هێندە دوور گۆڕی گۆڕ بەگۆڕی ئەو پاسدارو ساڕواڵلەو حیزباللەو کۆمیتە چی‌و بەرەاللەی خومەینی بە وادەی ئاچەری بەحەشت کوردستانیان خاپوور کرد بە هەزاران کوردیان شەهید کردو لە ئاکامدا بەدەست پێشمەرگە قارەمانەکان تۆپاندران ببێتە جیگای زیارەتو نەزرو چلدانەو قاشووکە لێ ڕێزکردنی ئەو ڕەشە موسڵمانانە!

(شێخاتی)

لە زەمانی "شا"شێخەکانی کوردستان ژیانیان باش بووپاژێک خاوەن خانەقاو تەکیە بوون .خەڵکیان لێ نەتەکیاوە. هەرشێخەک بەسەدان مریدی هەبوو. بەشێک لە ئاغاکانی مامەش بەرەی حەمەدئاغای (ئەمیرعەشایری)مریدی شێخی بورهان بوون‌و سوێندیان بەسەری شێخ دەخوارد. هێندێک شێخ مریدەکانیان سۆفی بوون. زکروتەلیلەیان دەکرد جەزبە دەیگرتن یەکێک لەو شێخانە ڕەشید لۆلانی بوو کە1961بۆو بەجاشی بەعس. ئەوسوفیانەی ئاڵقە بەگۆشی شێخ بوون دژکردەوەیان پێ کفرو وەرگەڕان لە ئائین‌و دین‌و مەزەب دەزانی. شێخو سەید خەلک بە ئۆمی دادەنێن خویان پێ ئەولادی پێغەمبەرە هەر چەند بە پیی نووسراوەی قورئان وانیە. هێندێک شێخ (پیری تەریقەت) ئیجازەی مارگرتن‌و پۆلووخواردن‌و شووشەکرۆشتن‌و تیغو شیر لەخۆ دان‌و زەرگ وەشاندنیان دەدا. هەموو مریدو دەروێشێک بە ئەرکی سەرشانی دەزانی کە ساڵێ جاریک بچێتە ماڵی شێخو دەستی ماچ بکاتو دیاری بۆ بەرێت لە بەرامبەردا متفەرکێک وەکوو کوتەشاڵ،کلێو قەندێکی تف لێکراە،بۆ تەبەڕوک لە گەڵ خۆی بێنێتەوە. وێنەی جەنابی شێخ لە زوربەی ماڵان دەهاتە بەرچاو کە بەدیواری هەڵاوەسرابوو. لە بازیک ماڵ لە بەر چاوزاری نامەحرەم پەرۆکەیان بەسەردادەدا،تەنیا لە کاتی ماچ کردن (بەقولی وان زیارەت) پەرۆکەکەیان لە سەر هەڵدەداوە. جەنابی شێخ ساڵێ کەڕەتێک سەری مریدەکانی دەدا، جێگری شێخ لە شارو گوندەکان خەلیفە بوو(خەڵک بەسەری شێخو بەشانی شیخو بەتەریقەت سویندیان دەخوارد)کە ئەرکی بۆ مریدەکان بەجێ دێنا. ئەو گاووگۆڵو پانێرو قاچاغو کەلیجەو بەرکەڵو شەکو بەران‌و کاورە کۆ دەکراوەو خەلیفە ڕەوانەی تەکیەو خانەقای شێخی دەکرد. بێکەس‌و بێ ئەنواو سەڵتو ڕەبەن‌و زگورتی‌و پیرو پەککەوتەو لە خانەقاو تەکیە

دەحەسانەوە، لاوەکان بۆ تۆبە دەچوونە خزمەی شیخ.  بەڵام بۆ مەنجەنیقو شیر لەخۆدان دەبوایە شێخ یان خەلیفە حزووری بوایە. کە شیخ تەشریفی دەهات لاوەکان گاس دەکرانە لای شێخ، بە قەتارە دادەنیشتن جەنابی شیخ پێیاندا دەهات یەک یەک تفی لە زاری دەکردن.  ئەگەر خەڵکەکە زۆربوانە خوانەخواستە جەنابی شێخ تفی ویشک بوایە ئەم ئەرکە پیرۆزە بە خەلیفە دەئەسپاردرا.  ئەوجار خەلیفە بە کۆخەکۆخ پێدا دەهات ئەوانەی کە جەنابی شێخ وێرانەگەیبوو کە تفیان باوێتە زاری کە دەمیان دەپچڕابوو خەلیفە تفو خڵتی گەرووی خڕ دەکردەوەو دیهاویشتە ناو زاریان ئەومریدە لاوانە بەخوشیەوە قوتیان دەدا. ئەوانەی کە دەبوون بەدەرویش پرچیان دەهۆندەوە،و بەشانو ملیان دابەردەداوەو لە کاتی جەزبە (کەحاڵاتیان دەهاتێ) هەرلرفەیان دەهات بەهێندێک لەوانەیان دەگوت دێوانە.

(پیلانی ڕێژێم)

ئێستا هەست بەوەدەکەم کە ئەو ڕابردووە تەژی لە بەزمو شتی بێ کەلکە یەکێک لەپیلانی گڵاوی ڕێژێم بووە، ویستوویەتی بەم کۆنەپەرستییە، کورد بەرەو قەوارەی مەزەب هاندا کەبەقەولی کوردی (زەرەری بۆپەزنیە)ولە مەسەلەی نەتەوایەتی هەتڵەو نامۆو دوورەپەریزکاو لە گەل و نیشتمان هەڵیان هاوێرێو میشکیان بەم جۆرە شتانە بشواتەوە، هەستی خۆناسیو بالغ بوون لە کەلیشەی هزریان بسڕێتەوە. کە نتوانن بە کوردی فکربکەنەوە. چونکە بە ئەزموون ڕابردوو ئەوەیان بۆ ساغ ببوە کە ئەگەر مرۆڤی کورد ئۆگر بە کڕنۆشو شێخو دەروێشایەتیو سۆفیایەتی بکەن ئەو قۆڕیاتانەیان لە هەستو بۆچون بگۆڕێنن پیی مەسەلەی نەتەوەی وەپشت گوێ دەدەن. توانەوەی کوردی تورکیەی نموونەیەتی. ئەوە دەهۆی هەرچوار داگیرکەرە. هەنۆکەش سەدان سەگو سیوان بەدابەزینی ئەم گەڵاڵەیە کراونەتە تاژیلەی پاشوو پێشوو بەخەنە. داگیرکەر لەگشت زرووف ئەو کەسو ئەوتاقمانە دەستەمۆ دەکا کەجەماوەریان بە دواوەیە. ئەو سەردەمیش زوربەی خەڵک پاشکۆی شێخو مەلاو لەژێر ڕکێفی ئاغاوەت بوون.  ئەوانە خوشەویستی حکوومەتو مۆرەی هەڵسوڕانی داگیرکەرەکان بوون.  هەرڕێژێمێکی سەرە ڕۆ لە ئەنجامدا هەر ئەو ڕێو شوێنە ڕەچاودەکات،کەڕێژیمی بەرلە وی ئەنجامی داوە. هەر لەو بازگە دەپەڕێتەوە کە ڕێژیمی بەر لە وی لێی پەڕێوەتەوە.  بە هێندیک دەست تێوەردانو ئەزموون! وەک دەبینین کورستانی ڕۆژهەڵات بەپێچەوانەی پڕوپاگەندەی ڕێژیم چ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیو ئاوەدانکردنەوەی تێدا بەوجوود نەهاتوە کردەوەی کۆماری ئیسلامی لە مەڕ قیلەتاوی ڕێگاوبان، تەلەفوون کێشان بۆ شاروگوندەکان، پەیوەندی بە یەک لاکردنەوەی ئاوەدانی نیە، کۆماری ئیسلامی بەو چەقوو تەفە خۆی بەسەرناوچەکانی شاخاوی کوردستان زاڵ کردووە. ئەرتەشو پاسداروو حیزب اللەوکوردکوژی تێ پەستاوتووە.  گەرای سیخوڕی لێ دارژتووە. لە ڕاستیدا ویستویەتی لە ڕۆژی مەبادا بەرسینگە لە خەباتخوازن ببڕیتەوە. بەڵام بەخوشیەوە دانیشتوانی هەرچوارپارێزگای کوردستانی ڕۆژ هەڵات یانی سنە، ئیلام،کەرمانشا، ورمێ، ئاگاداری فێڵو گزەوتەڵەکەی حکوومەتی سەرەڕۆی ئاخوندی بوونە.

(گۆرەوێن،یان جۆرابێن)

لە وەرزی پاییزو زستان لە زوربەیماڵەکان گورەوێێن باوبوو. ئێستاکە فکر دەکەمەوەو پیم سەیرە چۆن لەبەر شەبەقی ئەو چۆڵە چرایانە شک لە گۆرەوی دەکرا. بەڵام چازان هەرلە سەرو چاوی گوریەگەر ڕادەمان نەک لە دەست.

ئەو کەسانە بە ناوبانگ بوون

1-قادرخوسرەو لەگوندی نەرزیوە
2-قادرتاقەبارگین لە شارویٚران
3-حەمەدی ڕەش لەلاجان
لەشاری شنۆ بە(ناڵبەکێنیان دەکرد) یانی ئەنگوستیلەیەکیان لە بن چەند ناڵبەکی دادەناو هەموویان لە سەر مەجعمەیەک سەرونخوون دەکرد، وەک جۆرابین گوڵیان لیدەدا، ئەمما چونکە ئەمن قەتم ئەو جۆرە گەمەیە نەکردوە لە شی کردنەوەی داوای لێبووردن دەکەم.
جاروەدەبوو گورویێن بە ڕۆژیش دەکرا، ئەمە لە حاڵێکدابوو کە چازان بەسەر گوندەکیان دادەدا، کەس دەروەستیان نەدەهات لە خەڵکی گوندەکانی دیکەیان دەگێڕاوە. دەستە دەستە لەگەڵیان بەربەرەکانی دەکرد. ئیدی گۆرەوی هەڵنەدەگیرانەو، بەڕۆژیش بەر دەوام دەبوو. بەڵام کەم وەبوو لە سەر پارەبکرێت چونکە بەشیکی زۆر لە ئاغاکان دژی قوماربوون. بەڵام ئەگەر لە دیوەخانەی ئاغا کرابوایە چ دوڕابوایەو چ بردرابواوە هەرئاغا شەوچەلەکەی دەکری.(ئەستێ) لە ناوچەی شنۆ بە فیشگو لەلاجان بە مازوو بوو.

(منداڵ بوونو زاچڵانی ژنان )
ئەگەرژنان منداڵیان وەزک دەکەوت وەختو ساعاتیان بۆ دادەنا، هێندێ بۆ ڕۆژ ئەژمێر بەردیان کەڵەکە دەکرد، یان دانەویڵەیان لەکولەکە دەکرد. بازیک گرێیان لەداوە دزوەک دەدا، یاکوو داریان لەلە دەکرد. ئەوحیسابەی کە بۆخۆیان ڕایانگرتبوو زۆریشی وەڕاست دەگەڕا. لەکاتی ئەستەمو حالەوەلادا چەنە سەرە ژن لیی کۆ دەبوونەوە .کەزاچڵان (ژان) دایدەگرت پیاوەکان کە هۆدەی زیادیان نەبوو دەچوونەماڵی هاوسێیانو قورعانیان لە بن سەری دادەنا هەتا نەمەچێتر دەستی لێ نەوەشێنێت. دێوەزمە نەچێتە کەلیشەی، جندووکە خۆی لێ مۆڕ نەکاتەوە. کە هاواری عافرەتەکە بڵیند دەبوو دەی قیژاند میردەکەیان بانگ دەکرد هەتاکوو بە کۆڵی کاتو ئەوسەر ئەم سەری هۆدەی بیگێڕێت کەپێ یان دەگوت(خاڵی خاڵی )دەنا سەڵایان دەبردەبەر مەلای دێ کە بێ بانگی لەسەر بدا، چێڕۆکی پڕووپووچی ئاڵەو شەوەش لەو لاڕاوەستێ کە بۆخۆی شتێک بوو لە هەر پارچەیەکی کورستان بەجۆرێک دەیانگێڕاوە. ئەگەر منداڵ لە حەوتووچلە دامردبوایە لەشی شین هەڵگەرابوایە دەیانگوت ئەوە ئاڵەو شەوە ڕێکی کوشیوە، سوێندو کەلامەڵایان دەخوارد خۆیان بەسویند ڕەشو شین هەڵدەگێڕاکە: ئاڵەو شەوەیان گرتووە دەرزیان دەبەرۆکی داوە چەند مانگ کردویانەتە کاردار، دەیانگوت هەمووکارەکانی بە پیچەوانە بووە. بۆیە کە ژن منداڵی دەبوو هەتا حەوتویەک کێشکی لێدەکیشرا نەوەک ئاڵەوشەوبێ بیکوژێ، ئەویش پێاوەکی زیخو بە جەرگ کە بتوانی ئاڵەوشەوی بگرێت. های لەبەر ئەو درۆیانە! دەجا لەسەر ئەو خەڕافاتە ڕا ئەحەلاحەزرەت لەمەڕ پێشکەوتووی خەلک بە زوڕناو دەهۆڵ لێی نەدەبریەوە. بۆخۆشی جارو بارە خەونی بە(مێهدی)دەدێت کە لە کتێبی (خزمەت برای وەتەنم)بەبێ شەرمی ئامازەی بەوشتانە کردووە. بیرەوەریەکانی عەلەم وەزیری بارەگای "شا"کە دەورەیەکیش سەرۆک وەزیران بووتەژی لەوخەڕافاتانەیە.

(ژن بەژنە)
دابەکی یەکجار ناحەزو کرێت ژن بەژنە بوو. زوربەی کوڕو کیژ بێ ئەوە یەکدی بدینو یەکتر بناسنو حەز لێک بکەن یاکوو یەکدریان خوش بوێ لێک مارە دەکران. دەجا وەرە چوار دلان بگەیێنە یەک! خۆشەویستی چش هەتا بێ ئەوە ئاگاداری خوو خەدەو خەسڵەتی یەک بن، بێ ئەوە هەتا جارێک بە هەڵکەوت تێک هەلەنگوتبن! ئەویش دوو کیژو دوو لاو! هەی لەو بێخودایيە! ئەگەرکیژی گوتبای حەزی لێنەکردوو خوشی

نەویستوە مێردی پێ ناکا، قەباعەت بوو بەشەپو شەق، هەڵکوتانە سەرو،کەزی دەرکیشانو بە زەبری خەنجەر دەیان بردەلای مالای. جەنابی مەلاش بێ ئەوە دڵی بەکیژ بسووتێو گوێ لە زێڕەو هۆڕی کیژبگری هەرنەبێ ئەوخەڵکە ناحاڵیە حاڵی بکات دەستو جێ لێی مارە دەکردو شانازێشی پیدەکرد. زۆر جار منداڵ لە سەر پشتی لانگ لە بێشکەدا بەخشراوە مارەکراوە، کەگەنجو ئازەب بووە بە سەر چارەنووسیکی نەخوازراوو چاوەڕوان نەکراودا کەوتووە. بەڵام نەشاوە جواب جەنگی بکات چونکە چ پەناو پەسیووحاشارگەی نەبووە کە هانای بۆ بەرێ بەکوتەک بێدەنگ کراوەو ملی پێ ڕاکێشراوە. لە دوایی دا ئەگەر لایەک بە هەر هۆیەک دوایی چەند ساڵ پێکەوەبوونو منداڵ لێ کەوتنەوە لێک جیا بوونەتەوە لایەکی دیکە بەپیی دابو نەریت مەجبوور بە لێک جیا بوونەوە بوونە چونکە ناویان لێناوە گۆڕینەوە(ژن بەژنە) بەداخەوە هێشتا ئەو جنایەتە لە کوردستان بنە بڕ نەکراوە. شێربایش یەکێک لەو بەڵایانەبوو کەکیژ وەک مەڕو ماڵات بە دراو دەقرساو دەفرۆشرا. خوشەویستیو ئەوین مەحکووم دەکران هەتا ناوی ئابڕووچونیان لەسەر دادەنا. بۆ نموونە کابرایەکی ساڵبۆری 80ساڵە کیژەکی 14ساڵەی بەدراو دەکڕی. (شیربایی یانی پارەی ئەوشیرەی کەکیژ بە منداڵی خواردویەتیو پیی بەخێو کراوە دەبوو بەنرخو بایی فرۆشتنی) ئەم دابە لە شارەکانیش داهەبوو. بەداخەوە ئێستاکەش هەر لەبرەوە.

(بووک گۆڕینەوە)
لە ژن بەژنە دا زۆر جار لەسەر بووک گۆڕینەو هەڵاو بگر لە نێوان بووکنچێیاندا ساز دەبوو. وەدەبوو مرۆڤی تێدا زایە دەبوو. شایەکە دەبوو بەشین. مەسەلەکە ئەوهابوو: هەر دوو لای بووکنچی شوێنەکیان بۆ گۆڕینەوەی بووکەکان دیاری دەکردو هەر لایەک بە جۆرێک تێدەکۆشا بووکەکەی خۆی وەسەرەوە بێخێ! هیچ کام بەلای خوارەوڕازی نەبوون لەو کاتە ئەستەمەدا ئی قۆشمەو زەبەلاح دەستوجێ سێ تەلاقەیان دەخوارد عیلاجی نەدەکرا. دەبوایە بۆی سەلماندرابوایە، دوایی ئەو هەنگامەیە بووک دەگۆڕدرانەوە هەریەک بۆ لایەک وەڕێ دەکەوت. پاشان بووک بەپیی دابو نەریت مانی دەگرت. کە زاوەبێتە پیشوازی. دەستە سوارێک بەدوای زاوادا دەچوون کە بەرەو پیری بووکی بێنن. زاوا لە بەروپیرچووندا دەبوایەسێو یان هەنارێکی بۆ لای بووک هاویشتبوایەو بەرەوماڵ هەڵاتبوایە ئەوەکاتیکی ناسک بوو چوونکە لە کاتی سیو، یان هەنارهاویشتن هەموو بەرەگەی هەڵاتنی لێ گیرابوو، چەند سوار چاوەڕوانی بوون کە نەهێڵن دەرچێتو پێچو کڵاوی لێ بفڕێنن. ئەگەربووک ئی گوندەکی دیکەبوایەو ڕێگای بەگوندی ئاغایەکی دیکە داتێپەڕی بوایە بۆ ڕێزووئیحتڕام بووکیان دەبردە دەرگای ماڵی ئاغا ئەوانیش پارچەیەکیان وەک خەڵات لە ئەستۆی ئەسبی بووک دەکرد. لە شایی ئاغاوەت کە زۆر قەرەباڵغ دەبوو داوەت دەبوو بە دوو دەستو دوو دەهۆڵو زوڕنای تێدا دەگەڕا، کە بووکنچی دەهاتن قامبێژو دهۆڵ زڕنا بەپیریان وەدەچوون ئەوانیش دراویان بۆ فڕێدەدان. لە شنۆ قادرخانو ئێرەج خانی ئەمیری زۆریان پووڵ بە قام بێژ دەدا. ئەگەر زاوە نەبا بەزاوا ئەرکی برا زاوا بوو ئەگەر چلەی زستانیش بوایە زاوای بەڕەکێش ڕەکێش لەئاوی سارد هەڵدەکێشا . کە دەبوو بەزاواو لە پەردو دەهاتەدەر تفەنگیان هەڵدەتۆقاند.
لە دوایی حەوتوویەک ماڵی بووکێ (خەزووریێ) پێیوە دەهاتن. لە بازێک شوین دابوو نەریت وابوو کەبووک هەتا چل ڕۆژ وەدەر نەدەکەوت دەیانگوت پەڕدوو گیر دەبێ. هێندیک جار کەزاوا نەدەبوو بە زاوا مەلای ئاوەدانی نووشتەی بۆ دەنووسین دەیانگوت بەستراوە. بویە لەکاتی مارەگردن ئەوانەی حەقی چوونە ژووریان بۆلای مەلا هەبوو لە سەر چووک دادەنیشتن قامکیان نەدەبزاوت تەسبێحیان نەدەگێڕا پێیان وابوو هەرجۆرە جوڵانەوەیەک دەبێتە هۆی ئەوە کە زاوا ببستری. کەچی ئەوەش بەدرۆ دەرچوو هەرچاووڕاوو درۆو

دەلەسەو خەڵک بەشێت زانین بوو. بەڵام بۆ جاهێزهەروەک ئێستا ئەوپارەیەی لەماڵی زاوایان دەستاند ماڵی بووک کەرەسەی پێویستیان پێدەکریو ڕەگەڵ بووکیان دەخستەوە. ئەوکات مارەیی زۆر بوو بازیک ئاغا دانگێک مڵکیان دەکردە پشت قباڵەی مارەیی. وەک دەگێڕنەوە خێزانی حاجی قویتاسی شکاک کە دەبیتە دایکی کاک سەننارمامەدی سەربەسەر بەزێڕ هەڵکێشراوە.

(ژن ڕاکێشان)

یەکێک لە کاری چەوتو ناحەز کە لەهێندێک ناوچەی کوردەواری ڕوویدەدا ژن ڕاکێشان بوو. مرۆڤێکی گەمشۆو حەیوان سیفەت لە ئافرەتێکی بێ کەسو بێ دەر ڕۆدەهات بەزۆری کۆتەکو تێڵا تێداشکاندنو پرچ ڕاکێشانوکەزی دەرهێنان ڕەکێشی دەکردو دەبرد، چەند قۆشمەو حەپەلۆری خوێری کەیاریدەیان دابوو ئەو نەحاملاوەیان بە زیخ لە قەڵەم دەدا. پاش ئەوەی کە بە زێروهۆڕ وخەنجەر لەسەر ڕاگرتن تێی دەرست(لەگەڵی دەنووست) دەیانبردە لای مەلای ئاوەدانی ئەویش بەکەلە قەندیک مارەی دەکرد. ئی چاوچنۆکیش داکۆکیان لیدەکرد. ئەوە یەکیک لە جنایەتەکانی کەونارای دنیای ئیسلام بوو شووکر لەکوردستان بنەبڕ بووە.

(باسی ئاغاوەت)

زۆرشت لە مەڕ ئاغا گوتراوو بیسراوە کەوتۆتە سەر زاروو زوانان. ڕەنگە ئەوانەی سەردەمی ئاغاو وەرزیر(ئەرباب ورەعیەتی)یان لی بۆتە ئەفسانەو چێرۆک ئەوها گومان بکەن هەر ئاغایەک فیرعەونێک بووە. بەڵام لە ڕاستیدا پاشکەوتوویی خەڵک ببوو هۆی بەرز بوونەوەی دەسەڵاتی سەیدو شێخ وئاغا. چەوسانەوەی کورد بەهەموو بواراندا زەمینەی دژ بەیەکتر بزوتنەوەی سازدا، داگیرکەرانیش هەلیان بە قازانجی خۆیان قۆزتەوە. ئەگەر تەرازووی ویژدان بە پارسەنگی بۆختان لاسەنگ نەکەین دەبینین کە نائاغایەکان بە دووکانێک، باخچەیەک، بۆتکەیەک هێندەلووتیان بەرزە بە خەپەنایگاتێ! خۆ ئەگەر ئەوانە دەسەڵاتی قوڵە ئاغایەکی چەکمەڕەقیان هەبوایە ئاخۆ سەگو شوانیان لێک نەدەبەست!؟ ئەوەتا لە ئۆستەڕاڵیا گزیری کۆنترتچیەکی بەرەڵلا کە هەتا دوێنی پاشتەرکی لە پاڵەیی دڕابوو لە ئێران چش تولەی دەبردنەڕاوێ ئەوەندەی لووت بڵیندە بەخەپەی ناگاتەدەمی!جگە لەسیخوڕیەکەی کە پیشەی پیشووی بووە حەڕەجی لێناگێرێ! ئەویش لەوڵاتێکی دیمووکڕاسی چ بگا بەکوردستانی ڕۆژ هەڵات کە هەرخوا بۆخۆی دەزانی چەندە دەویت بووە.

(کەڵ لەخاوگرتن)

جۆتیار لە وەرزی زستان وەرزا-ی لەخاو دەگرت. کەڵی دابەستە بە شەمێلە قەڵەو دەبێت. گۆشتی سوور لە قەبرخەی دیاری دەدا، پشتی لووس دەبێ، کۆڵمەتی نادیترێ. کەلە خاو دێتەدەر بەرچاوی تاریکە. کاتێک کەڵیان لە خاو بەردەدا کەسێک لە زاری دەرکەی تەویلە ڕادەوەستاو هێلکەیەکی لە نێوچاوانی دەدا، ئەمە لە بەرچاوو زاربوو.

(شەڕەکەڵ)

شەڕەکەڵ یەکێک لە دابو نەریتی ئەو سەر دەم بوو. کەپەڵە ڕەشی دەکەوتە زەوی بۆنی بەهار دەهات، کەڵەکانیان بۆ شەڕە کەڵ لە خاو بەردەداو لە خەڵکی گوندەکانی هاوسێشیان دەگیڕاوە. شەڕەکەڵ چ ڕوحمو بەزەیی تێدا نەبوو جار وەدەبوو کەڵێک لە تەڕادی ئەوی دیکەی دەکرد موسوڵدانی دادەدڕی لە هەردی دەدا. سەریان دەشکا، بن شاخیان بریندار دەبوو وەدەبوو شاخیان بشکێت کە نەوتی ڕەشیان تێدەدان. هەنۆکە لە دونیای پێشکەوتەی سەدەی 21لەجیاتی شەڕەکەڵ دوومرۆڤان تێک بەردەدەن. مەسەلەن لە شەڕەبۆکس بە دەیان ملوین پارەگرۆی لە سەردەکرێ سەدان ملوین کەس تەماشای دەکەن کەچی لەو دونیا بەرفرەوانە سالێ بەهەزاران کەس لە برسان دەمرن دەکرێ بە ژەمەنانێک پاشەکەوت لە مەرگیان ڕزگارکەن.

(مەکەزیارت کردن)

هەمووسالێک نێزیکەی سێ ملوین مرۆڤی موسڵمان دەچنەمەکەو دەبن بە حاجی بەڵام کەم کەس دەزانی بۆ دەچیو هۆیەکەی چییە! وەک دەزانن ئەو کات عارەبستان داهات و دەرئامەدی نەبووەو محەممەد(ص) ویستوویەتی یارمەتیەک بی بۆ خەڵکی عارەبستان. ئێستا یەکەمین دەرهێنەری نەوت لە سەر کوورەی عەرزە، ئەوە مەسەلە ئابووریەکەی. ئەوجار چوونە حەج هەروا لە گۆترە نیە دەبێ ئەوپارەیە حەڵاڵ بێ! کام موسڵمان ماڵی خۆی حەڵاڵ کردۆتەوە، کێ هەشتێکو مارەیی لە پشکەبەشی داوە، کێ بە دورستی ماڵی خۆی چاکردۆتەوە، بەشی براوخوشک فڵانو فیسەرانی داوە، کێ هەیە ماڵەکەی تەژی لەنزولو حەرام نەبێت، هەر کێ هەیە هێلکەی ساخی بەشەڕدابێوکێ هەیە هەر لەخزمی نێزیکی خۆی سەدان هەژارو بەلەنگازی نەبێت، ئاخۆ تێرکردنی ئەوان لە چوونەحەج باشترنیە؟ کە وەبەریش ناکەوێ، بۆچ ئەو پارەیەی دەدەستی عارەبان دەکەن بۆخۆشیان نازانن! ئەگەر ئەوپارەیەی هەرساڵێ بۆ هەژاری وڵاتێکی ئیسلامی تەرخان بکەن لەئیسلامدابەلەنگاز نامێنێ. بێگومان خێری پترە.....

(ڕاوی کەروێشک بە تاژی یان ڕاوەتاژی)

زوربەی خەڵکی کورد تایبەت ئاغاوەت حەزیان لە ڕاوە تاژی دەکرد نەخازا ڕاوەکەروێشک. هەریەکە چەند تاژیان ڕادەگرت. ئەو تاژیانەی کە لە کەروێشک ڕۆدەهاتن بەڵام لە زاریان بەردەبۆوە پێیان دەگوترا دەم سارد، و ئەوتاژیانەی کە دەستوجێ کەرویشکیان وەبەر دەم دەهات پێیان دەگوترا دەم گەرم. شێوازی ڕاویش وەبەر چاو دەگیراو دوو جۆرە تاژی دست نیشان دەکرا تاژی بەژن چووکەو خریلە بۆ کەژوکێو تاژی باریکو درێژو لۆق لۆقی بۆ پێدەشت. دوو جورە ڕاوهەبوو یەک ڕەشە ڕاو ئەوی دیکە شوینگێڕ یانی ڕاوی سەر بەفر، لەڕەشە ڕاو کەڕویشک لەناو ڕەپستەو شیناوردو لە داوینی کێو لە شینکەو لەکەژ نزیک، لەو زەویانەی دروە زەردەو، وشتر خورکەو،گڕاڵکو تێسوو، لەبەر جۆگەو لەو ڕاستانەی کە لە قایمە نزیک بوون. چونکە چەکی بەرگری ئەو گیانداره هەژارو بەستەزمانە ڕاکردنە! لە هەرکوێ بخەوێ بەرزایی چیا لەبەر چاو دەگرێ. هەر نەبێ دڕکو داڵو حاشارگە. لە ڕەشەڕاودا سەڕ ڕاو پێویست بوو چونکە هێندێک کەروێشک تەماڵیان هەڵنەدەگرت زۆر زوو ڕایان دەکردپییان دەگوتن بازرە. زۆرتر کەروێشکی قەیرە ئەوهای دەکرد کە چەند چەند جار تاژی تێبەردرابوو. ئەو جۆرە کەرویشکە دیاردییان هەڵنەدەگرت. وەش هەبوو دەبواردرا یانی پاشە ڕاو ڕای دەکرد، تەمەنی کەرویشک بەکونی قینگی دیاری دەدا بە قەولی ڕاوچی چەند کونی لە قینگی دابێ ئەوەندە ساڵەیە. لە وەرزی پاییز کە هەڕەتی ڕاوبوو زوقم هەردی وەک جگ ڕەق دەکرد کەروێشک کە پێشووی لە پاشووی کورترەو بەری پەنجەی کوڵکنە بەسەر عەردی ڕەق دا هەر ویزەی دەهاتو

وەک با تیژ تێدەپەری. کەم تاژی تۆزی دەشکاند. بەم هۆیەوە تاژیەکی چێ لە سەر ڕاو ڕادەگێرا هەتا ئی بازرەو  پاشەراو دەربازی نەبێت.  تاژی ڕاو قەلیتەی لە ئەوکی دەخرا ڕاوچی سەری ڕستەی سەربە گوڵینگەی لە قۆڵی دەکرد سەرەکەی دیکەی دەخستە ئاڵقەی قەڵێت کە هەتا ڕستەی لێ نەکێشابوایە تاژی تێ بەر نەدەبوو.  لە چاخی بارانو شڵێوەو قوروچڵپاو چونکە کەروێشک پەنجەکانی کۆڵکنن گرمۆڵە قوڕیان دەگرتو تاژیش هەڵدەخولیسکان.  لەوجۆرە وەختە دا کەرویشک لە بەستەڵان دەخەوت. لە ڕەشەڕاو سوار ڕاویان دادەبەشی هەرکەس لە پیشەخۆی دەروانی چونکە کەرویشک بەرو ڕۆژ دەخەوی بەرەو ڕۆژیان سەف دادەبەست. کە لەلاندا دەیاندی تەماڵیان لە سەر لێدەدا(دەیان گوت تەماڵە نۆکەری فلان ئاغایم پی دەڵێن. لە لایەن ئاغا خەڵات دەکران.کە کەروێشک تەماڵی لە سەر لێدەدرا سوارەکان کۆزیلەیان لە دەورەی دەبەست

تاژی لە هەموولایەک دەستیان بە قڕوچکاندن دەکردو هەڵدەستانەوە سەر پاشوان . ئەو ئەسپانەی کە فێری ڕاو بوون بە دەنگی تەماڵ گوێچکە سڵ دەبوون دەنگ خۆشەکان حەیران،گوڵەگوڵە، ئازیزە،گەلۆ، سوارۆ، پاییزەیان لە سەر دەگوت.  هێندیک جار بۆ جەڕباندن تاژیان بەنۆرە تێ بەردەدان. کەرویشک لە وەختی ئەوهادا نەدەوێرا لەلان دەرپەڕی سوارێک دادەبەزیو پاڵی پێوەدەنا، ئەگەر تاژی چێ دوو سێ کەڕەت لە کەروێشک ڕۆهاتبوایە بۆ هەڵنەگیرابوایە دەیانگوت ڕاوبەستراوە.  دەبوا دووسێ مووی سمبێڵی تاژی بەددان بقرتێنن. بە قسەی مەلا دەبوایە مووکانیان بە ناوکونی ئەنگوستیلە هێنابادەر هەتا کابرای مووقرتێن دەمی وەلموزی تاژی نەکەوتبوایە پاشان ئەنگوستیلەکەیان بۆ گڵاوکردن حەوت کەڕەت لە قوڕەسوور هەڵدەکێشاو دەشوشتەوە بەکوردی خوسڵیان پی دەکرد.  لە ڕەشەڕاودا پاشووپێشووی تاژیان لە خەنە دەگرت هەتا بەری پەنجەی نووسەکەو قونجلیسکو دڕکی تێ هەڵنەچەقیت، لە ڕاوی سەربەفر (شوینگێڕ)کە هێندێکجار کەڕە سیسە وشەڕە تەرازو دایەدایە چڕو چاویان بە سەرکڵاو دادەپۆشیو جلی گەرمیان لەبەردەکرد، پاڵتۆو دەستەوانەی مەرزو تفکیکیان بەکاردەبرد کەوشی پۆتین یان چکەمەیان هەڵدەکێشا ،گۆرەوی مەرزو زەنگاڵیان هەڵدەبەستو دەمامکیان دەدا.  کە بەفر دەباری ڕاوچی ئاگادار ئەوە دەبوون ئاخۆ لە نویژی شێوان بەدواوە هەڵی برینگاندووە یان نا. چونکە ئەگەر شەو ساماڵ بوایە بۆ بەیانی کوژەی ڕاو بوو.  بەڵام ئەگەر پڕوشەی کردبوایە شوێنەکانی پڕ دەکردەوەو لە تەم ومژیش ڕاو نەدەکرا چونکە گومان دەکرا گورگ خۆیان مەلاس دابێو تاژی بخەنە بەرهەڵمەت.  دیارە ڕاوی بەفر پسپۆری دەویست چونکە کەرویشک هەزارەو دوو لایی دەکرد.  ئەگەر هەویە شەو(مانگە شەو) بوایەو ساماڵو بەفر زوو هەڵێبرینگاند بوایە ڕاو خۆش بوو.  بەڵام هەتا گەردالێک بەفر تەنگەژەبوو.   چونکە وەهەبوو کەروێشک هەتا بەیانی گەڕابوایە دەجا دەیان شوین وێکدەکەوتنەوەو لێک جیاکردنەوەو بردنەوە سەریەکیان چەتوون بوو.   ئەوانەی لە ناوچە لە شوینگێڕ دا ئەزموونیان هەبوو کە ئەمن ناوەکانم وەبیر ماون بریتی بووم لە: عەزۆ، نەعمان، لە گوندی کانی سۆرک کاک عەولا ڕەشیدبەگ لە گورگاوە، ئازیز کوێر،لە شاوانە، حوسین شامراد لە ئاڵیاوە، میزاکەریم لێتان(کەریمپور)لە گورگاوە، میرزامەولوود لە ناوقوران. لە شوینگێڕ دا کەروێشک کە دێ بکەوێ چەند بازان داوێژێ، یان هەزارەی دەکات یانی بەدەورەی خۆیدا دەگەڕێ وەک هەوێزی مەڕ، کە شوینەکان هەموو جەمسەریان تێکەڵ دەبیتەوە سەرە دەری لێدەرکردن، بۆ ڕاوچی بێ ئەزموون زەحمەتە، جاروەدەبێ هەر لە ناو هەزارەدا دەخەوێو ئەگەر لە هەزارە بچێتە دەر چەند بازان داوێ پاشان دەکەوێ، هەتا شوێنەکەی ون بکات چونکە شوین لە دەورەی هەزارە دا دوایی دێ.  بۆیە دەبێ ڕاوچی وشیاربێ کە شوێنەکان نەشێلێت. جاروایە دوولایی دەکات یانی بەسەر شوێنەکەی خۆی دا دەگەڕێتەوە، سادەبێ ڕاوکەر بزانێ چلۆن چووەو چڵوون گەڕاوەتەوەو شوینی تازەو کۆن لێک بکاتەوە. دیارە ئەگەر بەفر زۆرباری

کەروێشک هێزی گەڕانی نامێنێ زوو دەخەوێ لە ناو بەفر جێگای کونە کەپۆی بەهەڵم زەرد هەڵدەگرێ، بەڵام ئەگەر کەم بباریێ بەکەیفی خۆی دەگەڕێ. دەجا بۆ ڕاوچەی دۆزینەوەی سەختە وەدەبێ چەند کەروێشک پێکەوە گەڕاون بۆ لەوەڕان بەسەر شوێنی یەکتر داهاتووچوونە، یەک زوو چۆتە لان ویەک درەنگ. لەو جۆرە کاتەدا کە شوینەکان تێکەڵ دەبنەوەو هەزارو دوولایی ئەڵۆز دەبن دەبێ حاڵەتی ڕەشەڕاوی بۆ دەنەزەر بگێڕێ ئیدی لە قاعیدە دەردەچێت مەگین کەروێشک بازرە بێ دەنا بەدەگمەن دەکەویتە کەرخی تەماڵ. ئووشمان لە بیر نەچێت دوولایی دۆزینەوە بۆ ڕاوچی بە ئەزموون بەمانای کەروێشک دۆزینەوەیە. جا مەگین دەعبا لە لاندا خواردبی یان پاشڕاو ڕایکربێت. لە کاتی دۆزینەوەی دوو لایی عادەت وابوو سوارەکان بێ دەنگ دەبوون بەقەراخ شوینەکەدا دەڕۆیشتن تەنیا بەفیتوو هێمای دەست یەکدیان حاڵی دەکرد. ڕاوی سەر بەفر پێویست بە سەرڕاو بەرڕاوناکات. چونکە کەروێشک دستی لە پاشووی کورتترە گرتنی بۆ تاژی سانابیە. بەڵام کەروێشکی خووسار بە پشتی پاییزان کەم تاژی تۆزی دەشکاند. ئەوەش بڵێین لەبەفری کۆندا ئەگەر سیاقەبێ کەروێشک کە جەستەی سووکوکەم وەزنە تێ ناکەوی بەڵام تاژی تێداقوم دەبێ کەروێشک ناکوژرێ لەوانەیە تاژی سەقەت بێ. ئەو سەردەم لەوەرزی پاییز دا ڕاوچی وەخۆ دەکەوتن‌و چەندسوار پێکەو دەچوونەراو. بەڵام دوایی دابەزینی قانوونی ئیسلاحات ئەرزی ئەو شیوازە تێکدراو بوو بەهەرکەس هەرکەس بەمە دەڵێن دێمووکڕاسی. لەدەشتی ورمێ کەروێشک زۆر بوو بەڵام لە بەرباغو ڕەز ڕاوی لێنەدەکرا تاژی خۆی سەقەت دەکرد. لەو ناوچانەی کە عەجەم تێی داجێگرن کەروێشک بەڕەوە وەبەرچاو دەکەوت چونکە شێعە کەروێشک ناخۆن بەقسەی ئاخۆندەکانیان چونکە سەروبنی مانگ وەسەرخوین دەگەڕی (عەیز) دەبێنێ حەرامە. لەناوچەی ورمێ شکاکەتی سەڵماس، ڕاو دەکرا هەروا لە ئیلام کەرمانشا، سنە، ڕاوەتاژی وەبەر چاو دەکەوت. لە ڕاوە کەروێشک داب وابوو هەر کەس کەروێشکی لە دەمی تاژی وەرگرتبواوەو کێردی بەئەوکی داێنابوایەو کوژبوایەوە ئی وی بووا! زۆرکەڕەت دەستە سوارێکی پۆشتەو قۆچاخ لە بەیانی هەتا ڕۆژ ئاوا چەند ڕستیان کەروێشک تێ بەردەداو تاژی چەند کەرویشکیان دەکوشت بەڵام هەڵتەک هەڵتەک دست بەتاڵی دەگەڕانەوە. چونکە خۆ تاژی دەستوجی مەگین بە دەگمەن دەنا کەروێشکی بۆ ناکوژرێ. دەیڕەتاند زینوو، زینوو، گەروو، گەروو، وەدەبوو لەچەقی ڕێگا، لەسەر جادەیەک کوێرەرێیەک، لە قەراخ گوند، لە تەپۆڵکێک، لە پەناو پەسیوەک، لە خۆڵی وەردەدا. وەرزێر، ڕێووبار، یان لاپرەسەنیەک دەگەیە سەری چەخەی لە تاژیان دەکردو سووکو هاسان چەقووی بە ئەوکی دادێنا قرقرۆچکەی هەڵدەبڕی. ئیدی حەق نەبوو لێی بستیننەوە! وەک ئاماژەم پێکرد لە ڕەشە ڕاو هیندێک کەروێشکی قەیرەی تاژی تێبەربووی ڕەوکو قوشقی تەماڵیان هەڵنەدەگرت، کەمۆ ببوون‌و فێڵیان لە تاژیان دەکرد لە تەلان ماوەیەک بەرەوخوار تێدەکشان پاشان بەرەو ڕکە تیرەیان دەبەست، کە ئانیشکەیان دەدایە تاژی تێدەکشان. بۆیە دوو تاژی سەر ڕاو بەر ڕاو لە گەڵ تاژیان تێ بەرنەدەدران، لێدەگەڕان هەتا ئەوکات کە کەروێشک دەگەیە ڕەخ سەرڕاو ئەوکات ڕەستەی لێ دەکیشرا. کەروێشک ماندوو تاژی حەساوە ئیدی ڕزگاری نەدەبوو. ڕاوکەر کەروێشکی لە دەم تاژی وەردەگرتەوە دەیکوژتەوە بە بەن سامۆرتەی هەڵداوەسی. زین، دوو بەن سامۆرتەی سەر بە گوڵینگی لەولا لەم لای پاشتەرک بەئاغزونەی قاڵتاخ قائیم کرابوو. کە ڕاوکەربەدست پڕی دەگەڕانەوە ژنەکان دەستو جێ کەروێشکیان دەشوشتەوەو لە سەرقسەی مەلا گلاویان دەکرد. یانی (جێگای دەمی تاژیان حەوت کەڕەت بەقوڕە سوور دەشوشتەوە) دەیانکردە سەنگەسیر، بەربەسێڵ، خزموودۆست پێی میوان دەکران. ئەو سەردەم بەستێنی فکر هێندە بەرفراوان نەبوو دنیا بریتی لەو شوینەبوو کە مرۆڤ لیی دەژی. بۆیە خەڵک خۆیان بەکۆکردنەوەی سامان ماندوو نەدەکردو ئەوهەموو ئینکابەری‌و بوغزوو غەرەز لەگۆڕێ نەبوو .چوارچیوەی ژیان هەر ئەوجێگایە بوو کە مرۆڤ لێی بوو. هەنۆکە

لە دنیای پیشکەوتوودا بەملوین مرۆی بە سامانو خاوەن دەسەلات کە سالبۆری بوون بۆ ئەوەی لە گێچەلی ئەم دنیایە دوور کەونەوەو لە ئاسایش نزیک بنەوە ومێشکیان ئاسودەبێت دەچن لە دوورگەیەک، لە (جەزیرەیەک)دوور لە خەلکو هەلاو بگری دونیا دادەنیشن.  لەهەراو هوریاوکیشەی ئەوجەماوەرە خۆیان لاتەریک دەکەن. شاعێر دەلێت: دلاخۆکن بەتنهائی کەاز تنها بلاخیزد..

(سیغەی دوو ساعاتە، یان پیمپینگ!)
هەر چەند ڕێژێمی کۆماری ئیسلامی بە ڕەوالەت خەرابخانەکانی داخستوونو بە قولی ئاخوندەکان داری حەد(شەلاقیان) لیدەرێو بەردە باران دەکرێن بەلام هەریەک لە ئاخوندەکان لە شارەکانی عەجەم نشین سەدان کیژیان لەبەر دەست دایە هەتا بۆ سیغەی ماوە دووساعەت! دەکرێ بلێن بازاری پیمپینگ لە هەموو شارەکانی عەجەم تێدانشتەجێ لە ئیران لە برەودایە خودا بازاڕیان بدات کە شەرعی شیعە بەڕەوای زانیوە. حاجی ئاغای ئاخوند بەرپرسی پیمپنگ
حاجی ژن بەرپرسی لیزبین!

(یادێک لەبەڕێز میزاسەلیم سەلیمی)
ناوبراو هەرچەند خوداحەزبکات مرۆڤێکی پیاوانە و زاتدارو بوو سفرەی هەمیشە هاوەلا بوو ئەو کات لە شنۆ بە ناوبانگ بوو کۆشکەکی  دورست کردبوو چەند غولامی بەدواوە بوو هەرچەند لە خۆیان دۆڕاندبووی لە سوورتێی هەلێنابۆوە. چل هێکتاری باغی سیو چەقاندبوو، بەلام ڕۆژگار خەڕەکەی ژیانی لاباركرد ئەمما نەوەستا بەرەنگاری بختو ئیقبال بوو هەموو چەلەمەیو تەنگەژی ڕێی ژیانی تێکشکاندن بەکوردایەتی لیی هاتە دەر سەردەمیک خۆی لە سیاست نزتک کردەوە حورمەتی خۆی وەک پێویست ڕاگرت لە دۆخی کۆمەلایەتیش پسپۆربوو کوڕێکی یەکجارپێاوانەشی بە ناوی کەریم هەبوو کە جەوهەری مرۆڤاتی لێدەبارێ ئێستا لەئۆروپا دەژی.

(یارمەتی دەری دکتۆری ئاسائی وددان ساز)

لەسالەکانی 1340بازیک لاو بۆ یارمەتی دەری دختۆرو ددانسازی خۆیان پەروەردە کرد.  یەکەمیان مشیری بوو. ئەگەر بەهەلە نەچووبم یەکێک لە مشیریەکان ددانساز بوو. لە شوڕشی ئەیلوولی 1962چووناوشورش ناسراو پێگەیی، دووهەم کاک عوسمان بوو کەلەشنۆ ددانسازی کردەوە، سێهەمی کاک عەبدۆی کوڕی حاجی مەولوودپورزێڕن بوو. هەروا کاک عومەرپردئابادی بوو کەبوو بەیاریدەری دکتۆری نەخۆشخانەی شنۆ. دوایی کاک ژیان لاوە لە1356 خۆی خەریکی ئەوکارەکرد ئەمە لە دوایی شەهید بوونی بابی بوو .

(بۆ زاخاوی مێشک)

دەگێڕنەوە دەلێن: لاوێک لە نزیکانی ئایەتوالله مونتەزیری لە شەڕی ئێرانو ئێراق کە(هەشت سالی خایاند)لاقی دەپەڕێ.  یەکجار خەم دەخوا. هەرچەند ئاغای موونتەزیری دلخۆشی دەداتەوەو دەیلاوێنێتەوەو پێی دەلێت:  ئیمانت قائیم بێ کەلکی نابێ! ڕۆژێک ئایەتوالله موونتەزیری بەدلی دادێت

که بیباته ناو مەکۆی سەقەتو نەقوستانان(کەیەک ملوین کوژراوو حەوت سەت هەزار نووقوستان )ببوون. بەشقی خوایە کەمووکەیەک رووحی ئارام بێتەوە. بەو نییەتە لەگەڵ خۆی سواری ماشین دەکاتو دیباتە ئەو شوینە کەجەماوەرێکی بە لێشاوی لەدەستو قاچ پەڕیوی لێیە. کورەکەی بەناویاندا دەگێڕێ. کوڕ سەدانی وەک خۆی دەدبینی. بەڵام لەنەکاو سەرنجی گەنجەکی سەقەت بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ کە هەر دوو دەستولاقی پەڕیوەو لەسەر سێچەرخەکەی ئەوە چۆن هەڵدەپەڕێ مەپرسە! کوڕە لەپاڵ خۆیدا دەڵێ: وەالله ئایەتوالله مونتەزیری ڕاستی دەگوت! ئەمن ئیمانم پتەو نیە! تەماشا ئەوە چەندە بەئیمانە! دەچێتە لایو پاش خۆشو بێشی دەڵێ: سەت عافەرین بۆ تۆ! ئەتوو بێگومان خۆشەویستی ئیمامەکانیو ئیمانت پتەوە.! کەبەم حاڵە ئەوها دڵخۆشی! خوزیا ئەمنیش وەک تۆ ئیمانم قائیم بوایە! کابرا سەر هەڵدەبڕیو دەڵێت: باوکە ئەو قسە قۆڕوو بێ تامانە چین دەیانکەی ئیمانی چیو ترەماشی چی! ماڵ خەراب ئەمن قونم دەخورێو دەستم نیە کە بیخورێنم لە تاوان حەجمینم لێ هەڵگیراوە. خۆم هەڵداوێم بەڵکوو خورووی دامرکێت!؟

(ئەرکی مەلای ئاوەدانی)

مەلای ئاوەدانی جیا لە ئیشی مەلایەتیو پێش نوێژی بۆ خەڵک نووشتەشی دەنووسی. ئەگەر ماڵاتێک ون ببا، ڕەشەوڵاخێک لەگاڕان هەڵبڕابوایە، پەزێک لە مێگەل دابڕابوایە، گۆلکێک بە هۆی کورەگوێبوون وەتەلانی کەوتبوایە، زاری گورگی بۆ دەبەستن. بەڵی مەلا بەخاتری ئەمە هەمووگورگی ناوچەی دەم دەبەست. ئەگەر ئەو دۆدیوو بۆدییە وەڕاست گەڕابوایە سەر قەڵەمانەی وەردەگرت. وەک فروج، کەللە قەند، عەلەشیش. با ئەوەش نەبێتە غەیبەت لە ڕاستیدا زۆر مەلا بۆ خۆشیان باوەڕو متمانەیان بەو شتە خەڕافاتو تورەهاتانە نەبوو بەڵام لایەک خەڵکیان بۆ حاڵی نەدەکراو لەتۆمەتی وەپاڵ نانی (کەڵبەش)کە ئەودەم باو بوو دەترسان. لایەکی دیکە نەفامیو جەهالەتی خەڵک بۆ وان قازانجی تێدا بوو. ئەوەش بێزنیزی مەلا بوو ئەگەر لە قاوی دابوایە لە برسان دەمرد. هەر وا ئەگەر کەسێک ژانی دەددانی وەستابوایە یان ژانەسەری گرتبوایە دەچوونە لای مەلا کە ناوی فرشتەیەی (سمعلون)ی بۆ لەسەر کوتە قاقەزێک دەنووسین کە ئەوان بە دیوارێای هەڵداوەسیو بەڕێنوێنی مالای سەرەتا دەرزیان لە(س)هەڵدەقاند ئەگەر ژانی نەشکابوایە لە(م)و(ع)و(ل)و(ن) گوێزە گوێزیان پێدەکرد. ئەگەر تووشی نۆبەتێ(گەندەتا) بوانە بۆی لێدبڕین. بەڵی جەنابی مالای کاری دکتۆریش بە دەستەوە بوو. هێندێک کەس ناوکیان دەکەوت دەچوونە لای سەید گۆیا ساداتەو ودمی بە دەستە. جمگەی دەستی دەکووشین یان دەچوونە سەر بەردی ناوکان خۆیان بەسەر دا دەکردو بەم جۆرە خۆیان قانع دەکرد کەناوکیان هاتۆتەوە. ئەو منداڵەی (لەمەیی) زەردوویی دەگرت پقەی لێدەکرا. ئەگەر ژنێک منداڵی نەبوایە دەچوونە سەرقەبری ئەسحابەکانو نەزریان دەکرد (گڵکۆی عارەبەکانی کوردکوژ) بەڵێ مێردەکەی کە بۆی نەرەخسابوو بێلامانێ خیزانی ئاوس کات عارەبی مردووی فەڕاقی ڕەش لێبڕاو منداڵی بۆ وەزگ دەخست. گۆیا پاژێک جندووکەو نەمەچێتروو شایەتینی لە ژێر فەرمانی شێخ وو سەیدوو مەلا دابوون. بەقسەی وان لەلای خوای مەزن بۆ ئەو جۆرەکارانە تەرخان کرابوون. وای لەو کوردە بەخت ڕەشەی ناحاڵیە. بەشێک شیخو سەید خۆیان لە قەبرستانی یەکدی دەشاردەوە دەیانگووت دوژمنایەتی کۆنیان پیکەوە هەیە دەئەنگێوترێن! وای دەنواند شێخی عارەب بە زیندویی چش کە خەڵکیان قڕ کردووە بە مردوویش لەکوشتار ڕاناوەستن! دەجا ئەوە

سەردەمی ئەحەلاحەزرەت محمەدڕەزا پەهلەوی بوو کە داوای شارستانیەتی گەورەی دەکرد. دەبێ هەنۆکە لە سەردەمی خەرافات پەرستی کۆماری ئیسلامی کە خۆ تەقینەوەشی لێ زێدە بووە چۆن بێت!

لەساڵی 1358 کەکۆماری ئیسلامی ئێران دەستی بەسەربالۆیزخانەی ئامریکا لەتاران بەناوی هێلانەی جاسووسی داگرت و52کەسی لەدیپلۆماتەکان بۆ ماوەی 444ڕۆژ بە بارمتەگرت کە ئەوکات جیمی کارتێر سەرکۆماری ئامریکابوو. ئامریکا ئێسکاردانیک فرۆکەی نارد کە لە دەشتی تەبەس کەوتنە بەر ڕهێڵەی ئەشعەی لیزێری شووڕەوی هەموو سووتاندران. بەلام ئیمامی جەماران ڕایگەیاند کە ئەمە دەستی غەیب بوو. بەم درۆو دەلەسانە لە شەڕی ئێرانو ئێراق بەملوین لاو مێرمنداڵی هەڵفریواو وەسەر مین پەراندرانو بە وادەی بەهەشت ووەرگرتنی ئاچەرەکەی لە دەستی ئیمام پەڕەم بە پەڕەم بوون لە دوایش داکە دەرەتانی لێ بڕا بۆ بەڵێننامەی 598ی نیو دەوڵەتی (جامی ژەهری نۆشی) ئەمە وەرام بەخەڵک بوو.

(تاس گرتنەوە)
هێندێک فێڵبازو دەست بڕ لە ساوێلکەیی عافرەتانی ئاوائی کەلکی ناحەزیان وەردەگرت. کە گۆیا جندوکەیان لە بەردەست دایەو دەشێن گرێپوچکەی هەموو دەردێک بکەنەوەو هەموو نوشتەیەک بەتاڵ بکەن. گونداوگوند دەگەڕان. سەریان لەو ماڵان هەڵدینا کە خاوەن سامان بوون. وەک حاجی ژنو ئاغا ژنو مەلاژن. جامەکی مەفرەقی زەردی نەخشینیان پێ بوو کۆڵە شاڵێک لە پشت! ئەوان تاسەکەیان لە هۆدەیەکی تاریک دەگرتەوە کە چ مەنفەزی نەبوایەو دەبوا فەقەت ئەو عافرەتە لە وێ بوایە کە گریی بۆ لەکارەکەی دەکەنەوەو نووشتەی بۆ دەنووسن یان سیحرو جادووی بۆ بەتاڵ دەکەن. بەوجامەیان دەگوت تاس. تاسەکەیان پڕ لەئاو دەکرد پارچەیەکی ڕەشیان بە سەردا هەڵدەکێشاو کابرا دوایی هێندێک پاڕانەوە لە بەرەخوێدا چەند وشەی تێکەڵ پێکەڵی دەبن لێواندا زەمزەمە دەکرد .بە قسەی وان چەند ئایەتێک لە قورعان بوو. گاسی جندوکەی دەکردو ناوی دەبرد کافر ئەوە بۆ وات لەو ژنە قوڕ بەسەرە کردوە خێراکە بڕوو نوشتەکە بێنەوە. پاشان بەژنەکەی دەگوت: نوشتەت لێکراوە لەناو حەوەت قەبراندا دەچاڵ کراوەو چیو چی... ناردم بیهێنیتەوە! لە نەکاو شڵپە لەئاو دەهاتو دەنگی جریوە جریوەک. عافرەتەکە لە ترسان وەک مێوژۆکە دەلەرزی دەستی بەداوینی کابرای دەگرت پیی وابوو ئەوە جنوکە لەوێیە. کابرا لە جنوکەی دەخوڕی وەلاکەوە کافر گەفی لێدەکردو دەستی لە بن پارچەکە ڕۆدەکرد گلۆڵەیەکی مووی ئالۆزاوی قژی لە ئاوەکە دەردێناو بە پشووهەڵمالاوی دەیگوت: تەوابوو وەک دەگێڕنەوە گویا جاروبار لە نێو ئاخافتنەکانی دەیگوت: ئەی مەڵعوون ئەتۆ بووی منداڵەکانی منت کوشتن جیوەجیو دەستی پێدەکردەوە. کابرا ناوی خواو ڕەسووڵی دینا بەژنەکەی دەگوت: ئەمن بەهۆی ئەوکارە خێرە منالم بۆ نامێنێ یانی جنووکەی دیکەی لە بەرئەمر دانین دەیانکووژن لە ئاخردا بالاّبەژنێکی بۆ دەنووسی کە ئەگەر کردباتەوە هەموو خەتی چەپو ڕاستو نووختەو شقلی بقلی بوو. بەلام بە قەولی کابرای تاس گرەوە بەرگری هەموو

دەردوو بەڵایەک بوو جگەلەوانەش زوانی مێردە زاڵمو بەدفەڕەکەشی  بۆ بەستبوو! دەڵێن قسە قسەدێنێ کە مەولوود نامە دەخوێننەوە جگە لە وەی پەیوەندی بەلە دایک بوونی حەزرەتی محەمەد(ص) هەیە ئەوەی دیکە تێکخراوەیەکی بێ ناوەڕۆکە بەسەرجەم پێوەنان! وەک شێعری مامۆستا فیردەوسی تووسی دەفەرموێ: لە سم سواران دراین پهن دشت - زمین شد شش‌وآسمان گشت هشت. مرۆڤ وەختێک قورئان بە ماناوە دەخوێنیتەوە دەدینی ئەو شتانە چەندەیان لەگەڵ ناوەڕۆکی قوڕعانی پیڕۆز تەوفیروجیاوازی هەیە. هەروەک ئێستا کە ئەو هەموو خۆ تەقینەوە مرۆڤ کوژرانو خوین ڕژان بە ناوی ئیسلامو بە ناوی فتوای پێغەمبەر دەکەن کە بێگومان هیچی پەیوەندی بەخواو پێغەمبەر نیە! دەڵین جارێک لەناو کوڕێکی مامۆستایانی ئائینی لە ماڵی ساماندارێکی شاری نەغدە کە بە هۆی مەولوودی (ڕوژی لە دایک بوونی محەمەد(ص) )خەڵکەکی زۆر زیافەت کرابوو لە ڕەحمەتی مەلاسالحی نەغدە داوا دەکەن بەو دەنگە خوش‌و دلێرەی مەلوودنامەیان بۆ وەخوینی لە ڕاستیدا مەلاسالح دەنگەکی یەکجار ڕەسەنو بەرزی هەبوو کەڵەپیاوو  مامۆستایەک بوو شەرمەگێلاخەی لەکەس نەدەکرد هەروا قسەڕەقو ڕاستگۆو بەزیپکو بەدەمارو چاونەترس بوو. بەڕاشکاوی دەڵێت: بەچاوان بەڵام ئەمن هەر ڕاستیەکان دەخوینەمەوە نەک درۆیەکان! ئیدی وازی لێدێنن بەڵام لەوکاتەوە ڕەشە موسڵمانەکان مامۆستا مەلاسالحیان بە کەڵبەش لە قەڵەم دەد، چونکە ڕاستی گوتبوو! کەس بەڕاستی گوتن گوناحی ناگاتێ بڵکوو خێری دەگاتێ.
بەمە شتێکم هاتەوەبیر دەڵێن سەردەمی هاڕوونو ڕەشید دەبێو زبێدەی خیزانی هاڕوون گەلک پسپورو هەڵسووڕێنەری کارەکانی دەبیت ڕۆژێک کابرایەک بە گریانو قوڕپیوان خۆی دەماڵی هاڕوون ڕۆدەکا داوای یارمەتی دەکات زبێدە زۆری زگ پیدەسووتێ دەیلاوێنێتەو قەولی پێدەدا لێ بکۆڵیتەوە بە سکاڵایەکەی ڕاستەوخۆ ڕابگات. بەڵام کابرا دەلێ: خەڵک لە سەر ڕاستی گوتن لیی دەدەن! زبێدە زوری پێ سەیر دەبێ چون لە شارەکی وەک بەغدا ئەویش هاڕوون خەلیفە بێت لە سەر ڕاستی گوتن لە سەردەمی ئیسلام کە باوی ڕاستییە لەسەر راست گوتن لە مرۆڤ بدرێ یەکجار تووڕەدەبێت ئەزقەزا کاتی نویژ دەبی زبێدە بەکابرادەڵێ: هەرئێستا نوێژ دەکەم بۆخوم لە گەڵت دێم ئەوانە هەموو تەنبێ دەکەم کاتێک دادیتەو کابرا قامک بۆ قوونی زبیدە دەبا دەڵێ: قوربان ئەوەکونە! زبێدە نویژەکەی دەبڕی زەلەیەکی لێدەدا کابرا دەست دەکا بەگریانو دەڵێ: ئەتۆش ئەوە لە سەر راستی گوتن لێم دەدی! زبێدەدەڵێ: واش نا هەمووڕاستیەک بۆ گوتن نابێت!

(هێرشی کللۆ)
ئەوسەردەم بەڵای گەورەو بێ عیلاج بۆ دەغڵو دان کلۆ بوو. بۆ هەرناوچەو مەڵبەندێک هێرشی بردبوایەو لیی نیشتبوایە دەیکردە لەپی دەستو دەستو جی گەرای دادەخست. بەملوین کللۆ وەک هەوری ڕەش بەری عاسمانی دەگرتو قووتی خەڵکی دەبڕی. خەبەری هاتنی کللۆ وەک هێرشی پاسدارو کۆمیتەچیو حیزبواللەی دڕندەو کورد کوژی ئیسلامی ناوچە ناوچە ڕادەگەیاندرا. بەڵام خوا بەڕەحمەتی خۆی خەزایی بۆ دەنارد. هەروەک لە چاخی هجوومی کۆمیتەو بەرەڵاکانی ئاخوندی خەڵک خەبەریان بە پێشمەرگە دەداو دەهاتنو دەیانتۆپاندن. ئەوکات مروڤ کەم بوو وڵات چۆلگە بوو دەعباو تەیرو توار بەڕەوە بوو تایبەت قاژوو گشت باخچەو میشە پڕ لە قاژوە رەشەبوو هەردارێکی ڕاجیز، قەڵەمە، پەڵک، بی، دەیان هێلانەی لەسەرلکو پۆپو چڵووکان بوو. هەریەکە چەند فەرخەیان هەڵدێنا. ئەگەر وەناومێشە زەمەند کەتبوای دەیان جووجکە بەرببونەوە هێندێک هەرسوورە ساقە بوون. کەڵک بەهەزار لە ڕەخ چۆموگۆمو

قەرەسوو هەڵدەنیشتن. قازوو قورینگ بەقەتارە بەری ئاسمانیان دەگرت. گەرمکەکان تەژی لە مراویو شوێلاقەو مریشکاویو پێ بە قوونە بوون. لە وەرزی زستان سەدان مەلی ڕەنگاو ڕەنگ لە برسان ڕوویان لە ئاوایی دەکرد کە بەداخەوە یان بەتەپکە وەدەبوون یان خەڵک دەرگای کادینانیان بۆ دەکردنەوەو ئەوان لە حەجمەتی سەرماو سەیاقە خۆیان تێداویشتو سەریان تێدا دەچوو. گورگیش لە حیساب نەدەهات بە ڕەوە دەگەڕان. کە لە زستان گونداوگوندیان دەکرد سێ چوار زەلام بەگۆپاڵی سەر بە مزماور وەڕێ دەکەوتن چونکە لەقەراخ دێ گورگ بە زەقە زەقی چاوان گجوولە سەگیان پڕدەدایەو دەفڕاند هەرچەند گوند تەژی لە سەگی قەپەگۆڵ بوون. لە وەرزی هاوین نۆرەی بەرازان بوو. هەر بەئاشکرایی کەڵەگاییان دەکرد تایبەت لەوگوندانەی کە گەنمەشامی (گوڵەپێغمبەرەیان ) وچەڵتووکی لێ دەچاندرا کەس نەدەوێرا لە ترسی بەرازان لە مووچەومەزرا وبێستان بخەوێ.

(هەوەڵ ماشین لەشنۆ)

لەساڵی 1327لەشنۆ ماشین وەبەرچاو نەدەهات.  لەئاغاکانی بەرەی زەرزا فەیروزخانی نەڵیوان بەرلەهەموو ان ماشینەکی جیبی سەربەچادری لەتەورێز کڕی لێخورەکەشی لەویڕاهێنا بوو کە ئەرمەنی بوو. ناوی سیرۆ بوو ناوبراو ماوەیەکی دوورو درێژ لەگوندی نەڵیوان ماوە. هەتاعیسمەت خان فێری ماشین لێخوڕین بوو. بەهەندیل هەڵدەبوو تایبەت زستانان هەڵکرتنەکەی زور چەتوون بوو دەبا ئاگریان لەبن هەڵکردبوایە هەتا ماتووڕی گەرم دادەهات پاشان زەلامێک بە هەندیل سوڕاندبای دوایی چەند ساڵ ماشین بوون بە سێلف. ساڵی 1334مەجیدخانی گورگاوێ پاپێدایەکی کڕی ئەویش لێخوڕی بۆ لە ورمێ هێناو ڕێگای گورگاو بۆ ئاڵیاوەیان بەبێگار بەپێمەڕە بۆ خۆش کرد کە باران دەباری لە قوڕحاسێ دەبوو بۆکساواتی دەکرد دەبوایە بەجووتی کەڵانیان هێنابادەر. ئەوچاخ بینزین لە شنۆ نەبوو لە ورمێ دەکڕدرا پاشەکەوت دەکرا دوایی ئاغامەجیدی ساوجبڵاخی نەغدە کە یەکجار دەوڵەتمەند بوو جێگابنزینی داناو کاک سمایلی کوڕی بەسەری ڕادەگەیی کە هەنۆکە لە دەرەوەی وڵات دەژی یەکجارنیشتمان پەروەرە. لەوساڵاندا ئەگەر مرۆڤ سەفەری دووری وەک سنەو کەرمانشا کەوتبوایە بەر گەردن ئازایان لێک دەکرد چونکە بەسواری هەسب زۆری دەکیشاو پەیوەندی دەبڕا .دەجا: "شاو دەستوو پەیوەندەکانی حوکماتیان لە سەر ئەو وڵاتە کاول بووە دەکرد

بە ساماندارەکانی شاری کوردنشینی نەغدە بریتی بوون لە: ئەمیرتومانی چیانەی، حامیدئاغای تۆبزاوێ، ئاغامەجیدی ساوەجەبڵاخی، کاک فەتاح ئەمیر عەشایری، ماڵی بووزچلووی کە هەریەکە ماشینەکیان کڕیبوو ،ئاغاموساخان پیم وایە لە ساڵی1337ماشینی کری کە مەحموودخان دوایی گەڕانەوەی لە سەربازی لێێدەخوڕی.

(خویندنی ئاغاکان)

ئەوکات لە گوندەکانی ناوچەی شنۆ هەرسینگان‌ونەڵیوان‌و نەڵوس قوتابخانەی لێ بوو لەلاجانیش چەندگوندێک. بەڵام کاک عەولای قادری خزمەکانی خۆی بۆ خویندن هاندا چەندکەسیان چوونە ئەڕتەش پلەوپایەیان بەرز بۆوەکوڕەکانی کاک حەمەدی گوندی سەروکانی نموونەتی هەڵبەتەکاک حەمەد یەکێک لە خەباتگێڕانی کۆماری مەهاباد بوو ساواک زوری زەخت خستەسەر هەموو نینووکی دەرهێنان بۆیە لەترسی ساواکو ئەشکەنجەکەی بە ڕواڵەت بیچمی خۆی گوڕی دەنا قەت لە تێکۆشان کۆڵی نەداو کوڕەکانیشی

هەروا ڕاهێنا. کاک حەمەدی سەروکانی یەکیک لە قارەمانەکانی قەت لە بیرنەچووی مەیدانی ئازادیخوازیو سەربەستی کوردستانە ڕوحی شادووقەبری پڕ لە نووربێت.

(گاوانی)
لە گوند کەسێکی ڕەشایی (قەرە) دەکرا بەگاوان. بەراتێکی بۆ دەبراوە. ئیواش هەبوو لە سەر ئەو نەداریە خودا شەش حەوت، منداڵی سەرو پێچکەی دابۆیە. گاوان دەبوایە سبحەینان تاریک وروونی کازیوە لە خەوڕابوایە گەڕەک گەڕەک وەڵاخەکانی ئاوایی کۆ کردباوە وبەرەو لەوەڕگەی بردبوایەو نانو پێخۆریکی لە جانتا دەکردو دەخستە سار شانیو ئێوارە درەنگان گاڕانی بەرەو گوند دەهێناوە. ئەوە حاڵی بەلەنگازی دێ بوو ئیستاش بێگومان چ تەوفیرەکی ئەوهای نەکردوە. بەڵام لە سەر ئەوەش ڕا ئەوە باس باسی ئەتۆمە ئاخۆ کارگێڕانی کۆماری گڵاوی ئاخوندی قەت جارێک لەخۆیان دەپرسن خەڵکەکی ئەوها برسیو توێنیو هەزار هەڵوەدا بۆمبی ئەتۆمی بۆ چیە! ئاخۆ لە جیاتی ئەوە باشترنیە چاویک بەژیانی خەڵک دابخشێننو لەهەندەران بڕوانن کەچۆن خۆیان بەرپسیاری گەلەکەیان دەزانن. ئاخۆ جارێک لەویژدانی خۆیان پرسیار کردوە ئەو هەموو تەخشان پەخشانە لە سامانی خەڵکی ئیران لە حاڵێک دا هەزاران کەس بۆنانی شەوێ مووتاجن دژی بیروبۆچوونی ئیسلامی ڕاستەقینەیە! سەدملوین دۆلار بەخەڵات بۆ حەماس چ مانایەکی هەیە باشە ئەوپیاوکوژیە ئاژاوە نانەوە لە سەر بناخەی کام هەڵویستی خواو پێغمبەرە!

(مزگەوت)
مزگەوت جگە لەوەی جێگای نوێژو تاعەت بوو کۆڕی باسو خواس وبیر گۆڕینەوەش بوو. هێدێک مزگەوت لە گوندی دەقەوغا بە تایبەت لە شارەکانی کوردستان هۆدەیەکیان بە ناوی (چەقەخانە) هەبوو. بەڵام خۆقسەی مەلاکان لەمەڕ سەربهوردەی عاڕەبەکانی کورد کوژ کە ببوو بەبنێشتە خۆشکەو کاوێژ کردنەوە زورلە ئی چەقەخانە بێ تامتر بوو. مەلاکان لە گێڕانەوەی نەقڵو نەزیلەی گوماناوی عاڕەبەکان بە کەیفی خۆ لکو پۆپیان لێ زیاد دەکردو فرشتەیان بەبیچمی دڕندە دەخستە بەرچاو وەدەمێشکی خەڵکیان دا جێ دەکردەوە کە بە هۆگان لە ڕاستی بەدوور بوون تایبەت لە مەڕ نەکنەکێل. گۆیا چاویان لە پاشکەسەریان ڕوواوەو! قەڵافەتیان بەبەزایی ئاسمانەکانە! هەر یەکە گورزەکی بەقەرا چیایەکیان بەدەستە کە سەری مردووی پێ پاندەکەنەوەو باسی وێکهاتنەوەی گۆڕێچە بەناوی گۆڕەوشار گۆیا شێری فرچکی بە کونەتفنکان دادێتەوە دەر. لە سەر یەک خودایان لە بەر چاوی خەڵک بێ بەزە لە قەڵەم دەدا. لە حاڵێکدا خودا چاوگەی مێهرەبانیو موحیبەتو بەزیی گەوەرەیی لێخوشبوونو دلۆڤانیو بەخشینە. بەشی زۆریان ئیستاش دەگەڵ دابێ مانای قورعان نازانن هەر ڕەشخوین بەسەری داتێدەپەڕن بۆیە کولکەمەلاکان دەنگۆیان بڵاودەکردەوە کە ئایەی قورئان مانای لێنادرێتەوە. ئەگەر مانا بکرێتەوە لە حەجمەتان دەنکە جۆ بەدیوار هەڵدەچن. کەچی بە پێچەوانە، قورعان دەستورێکی کاتییە بۆیەهاتووە هەتا مرۆڤ لیی حاڵی بێت. خودا لە قورعان دا دەفەرمووێت: محەمەد ئەو قورعانم بە زوانی عاڕەبی بۆ تۆ نارد هەتا عارەبەکان تێ بگەێنی کە بووتو گۆلک نەپەرستن! دەفەرمویت: بۆ هەموو قەومێکم لە خۆیان پێغەمبەر هەڵبژاردو بەزوانی خۆیانم کتێب بۆ ناردن هەتا بۆ جنوکەش پێغمبەرم لە خۆیان بۆ دانانو کتێبم بەزوانی خۆیان بۆ ناردن ئەگەر فرشتەش لە سەر عەرد بوانە بە زوانی ئەوانم کتێب بۆ دەناردن پێغمبەرم لە خۆیان بۆ هەڵدبژارد. هەر وەک عیساوموسا و...خودا لە قورعان دا دەفەرموێ: ئەگەر کەسێک مرۆڤێکی بێ تاوان بکووژی وەک هەمووخەڵکی سەرزەوی کوشت بێ وایە! ئەگەر مرۆێک ببخشی وەک هەموودونیای بەخشی بێ وایە! بەڵام

ئەوانەی بە ناوی خوا ئاژاوە دەنێنەوە خەڵکی پێک بە کوشتن دەدەنو خۆ تەقینەویان کردۆتە دەستوری خوایی ئەوانە بە هۆگان لە ئیسلامو موسڵمانەتی بەدوورن ئەوانە دەست پەروەردەی شەیتانن ئەوانە بیرو بۆچوونی شەیتان بەڕێوە دەبن. کۆماری ئیسلامی کە ئیستا لە دونیا بۆتە هۆی ئەو کارەساتانەو ئاسایشی خەڵکی گۆی زەوی خستۆتە خەتەر فەرمانبەری شەیتانەو دژی ڕەحمانورەحیم! وەک دەزانن پێغەمبەری ئیسلام تەماحی لە چ سەرزەمینیک نەکرد هەتا لە حاڵی حەیات دابوو مەکۆی ئاسایشو ئارامی بوو دوایی وی خەلیفەکان لە سەر کورسی دەسەلات نەک لە سەر ئیسلام کەوتنە گیانی یەکو بێگومان محمەد(ص) هیچ کامیانی ڕاستەوخۆ نەکردۆتە جێگری خۆی ئەو قەولو نەقلانەش کە شێعەو سونە کردویانەتە بنێشتە خوشکە لەم بارەوە ڕاست نینو ئەو خولەفایانەش هەموو خزمو ئامۆزای یەک بوونە هەتا عەلی دووکوڕی بەناوی عومەر عوسمان هەبووە بەڵام شێعە قەت باسی لێوەناکەن ئەوانە هەموو خوینگری یەک بوونەولەسەر دابشکردنی دەسەلات بەشەڕهاتوون هەتا عەبدولرحمان بنی مولجەم کە عەلی کوشت پیی گوت تەحکیم بۆ خواهاتوە نەک بۆ تۆ! حافزی شیرازی 600ساڵ پیش لەمەڕناکۆکی موسڵمانان گوتویەتی: جنگ هفتادو دوملت همەراعذربنە-چون ندیدند حقیقت رە افسانەزدند. بەڵام ئەگەر ئەوخەڕافاتانەو لەمێشک دەرئاوێژین و لەوکۆو کەهکەشانانە ڕامێنین دێینە سەرئەو قەناعەتە کە خوداناس کەسێکە کە تەنیا لە بەرامبەر خودای خۆیدا کڕنۆش بەرێ سەری عەبدایەتی وەچەمێنێو لە هەموو خەڵکی سەرگۆی زەوی بەچاوێک بڕوانێت بەدەسەلات غەڕەنەبێ سەر بۆ فیرعەونەکان نەوی نەکاتو بۆ نەتەوەکەی خۆیو ژیانی خوداپەسەندانە تێکۆشێ چیدی نەبێتە زوڕناژەنی بیانی!

(پرسەوسەرەخۆشی یان خێروشەڕ)
ئەگەر کەسێک لە ئاوایی ئەمری خوای کردبوایە تەرمەکەیان بەدارەباز(دالۆب) دەبرد مزگەوتو مەلاو فەقێ یاسینیان لەسەر دەخوێند پاشان بە خاکیان دەسپارد بەڵام بەداخەوە تەڵقینیان بە زوانی عاڕەبی دەدا وەکوو بڵێی کە فرشتەی خودا جیا لە عارەبی چ زوانی دی نازانن. وەک وەبیرم بێت تەنیا ئازیز یوسفی کە ماوەی 25ساڵ لە زیندانی حەمەڕەزا دابوولە1357ی هەتاوی لە تاران وەفاتی کردو تەرمەکەیان هێناوە مەهاباد. هەرچەند کەڵ بەمووی بەند بوو بەڵام لە سەر پیشنیاری کاک جەلیل گادانی مامۆستا شێخ عیزەدین حوسینی تەڵقینی بە زوانی شیرنی کوردی دا.

(گوێزەبانە)
ئەگەر عافرەتێک کوڕی ببایە بابی گویزەبانەی دەدا دەیان گوت بەرخی نیر بو سەربڕین چاکە یانی لە ڕێگای سەربەستی نەتەوەکەی با خوینی بڕژێت. گوێزبانە یان گوێزەوانە بەمانای شیرنی دان بە زارۆک بەڵام جاروەبوو زیافەتیان دەکرد. پاشان ناویان لێدەنا بەڵام بەداخەوە زۆربەی ناوەکان عاڕەبی بوون. ئەوەش دەگەڕاوە سەر میشک شووشتنەوەی خەڵک بەهۆی نەقڵو نەزیلەی عاڕەبی لەلای مەلاکانو پاژێک شیخ کە دەکرێ گاو کردنەوەی جەمسەری پیلانی داگیرکەرانی ناولێ بنێین. هەنۆکەش لە تورکیەو سووریە کوردی گوتنو ناوی ڕەسەنی کوردی یاساخەو لە ئێرانی ئیسلامی کە کەڕامەتی ئیسلامی خستە بەرپێ ناولێنان لە منداڵ دەبێ بەئیجازەی حکوومەتی شێعەبێ بە تەقیو نەقیو چیو چی هەتالەدەرەوەی وڵاتیش بەرگری دەکەنو پێناسی پێنادەن ئەوەیە حکوومەتی شەیتانو دژی ڕەحمان! بۆ نموونە لە ڕێژێمی "شا" ناوەکان بریتی بوون لە: زولفەلی، قەمبەرەلی، مەشتەلی، فسەلی، کە کوردەکان لە داخان پەنایان بۆ ناوی عارەبی دەبرد. هەنۆکە لە ئیران لە ڕێژێمی عەباومەندیل بۆتە: شەمسەلی، ئیمامەلی، زڕمۆلەلی،

کەربەلایی، ترەلی، کەکوردەکان بەخۆشیەوە زوربەی ناوی کوردی لە منداڵەکانیان دەنێن هەر چەند زۆری چەقەو گورە لە سەرە.

(کەل وپەلو شرو شالاتی گونددەییەکان)
سیپاڵی وەرزیرەکانی ئاوەدانی بریتی لە: چەند گۆزەو دیزەی پنج کراو، بەرەوجاجم، چەند دەستەنوێنی شرووپینەکراو، سێ چوار لاداری پێرک، کاشیو لەنگەری، سوێنەو جەرەی تێک بردووی بێ هەنگڵ، جەواڵ، گەسکو گڵوینگرەو، کەل وپەلی تەندوور، ئەوشتووشالاتانە بە گوێرەی داب لە مدبەق دەخرانە بن پێرکو گشت قاپو قاچاخو شرەوبرە یان لە بن دادەنا. هەژارەکان جاجمو ئی بە سامان بەرەیەکی نەخشینیان بەسەردا هەڵدەکیشا. دیارە ماڵی دەوڵەمەنە کەم نەبوون بەلام ئەمن لەولێکدانەوەیەدا مەبەستم زورایەتی خەڵک بووە. ڕایەخ حەسیرو لباد بوو بەلام خودان سامان فەرشیان ڕادەخست کە خۆماڵی بوون بۆخۆیان دەیان چنیین. سەوە کەرەکانیش لەشولک سەوو، قەرتالە، پشتەڕفێدەو چیو چیان دورست دەکرت. شوانەکان هەموو کەپەنیان هەبوو. بۆ چوارپێیەکان کووتەو سەولە بوو. گشت ماڵەئاغاکان نانکەرو دەوەکەریان هەبوو لە دێهات سەرجەم قەلاخ سازدەدرا کە سووتەمەنی وەرزی زستان بوو. کورەی ماڵەکانیش زوربەی بە دەوەو کەمرە بوو. ئەوچاخ کوورەی نەوت نەبوو. چونکە هاتنەوەی چەتوون بوو. بەلام ئەو بەشە کوردستانەی کە لە لێرەوار نیزیک بوو. لە دارەچەقاڵە کەلکیان وەردەگرت. هێندێک جۆتیار بنەگۆگەمو چرپیان دەهێنا. بەشیک ماڵەئاغاکان کەرداریان هەبوو. لە زۆزان گوێنیان دەبڕیو دەکێشاوە. ئەو قەلاخانەی کە لەدێ لێدەدران ناو ئاخنیان کشپل بوو. کە بۆ دەستەچیلەی تەنوور کەلکی لێ وەردەگیرا. ئەو سەردەم ئاشی ئاو لە هێندێک گوند هەبوو. ئاشەکان ئی ئاغاوەت بوون. زەوڕ لێکردن بۆ خەڵکی ئاوایی تایبەت ئەوانەی ماڵیان لە شار یان لەوگوندانەی ئاشی لێ بوو دووربوایە مووسیبەت بوو. چونکە هەتا نۆرەی دەگەییێ دەبوایە چەند شەو لەوێ بوایە. ئاشەوان لە جیاتی هەقدەست مزەی لە باراشەکە وەردەگرت. ژنو منداڵی قەرەکان سبحەینە زوو کە گاڕان بەردەبوو خەریکی کۆکردنەوەی تەرسو ڕێخ مالات بوون. کە بیانشێلنو بیانکەنە دەوەو بۆ دەوە دەشتیو تەپاڵە کۆکردنەوە چرپی هێنانەوە دەچوونە پێدەشت. بەتێلەکە دەیانهێناوە. لە وەرزی بەهار ژنو منداڵی گوندەییەکان دەچوونە قازیاخاو ،ئەسپینگ، گێلاخە، پوونگ، کەنگر، پیاوەکان دەچوونە کوارگ، ڕێواس، کوڕادە، مەندۆک، بیزا، هەروا ئاڵەکۆک. کیژیشیان ڕەگەڵ دەکەوتنو بالۆرەیان لێدەدا. لەبەهاراندا کوردستان بە گوڵی بۆنخۆش وەکوو هەلالە، ونەوشە، لالە، گەزیزە، شەش پەڕ، مێلاقە، شلێر، ڕۆز، شەوبۆ وهتد... دەخەملێ. لە دێهاتو زۆزان ماست، شیر، پەنیر، لۆرک، فرۆ، کەشک، ڕۆنی کەرە، سەرتوێ، دۆی کوندەلانە، ناسێلک ،(کولیچە) هەنگوینی سروشتی، لە مشەبوو. لە گوند منداڵ باش دەعاملانو خەڵک چاو برسی نیە بەگشتی دڵو دەروون هاوەلان. ئەوسەردەم هەر چەند خەڵک یەکجار دەست تەنگ بوونو کەم ماڵ هەبوون کە نانو تۆی خۆیان هەبێ بەلام دڵ فرەوان و ڕوو گەش ودەم بە پێکەنین بوون. بۆ ڕێز لە میوان گرتن دەبوون بە ئاسو پەلاس. لە کوردستان زەوی دێم نەببوو بەباو. لە دوایی 1955محەمەد ڕەزا بۆ بەرسینگە بڕینەوە لە خەباتگێرانی حیزبی دێمووکڕات لە گردکشانە، پەسوە، جەڵدیان. پادگانی نیزامی دامەزراندن. ئەو کات ئامریکا دەستی لەگەڵ دەستی شا لە قاپێک دابوو. لە بەشکەی دی کوردستانی ڕوژ هەلات پێگەو قازاخانە زیادیان دەکرد. زۆر لەو پادگانانە ملکی ئاخاکان بوون کەوەک زەوت کردن دەستیان بەسەردا گیراو بەشێکی زۆر لە مەزرای گوندی جەڵیانو پسوە گردکشانە بوو بەجی پادگان.

(سەرهەنگ مام عەزیزئەمیرعەشایری)

یەکێک لە ئاغاکانی بەدەسەڵات لەناوچەی لاجان مام عەزیز مامەش بوو.(عەشیرەتی مامەش لەسالی 1880ی زایینی یانی ڕاپەڕینی شێخ عەبەیدوڵلای نێهری (شەمزینان) بۆ سەر حکوومەتی ئێران بەکردەوە لەکورد هەڵبڕانو ڕەگەڵ عەجەمان کەوتن دوایی تێشکانی شیخ لەقەبی ئەمیر عەشاریان لەلایان پاشای ئیران درایە. لەوڕاپەڕینە گەورەیە دا کەبەشیکی زۆر لە کوردی باکووریش بەشداری تێداکردبوو لەکوردستانی ڕوژهەڵات تایبەت پاریزگای ورمێ عەشایری مامەشی قادری ،زەرزا، دێبۆکری، پیران، مەنگور، هەرکی لەگەڵ شیخ بوون جگە لە خەڵکی شارەکانو ماقولو ڕدین سپی یەکان تەنیا مامەشی بەرەی حەمەدئاغای بەشداریان تێدانەکردبوو ڕەگەڵ عەجەمان کەوەتبوون. مام عەزیز دانیشتووی گوندی پەسوە بوو گردک سپیانیش ئی وی بوو. عەلی ئەمیرعەشایری براچوکەی وی بوو. کە دەوریەک بە نوینەری ئازربایجانی ڕۆژئاواهەڵبژاردراو لە1357کە ڕێژیم ڕوخاندرا پەڕیوەی ئینگلیستان بوو هەرلە وێش ئەمری خوای کردو تەرمەکەی بەڕیکراوە کوردستانی ڕۆژ هەڵاتو لەگوندی بورهان بخاک ئەسپاردرا. عەشایری مامەشی ئەمیرعەشایری هەموومریدی شیخی بورهان بوون. وەک لەبەشی یەکەمی کورتەباس دائامازەم پێکردوە لەساڵی 1332(کودەتای شا" دژی مووسەدیق) مام عەزیز ئەمیرعەشایری کە خاوەنی هەزار سواری شەڕکەری مامەش بوو بەلایانگری "شا" هەڵمەتی بردە سەرشاری نەغەدەو لەو هەڵکوتانەدا هەموو لایانگرانی مووسەدیقی خروچووەو دەست بەسەرکرد دەستی بەسەر نەغەدە داگرتو تێلگرافی بۆ "شا"لێدا داکۆکی خۆی ڕاگەیاند ئەوکات "شا"هەڵاتبوو لە ئێراق گیرسابۆوە. کاتێک سەرلەشکر زاهدی بەیارمەتی ئامریکا کودەتای دژ بە مووسەدیق دەست پێکردو مووسەدیق بە دەستی سەرهەنگ پۆلادەوند گیرا محەمەد ڕەزا گەڕاوە ئێرانو هەموو عەشیرەتەکانی ئێرانی بۆ تاران بانگهێشتن کردو دەرجەی ئیفتخاری دانێ یەک لەوان مام عەزیز بوو کە دەرجەی سەرهەنگی پێ خەڵات کرا کە ئەوکات وەک دەرجەی قوماندارى بوو. دەسەڵاتی مام عەزیز دەوری گرت. تیمسار وەرهرام کە لە شاری مەهاباد خۆی بەکەڵی گونی دەزانیو بەسەربەشی قەزائیو نیزامی ڕادەگەیشتو هەمووشت بریتی لە وەرهرام بوو. بۆ وەی زەبرو زەنگ نیشان بدا هێندیک ئاغای دەست بەسەرکرد کە لە کۆماری مەهاباد 1946دەوریان هەبوو. خەڵک مەسەلەکە دەبنەلای ئاغامووساخان زەرزا، ئەویش دەچێتەلای سەرهەنگ مام عەزیزو پیی دەڵێ: "شا"ئەتۆی خۆشدەوێ هەلە دریغ مەکە! سەرهەنگ دەچیتە ستادو چاوی بە وەرهرام دەکەوێ پیی دەڵێ: کردەوەی تۆ ناوچەی شڵەژاندوە پێویستە گرتوەکان ئازادبکرێن. وەرهرام دەیەوێ دەست بە فرماندن بکات ، سەرهەنگ پیی دەڵێ: ئەگەڕ لەو گوڕە گۆڕە نەبڕیەوە هەر ئیستا لە ستاد بەتەلەفوون لەگەڵ "شا" قسە دەکەم. وەرهرام مەجبوور دەبێ گرتوەکان ئازاد بکات. لە ئاکامدا بەهۆی لێخور(شۆفێرەکەی) کە سەربازێکی ئەرتەشی دەبێت نەخشەی کوشتنی بۆ گەلاڵە دەکرێو، وبن ماشینەی دەدەن. پێویستە ئەمە ببێ بە ئەزموون بۆ ئەوانەی کە بۆ پلەو پایەو کۆشکو دراو لە هاو چارەنووسیان هەڵدەگەڕینەوە بیگومان ئەمە دواڕۆژیانە! هەرئەو وەرەهرامە کە حوکماتی بێ سنووری لەکوردستان دادەکرد کە تەختو بەختی "شا" وەرگەڕا هەر وەک کاک سەننارمامەدی ئامازەی پێکردوە ... کوردەکی لە خۆی خوێری ترو خویلی تر، وەکووبزن دەیهاویتە پاشتەرکی ماشینو لەو دیوی کوردستانی باکوور لە تورکیە بەرەڵلای دەکات بەم جۆرە ئەو خویلی خۆێڕیو خوین مژە دەربازی بوو.

(دەمارگرژی محەمەد ڕەزاو چڵکاوخۆرەکانی)

"شاو نووکەرەکانی چ بایەخیان بۆ چارەنووسی گەلانی ئێران دانەدەنا. بەتایبەت لەمەڕ کوردستان کویرو کەڕوو کوتر بوون. هەنووکە دەستو پێیەکانی بارەگای شاهەنشاهی، ماستاوچیو پارلەمانتارەکانی، قوەی قەزائی وقوماندارەکانی، یانی شەق تێ هەڵدراوو دەرکراوەکانی کە پارووپان لەگەڵ "شا"لەخویانی دزی بادەدا پەڕیوەی دەرەکی بوونە بەگشتی لە ئاست کورد لە زاری یەکتریان تفیوە. مووسەدیقیش کە لافی دێموکراسی لێدەداو لە میژووی مەشرووتەخوازانو کموونیستەکان بە بەژنو باڵای هەڵدەگوترێ هەتا کوردی ناحاڵیش لاسای دەکەنەوە لە خاڵی بەرژەوەندی لەگەڵ "شا" یەک بووچوونیان هەبوو. حکوومەتی کۆماری ئیسلامیش کە میراتگری ڕێژیمی "شا"یەو ڕووی ساواکی سپی کردۆتەوە لە مەڕ دەمارگرژی بۆ نەتەوەی کورد لە ڕێژیمەگڵاوەکی "شا" پیسترن. "شا" هەتا بەزەیی بەبنەماڵەکەی خۆشی دا نەدەهات. وەک بە سەر نووسراواندا دەچینە خوار دەدینین لە1333کە عەلی ڕەزا بەپیلانی "شا" لەفڕۆکەدا سوتاندرا چونکە دایکیان جیابوو مەترسی دەست بەسەرداگرتنی تاج وتەختی لێدەکرد بە فیڵ کوشتی. ئەوکات کوڕەکەی ئەویان کردبوو وەلیعهد، دوایی بە تاوانی کموونیست گرتیو زیندانی کردو زەویەکانی ئەوبرازایەی کە343هێکتار لە دەشتی تورکمانچای بوو دەست بەسەرداگرت. ناوبراو هەنووکە لە دەرەوەی وڵات بە شوغڵی نووسەری بەڕی دەچێت. کە بە عەلی پاتریک دەناسرێت لە حالیکدا لە1357 کە"شا" لە ئیران دەرچوو بیست میلیاردۆڵاری لە بانگەکانی دەرەوەی وڵات هەبوو هەتا هێندێک بە30 ملیاردی بەراورد دەکەن.

(قەرەجەکان)

لە ساڵەکانی 1334 بەولاوە قەرەج کە بەعەشیرتەکی گەورە دەناسرین لە سنووری کوردستانی باشوور دەهاتنە کوردستانی ڕۆژ هەڵات. ئەوعەشیرەتە خێڵاتیە بەپۆل دەگەڕان. کەلو پەلیان بە پشتی کویدرێژو بارگین هەڵگێڕ وەرگێڕ دەکرد. هەموو بارسووک بوون. شڕوشاڵاتەکەیان بریتی لە پێخەفو چادرو چەند قاپو کەوچک بوو. بە گشتی نەخویندەوار بوونو ژنەکانیان کەللا بوون. بە دەگمەن لە گوندێک حەوتوویەک ئۆقرەیان دەگرت. مانگێکی بەهارو سێ مانگی هاوین لە گوێزەگوێز دابوون. خیوەتەکانیان پارچەی سپیو مەیلەو زەردبوون. هەر گەیبانە گوندیک هەتا پیاوەکان خەریکی چادرهەڵدان دەبوون ژنەکانیان خۆیان دەمالان ڕۆدەکرد. خەڵکی ئاوایەکان لێیان دەترسان. تایبەت مانگی پووشپەڕ کە وەرزێر بەدوای کۆ کردنەوەی کشتوکاڵ دابوو. زۆرجار مریشکیان لەلیس دەردێنانو لە بن کراسیان دەنا. ئەگەر عافرەتێک تەنیا بوایە باڵیان دەبەستو تاڵانیان دەکرد. ژن و پیاو زارۆک دەستو چڕوچاویان خاڵ کووت کرابوون. زوانیان لەگەڵ کوردی سورانیو بادینیو هەورامانی تەوفیری هەبوو. جاروابوو بیست ژن پێکەوە دەچوونە ئاوەدانی. سەیر ئەمە بوو سەگ پییان نەدەوەڕێن. ئێستاش لە گەڵ دابێ بۆم ڕوون نەبۆوە ئەو عەشیرەتە گەرۆکە بۆچ هێندە نەعاملاو بێ عەشرونەشر بوون. بۆچ لەقولینچکەکی ئەو چوار پارچە کوردستانە دانەدەمەزران. ئاخۆ لەو گەڕانو سووڕانە چ بەرهەمێکیان وەردەگرتو بۆوان ئەوە کەلکی چ بوو. ئەوەندە ناحەز دەجۆڵانەوە کە زۆرجار خەلکی ئاوایی بەخۆ نەدەوەستان بە پێچەوانەی ڕێزو حورمەتی کوردەواری پەرژینی سەبریان هەڵدبڕی دەستیان لێدەدانە خوترەو پەیاخو مەترەقو ڕاستەوخۆ دەستە بەیەخیان دەبوونو لەگوندیان دەردەکردن. بەڵام چ دەرکردنێک دەستەیەک دەڕۆیی دەستەیەک دەهاتەوە. دەبوایە دانیشتوانی گوند بە گەلەکۆ چاوان لەسەر بوانە. بەڵام ئەوان پەکیان بە چەقەو پرکیشی نەکەوتبوو. ئەمما لەدوایی 1240 ئیدی بەگەڕانی ئەو عەشیرە دوایی هات. پیم وابووشورشی ئەیلوول بۆ بە هۆی سەقامگیر بونیان.

(عەشیرەتی گەڕۆکی دۆم)
عەشیرەتی دۆم ژیانیان بەگەڕۆکی تێپەڕ دەکرد. ئەوانیش بارگەو بنەیان بە پشتی بارگین گوێدرێژ هێستر دەگوێزتەوە. بەڵام بە پێچەوانەی عەشیرەتی قەرەج. دۆمەکان بەگشتی تێگەیشتوو ماقول بوون. مرۆڤی دەنگ خۆشیان تێدابوو. پیاوەکانیان زوربە لاوکو حەیرانیان دەگوت. هێندێک دەفەیان لێدەدا. بۆ گونداو گوند کردن ئیجازەیان لە ئاغای دێ وەردەگرت. جەماوەرێکی بە زەوقو بە دەماخ بوون. بە گشتی ڕووکەش‌و نانخوش‌و دەم بە پیکەنین‌و بە زارو تەکلیف بوون. هەسپی ڕەسەنیان هەبوو. هەمووماڵەکان کەوی ڕاویان لەقەفەز داهەبوو. لە هەرشوێنێک کۆڵو باریان خستبوایە چادریان هەڵدابوایە قەسپە قەسپی کەوتاییەت چاخی سبحەینە لە بن خیوەتەکانیان دەهات. دەرمانی چاوئێشە یان دەفرۆشت. پییان دەگوت وزوزە. هەروا ڕەنگی ماشەری تەونیان بۆ فروشتن گونداوگوند دەگێڕا. بەگشتی هونەرمەند بوون. ئەوانیش هەر ژنەکانیان کەللا بوون. ئامۆشۆی ماڵی خەڵکیان دەکرد. هەموو خوێن گەرم‌وڕەزا سووک‌و دڵۆڤان‌و مێوانگر بوون. ژن‌وگیژەکانیان چەنەو نێوچاوان‌و نێوکەوانی برۆیان کوتراو بوو. روومەت‌و گەردنیان خالی خاڵکوت بوو. کەنیشکی یەکجار جوان‌و دەلال‌وخوێن شیرین‌و گەردن کێل وبەژن زراوو ڕووبەخاڵیان تێدا دەدیترا. بەڵام بە داخەوە ئەوانیش نەخویندەوار بوون‌و ژیانیان ئەوها بەگەڕۆکی ڕادەبوارد. ئەوانیش دوایی 1340 ئیدی نەهاتنەوە کوردستانی ڕۆژ هەڵات.

(خۆهەڵاوەسینی ئاغاکان بەڕێژیم)
لە سەردەمی محەمەد ڕەزا "شا" ئاغاکان حیسابیان لە سەردەکرا. چونکە لە ناوچە مەکۆی دەسەڵات بوون. عەشیرەتەکان بۆ کێ بەر کێ هەر یەکە تاقمەیەک لە ئەفسەرەکانیان هاودەست ببوون‌و بەخۆ هەڵپەساردن بە یەکیک لەوان بە لەونێک خۆیان لە بارەگای "پاشا"نێزیک دەکردەوە. بەشیک لە گەڵ بەرپرسی ساواک، ڕووکنی دوو، ستادی ئەڕتەش، ژاندارمەری. بەم جۆرە هەر یەک چاوگەیەکیان بۆ خۆ هەڵنابوو. مەسەلەی سیاسی پەیوەنددار بە نەتەوەی کورد لە ترپاک یاساخ تربوو. کتێبی کوردی لە هێچ کویی کوردستانی ڕوژهەلات وەبەر چاو نەدەکەوت. ئەوهەی لە کوردستانی باشوور بە دزی دەهات لە سەت کون‌و قوژبن دەشاردراوە. شێعری کوردی نووسینی کوردی باسی سەربوو. بەڵام لە 1958ی زاییی کودەتای ژەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم دژی بنەماڵەی فەیسەل‌و نووری سەعیدو ڕووخانی پاشایەتی لە ئێراق‌و گەڕانەوەی ژەنەڕاڵ بارزانی لە دوایی 11ساڵ لە شووڕەوی بۆ ئێراق، شوێنی لە سەر پارچە کوردستانی ڕوژهەڵات دانا. تایبەت ڕاپەڕینەکەی نەمربارزانی لە1961(شۆڕشی ئەئلوول) بەڵام زەبرو زەنگی ڕێژیم لەژێر چاوەدێری ساواک هەموو کەلین‌و قوژبنەکی خستبوو ژێر سیرەو بە کردەوە بەرەگەی خەبات‌و تێکۆشان بەرەبەست کرابوو. پێشی جوڵانەوەی خەباتگێڕانی کوردی بەرتەسک کردبوو. هەڵبەتە حیزبە ڕەستاخیزەکەشی جۆرە ساواک‌و ئیستخباڕاتێک بوو.

(تاقی نەسرت)
عەشیرەتەکان بۆ بەرەوپیری لە"شا" تاقیان بەرپا دەکردوو دەڕازاندەوە. وتاقەکانیان بەپارچەی ڕەنگاو ڕەنگ‌و مافورە دەخەملاند. هەر ئەوەندە سەرنجی "شا" ڕاکێشی‌و چایەک، قاوەیەک، میوەک، شەربەتێکی لی بخوا. جاروەبوو لە سەر تاق سازدان کامە لە خوارەو کام لەسەرەوە چەقەو گوڕە دەکەوتە نیوان سەرۆک عەشیرەتەکان. ئەو سەرۆک عەشیرەتەی کەلەگەڵ فەرماندەری لەشکر، یان ئەو زابتەی کە ئیشی ڕێکوپیکی

تاقەکانی پێ ئەسپاردرابوو دۆستایەتی هەبوایە تاقەکەی وابۆ هەڵدەخست کە سەرنجی "شا" ڕاکێشێت! یان ئەوئەفسەرەی لەگەڵ ڕکێفی "شا"دابوو(رکاب همایونی). لەکاتی ناساندن دەیتوانی باشی بە شا بناسێنێت. لە مەڵبەندی شنۆ لە سەر ئەوەش ڕا کەزوربەی زەرزاکان لەگەڵ ئاغامووساخان دابوون بەڵام فەیروزخان زەرزا- ی نەڵیوان لەلای ژەنەراڵەکان ناسراوتربوو. ئەوش دەگەڕاوە سەر ئەمە کەئاغا مووساخان بە تەمەنتربوو لە ڕاپەڕینەکانی سمکۆ1918 لەگەڵ قەرنی زەرزا بەشداری تێداکردبوو ئەوکات قەرەنی ئاغانەمابوو ولەکۆماری مەهاباد1945 دەوریکی بەرچاوی هەبوو. ئەو ئەزموونانە وایان لێکربوو خۆی بەعەجەمان ماندوو نەکات. عەشیرەتەکان بە سواری هەسب دەچوونە پێشوازو خەڵکی شار لەگەڵ عەشیرەتەکان لە سەفی پەیا دادەبوون یانی تاقی بەجیایان نەبوو. زورجار زەرزاکان بریتی لەبەرەی عەولاخانیو برایم خانی کەسەروقوونو ئامۆزای یەکترین لەسەر ئەوجۆرە شتانە ناکۆکیان دەکەوتەناو.

(کەتیرە،شیرەی وەشکەبووی گوێنی)
لە هێندێک ناوچەی کوردستانی ڕوژهەلات بریتی لە: مەریوان، پاوە، هاورامان، سەقز، بیجاڕ، سنە، هەروا لەدەورو پشتی ئیلام مرۆڤ بۆ کەتیرە وەکۆکردن دەهاتنە پارێزگای (ئوستانی) ورمێ. (کەتیرەبەجیوەی گوێنی دەڵێن) ئەو مرۆڤانە لەو زۆزانانەی کە گوینیگربوون لە ئاغاکانیان بە ئیجارە دەگرت. خیوەتیان لێ هەڵدەدا. سێ چوارمانگی لێی دەمانەوە. بن لاسکی گوێنیان وەک شێلەی قۆزەی خاشخاش بەکێرد برێندار دەکرد، شیرەیەکی سپی وەک شیری لێدەهاتە دەر کە مەیلەو ویشک دەبوو پێیدادەهاتن لێیان دەکردەوە. ئەوخەڵکانە بەگشتی کاڵۆشی سەربەگوڵینگی نەخشاندراویان لەپێو ڕانکو چۆغەڵەی بووزوویان لەبەر دابوو. ئەم جلوبەرگە دەستکردی خۆیان بوو. بەلام بە دابەزینی یاسای دابەشکردنی زەویوو زار سەڕافەتی ئەو کووێستانانەش کەوتە دەست ئیدارەی لێڕەوار(جەنگڵداری).

(قەرەیەخە)
ئەڤێگاڤێ جاروبار جاندارمو قازاخ بەهەڕەمە خۆیان بەگوندەکاندا دەکرت. بۆ شڵتاخو شیش کوت دەهاتن ئی قەرەیەخەشیان لەگەڵ بوو. لە غەوارەو بێوارانیان دەپیچاوە. هەنووکە دێمە سەر ئەو قەناعەتە کەجۆرە ئیستخباڕاتێک بوونە. ئەو شیش کوتانە ڕواڵەت بۆ شتی یاساخ بووە. میرزاجەلیل بەگزادە ی نەڵیوان شاعێری نەناسراولە بەیتی بەناوبانگی فەقیری کە بەبۆنەی ڕەشبگیری قازاخ هۆنۆتەوە. بەڵام هەستی خۆی ڕاستەوخۆ دەربڕیوەو سەرەڕۆیی حکوومەتی داوەتە بەرتۆژینەوە. کەسینگاو سینگ ماوەتەوە. ڕەحمەتی برایم خەلیلی بەیت بێژ کە خزمی شاعێر بووە بەدەنگ گووتویەتی. بەشیک لەو بەرهەمە لە گوڤاری سروە بەچاپ گەیی. ئەمن بەمنداڵی زۆرم لە بەر بوو بەڵام ئیستا ناچمەوەسەریان . کاتێک زابووت دەچیتە ماڵی هەژاریکو داوای چێشتی لێدەکات. شورباماشی بۆدێنێ. ئەفسەرلیی دەرهەڵدەبێتو جنیوی دەداتێ: ناخووم ماشی لەعینە- فەورەن جووجەم لەبۆ بینە-بەلام فەقیر چ شک نابات. ئەفسەرلێیدەدا. قەمچی لەچەکمەی دەرکێشا- دوو سێ قەمچی لێراکێشا- فەقیر جەرگی لەگەڵ ئێشا. پاشان داوی کورەکەی لێدەکات کابرادەڵێ: بەوەڵلەیە بە بیلایە-لەساڵی شێخی ژنم ئەستێورەهێشتانەزایە.
لیرە ئاماژە بە ڕاپەڕینی شێخ عەبەیدوڵلای شەمزینان لە1880دەکات.

(خەرمانان)

وەرزیر کەلەدروینە دەبۆوە گالێشی بەعارەبە لە پەرێزڕا دەگویزتەوە جی خەرمان لە هێندێک شوێن کە گێرە بەهەسب دەگەرا دارەکیان لە نێوەڕاستی کوڵەش دەچەقاند. کەگێرە بەدەوریدا هەڵدەسوڕا. ئەو ڕەشە وڵاخانەی پێکەوە جەڵە کرابوون، کەسێک بە نەقیزەلێێ دەخوڕین. جاروبارەش قەڕاخ قوجاخی خۆیانی بە شەنە، یان خەپە تێکدەکردەوە. ئەو مرۆڤەی گێرەی لێدەخوری لە بەر تۆزی کلۆش دەمامکی دەدا. ئەگەر جەنجەڕ بوایە کەسیک سواری کورسیلەکە دەبوو. وبە نەقیزە لەو بارگینە یان گایەی دەوەژەنی کە جەنجەڕی هەڵدەسووڕاندو لە گێرەی ڕەشەوڵاخ ئەگەر گای بنە فێڵەزان بوایە گێرە باش هەڵنەدەسووڕا. بۆیە کورد ئەوەی کردۆتە مەتەڵ(خەتی خوارلەبن سەری گای بنەدایە) وەرزێر بۆ ئەوەی کەوڵاخەکان دەم بۆ گەنم نەبەنو چەوەڵ نەکەن دەم لە دەم دەبەستن. کە کاریکی یەکجار کرێتو دوور لە ئینسافو زوڵمو غەدرێکی زۆر لەو حەیوانە بێ زوانە بوو. پەیدابوونی تڕاکتۆرو کەرەسەی تکنۆلوژی وەک خەرمان کووب،دەرسە، گاووگولیان لەو ڕۆژە ڕەشەنەجات دا.
کە ئیشی جەنجەر دوایی دەهات وەرزێر هەموولایەکی بەچەڵغوو دەماشتو هەڵیاندەداوە ودەیانکردە کۆیەکی گەورە. ئەوجار چاوەڕوانی بای شەماڵ دەبوون. سا هەڵیانداویشت وەبەر بایاندەدا. هەتا دان لە کاوو کۆت دەبۆوە. کۆی دەخڵ لایەک. دوایی ماسوولکەکانیشیان لە بێژینگو سەرد دەداو باڵەکەو دەکرد کوێزریان بە جیا ڕۆدەکرد. ئەمە کاسبی پڕ لەکویرەوەری تەژی لە چەرمەسەری ئەو سەردەم بوو کە لە زۆرجێگا دروێنە بەداس بوو. کە وەرزێر تێیدا شلوکوت دەبوو. بەڵام بە هاتنەگۆڕی تڕاکتۆڕ چاوی تەماح کەوتە گشت ڕەقەنو وبەردەڵان وزورکەو بەرپاڵ ونەزارو تەپۆڵک وسووچوکەلێنی کەژەکان. چوارچیوەی هەرد بەقەت بستێک، لەپی دەست دوور لەکێڵگە نەما. ئەگەر دەیانگوت زەوی بە پیتوو بەرەکەتە هۆیەکەی خاکە کۆدەکەی بوو. قەت نەکیڵدرابوو. ببوو بەیار دەیانکردە دوو وەرزە. بەشیک بەشێورد بۆ ساڵی داهاتوو دەماوە. بەڵام بە هاتنی تڕاکتۆر ئەوشێوەیە بەتەواوی لەناو چوو. خەڵک چاویان لە دوندی چیا دەبڕی. وەک دیتمان زۆزان، مۆڵگە، گاڕان لەوەڕێن، قوڕخ، چیمەن، چڕگەن، کەوتە بەردەمی گاسنی تڕاکتۆڕ هەموو جێ پەڵەک ڕەشی تێکەوت. بەڵام دێمەنی وڵات گوڕا ژیان گەشەی کرد خەڵک وەسەر سامان کەوتن. ئیدی ڕەنجو کوێرەوەری وەرزێر کەم بۆوە باری سووک بوو هەناسەیەکی حەسانەوەی هەڵکێشا. لەداسو مەڵەغان دروێنە بەزم وهەڵای گێژەو باڵەکەو نەجاتیان بوو.

(ژیانی خەڵک)
لە1330ی هەتاوی کوردی کوردستانی ڕۆژ هەڵات لەدابینکردنی ژیانی سەرەتایی بێ بەش بوون. سەرجەمی دانیشتوانی گوندەکان لە دەرمانی خۆ ماڵی کەلکیان وەردەگرت. بۆ چاوئێشە کە ئەوکات لە وەرزی هاوین کەس نەبوو لیی قوتاربێ تایبەت زارۆک، سەرتوپی شیری کولاویان سەری شیری بوو. کە هەر بە یەکجاری چاوی دادەگیرساندو سبحەینان ئەوها ڕیپۆقیان دەگرت مژۆلک پێکەوە دەنووسان کە بەئاوی کولێووسابوون لیک نەدەبوونەوە. یان وزوزەیان لە چاو دەکرد کە لەدۆمانیان دەکڕیو بۆ گوێ ڕەپە خورمایان دەکردە شڵتەو لەسەریان دادەنا. بۆ ئالوو قامکیان وەبەر مەلاشووی دەدا. یان دایاندەماڵی. بۆ زگ ئیشە ئەگەر دوعای مەلا کاری نەکردبوایە ئاویان لە قاپیک دەکرد تۆ ڕکێشەیان دەباڵدەکردو ددان ئێشاو سەری بەسەردا دەگرت پەڕۆیەکیان بەسەر دادەدا. هەتاهەڵمی ئاو ببیتە هۆی ژان شکان. یان بەردیان پیوە هەڵداوەسی، یان بەگازیان دەردەکیشا. زۆرکەس شەویلکەی خواردەبوو. عەجەمان لەتریاک کەلکیان وەردەگرت. ئەوکات تریاک لە ئێران دەچاندرا. لە قرچەقرچی گەرمای هاوین دا زوربەی خەڵک تووشی گەندەتا نوبەتێ دەبوون.

(نۆبەتێ)

چونکە لەگوندەکان دەرمانی مێشوولە(ماڵاڕیا) نەدەپرژاندرا لە هاوین داکەم کەس هەبوو تووشی گەندەتانەبێت. ئەوەی دەیگرت لە خۆی جارز دەبوو. لە هێزوو توانا دەکەوت. ڕەق‌وکزو لەڕو داڵ گۆشت دەبوو. ڕەنگ‌و ڕووی زەرد هەڵدەگەڕا. لەگەرمای هاوین دالە کوچەو کۆڵان‌وگەڕەکی دێ تخێڵ دەبوو زوریش دەمردن. پەنایان بۆ دوعاو نوشتەو کشتەک دەبرد. حکوومەتی گەندەڵی پەهلەوی چ ئاوارێکی وەکوردستان‌و خەڵکەکەی نەدەداوە. پێم وابێ لە 1330 وڵات دژی پێشوولەی (ماڵاڕیا) پرژا ئیدی ئەو پەتایە بە یەکجەلی دوایی هات‌و خاشەبڕ بوو.

(شەڕنخیوی)

شەڕەخێوی لە دەستەسوارێکی قیت‌و قۆز پێکدەهات کەلەچوار چیوەکی سنووری بە نەرمەغار بەدوای یەکدا هەڵدەسووڕان. نەئەسب ماندوو دەبوو نە سوارو نەپێویست بەڕکیف لێدان بوو. سواربە شلکەی ڕان ئەسبی بۆ چەپەو ڕاستە ڕێنوێنی دەکرد. بەڵام سواری پێشەنگ دەبوایە ئەسبەکەی تەعلیم دراو بوایە. شەڕەخیوی لەکاتی بەرەو پیرچوون لەشایی دا دەکرا.

(جلیتێن)

یەکێک لەدابە کۆنەکانی کوردەواری جلێت داکوتان بوو. جلیتێن یانی بەنووره بۆیەک هەڵاتن. هێندێک جار لەنێوان ئی گەلعوو حەپەلۆر دەبوو بەکێ بەرکێ‌و شەڕی لێ دەکەوتەوە. دارجلیت بە قەرا باڵێک درێژ بوو. لە سەختەدار کەلک وەردەگیرا. (وەک گویزو بووز) هەر دوو سەری خشت بڕ دەکرا. هەتا لە هاوێژتن نەچەقێت‌و هەڵنەبەزێتەوە. بەڵام سواری جلیت(جلیت کەر) دەبوایە قوچاخ‌و پشتە زین بوایە. بەو سوارە دەگوترا پشتەزین کەنەگلابوایە. ئەسبی جلیت دەبوایە پێکراوو بەهێزو هەرەکەت بوایە. دەنا دەکەوت‌و سوارەکەش موزەرەتی دهێنا. چونکە سوار بۆ هاوژتنی دارجلیت ئەوندە لە سەر خوانی زین بۆ لای چەپ دەسووڕا کە قورسایەکەی بەلاسەنگ دەکەوتە سەر لاڕکێفی چۆپە. ئەویش لەحاڵێکدا کە ئەسب بەتێخورین دەکەوتە پڕتاو. دەجا ئەگەر سوار کەم ئەزموون بوایە لەگەڵ جلیت دەپەڕی. چونکە هێزی سوارو هەرەکەتی ئەسب تێکەڵ دەبوون. لە سەردەمی کەونارادا کە دوو سوار بۆ یەکدی دەهاتنە ئۆلکە بە نووره بۆ یەکدی هەڵدەهاتن. ئەوەی لەبەری هەڵدەهات دەبوا ئەوەندە چابک‌و چوست بوایە لە کاتی هاوژرانی دارجلیت خۆی خستبوایە بەرسینگی ئەسب‌و دارجلیت بەسەری داتێکشابوایە. ئەوسوارەی کە دەکەوتەسەری‌ولەکاتی پڕتاوی ئەسب‌و خۆ سووڕاندا کە دەیەویست بیکاتە ئامانج دەبوایە بۆ ئاگاداری قریواندبوای دەجا ئەگەر سواری لە بەر هەڵاتوو مەزبووت نەبوایەو خێرا خۆی بۆبن زگی ئەسب شۆر نەکردباوە دارجلیتی وێدەکەوت. بەڵام لە سەدەمی ئێمەدا نەدەگەیە ئەوڕادەیەو جڵیتین لە سەریەک بۆ دڵخۆشی خۆ ڕانان بوو. بەڵام دیسان مەترسی گلانی تێدابوو بۆیە تەنیا ئەوکەسانە بۆ جلیت دەست نیشان دەکران کە شارەزایوو ئەزموونیان دوور لەشک‌وگومان بوو. لە گەمەی جلیتێن سوارمەرجی ئەمەبوو کەدارجلیت بگرێتەوە. ئەمما جار وەدەبوو جلیت ئەوەندە بەرز دەبوو بەسەرسواردا فڕکەی دەکردو سوار دەستی پێڕانەدەگەیشت وبەسەریدا تێدەکشا. بازێک وەخت دارجلیت هەڵدەبەزیەوە وەلاق‌ولەتەری ئەسب دەکەوت‌و بریینداری دەکرد. بۆیە لە1350 بەولاوە ئیدی ئەودابە لە ناوچە هەڵگیرا.

(کیژ بەشوودان)

کیژ بەشوودان‌و ژن بۆ کوڕ هێنان هەڵچنینی سەرەتای چوار چیوەی هاوبەشی بوو. بەڵام بەداخەوە لەکوردستان کیژو کوڕ لە مەڕ هەڵبژاردنی هاوچارەنووسی خۆیان بێ دەسەڵات بوون. ئەوە بابی کیژو کور بوون کەجامنی یەکدیان دەویست پێیان خوش بوو ببن بەخزم دەنا کوڕوکیژ چ دەورو نەخشیان نە بوو. زۆر جار کیژو کوڕ قەت یەکتریان نەدیبوو هەتا پێکەو ناسیاویشیان نەبوو. بەڵام بەپێکهاتنی دایک وباوک هەردوو لای مامەلەکە سەری دەگرت‌و لێک مارەدەکران. شەرعی ئیسلامیش ئیجازەی پیدابوو. مەلاکانیش پەکیان بەتاسەو ئاوات‌و ئارەزو ئەوینی دوو هابەش نەکەوتبوو. پارووی چەورو وەتاخی گەرم.

(کیژخواستن)

بەگوێرەی داب‌و نەریت لەسەرەتا دوو سێ ڕدێن سپی ڕزاسووک بۆ خوازبینی دەچوونە ماڵی باوکی کێژێ. کە هێشتا دەنگۆ بڵاو نەببۆوە هەتابزانن ئاخۆ تام‌و چێژی قسەی زاری بابی کێژێ چییە. ئەو لە حاڵێکدابوو کە کیژو کور بەنهێنی چووبنە ژوانێ. بەڵام کیژ نەدەوێرا ئەمەدرکێنێ چونکە ئەگەر سووسەی پیکرابوایە هەر بەکەزیان دەیانخنکاند. بەلێکدانەوەی ئەوان ئەمە بەردی سووکایەتی بوو کە هاویژرابوو بەرپێی ماڵی کێژێ‌و بەقەولی وان سەریان پێ نەوی ببوو. ئەوەش بڵێن ئەوکەسانەی ئەوەڵ کەڕەت بۆ لای بابی کێژێ دیاری دەکران دەبوایە زانیبوایان چتۆ بدوێن. هەتا تامی زاری باوکی کیژیان نەزانیبوایە نەدەچوونە سەر مەسەلەکە. لە سەرەتا زنجیرە ئاخافتنێکیان لە پیاوەتی‌وگەورەیی‌و ماقولایەتی‌و مەزنایەتی بنەچەکەی ناوبراو دەهێنا بەرباس و بە مرۆڤایەتی باب‌و باپیرانیان هەڵدەکوت، کە ماشاللە چەند ڕێزداربوون. قسەی خەڵکیان نەدەشکاند تکایان لە عەرزی نەدەدا. لە ئاکامدا کە دەیانزانی هەویرەکە هەڵاتوەو دەکرێ نانی پێوەدەن هێورهێور سەری قسەیان دەکردەوە. بەڵام هێندێک ئاغاو سەیدو شێخ‌و وشکەسۆفی کە بە شەجەرەخۆیان لەئۆمی جیاکردۆتەوە. هەر دەیانفرماند جار وەبوو کە سووسەیان پێکردبوایە ڕێگایان نەدەدا. بیانوویان دێناوە. هی واش کەم نەبوون کە پیاوانە دەهاتنە پیش. پاش گەڕانەوەی ئەودەستەپیاوەی ئامازەمان پێکرد مزگێنی بڵاودەبۆوە. ئەوجار خوازبێنچی لەگەڵ مەلایەکی ئائینی ڕاستەوخۆ دەچوونە خوازبینیێ. ئەگەر کوڕوکچ دڵیان پێکەوەبوایە ئەمە سەرەتای بەختەوەریان بوو. کەلەدەفتەری ژیانیاندا تۆماردەکرا. بەڵام ئەگەر بەپێچەوانە بوایە ئەوە ئەستێرەی چارەنووسیان یەکچلی ئاوابوو. هێندێک ئاغاوەت‌و شیخ‌و سەیدو سۆفی‌و مام حاجی هاوشان‌و هاو کووفیان دەکردە پەڕۆشینکەی سەرشان کە بەچ گەزوو پێوانێک نەدەهاتەوەو. لە چ تەرازوێکدا هەڵنەدەسەنگاو ژیانی دوو هاوبەش چەتی تێدەکەوت. دوو کەس لەژیان بێ بەش دەکران. چارەنووسیان ڕەش دەبۆوە. ئێستاش کە سەدەی بیست‌و یەک ئەوە بارگەو بنەی دابەزیوە بازێک عەشیرەت هەر لەسەر ئەو ڕەوشتە دەڕۆن. لەکوردستانی ڕۆژ هەڵات هەر چەند کرەکە ئەوەندە گشت نەبوو، بەڵام ئاغاکان کیژیان بەورزیر نەدەا. شێخەکان لەوەشیان تێپەراندبوو. چونکە سەیدو شیخ‌و وەجاخ زادە شەجەرە نامەیەکی داتاشراویان هەیە کە بنەچەکەیان دەباتەوە سەر یەکێک لەو عارەبە تاڵانچیانە کە بەکوردستان وەربوون، وەک ڕەشەداڵە وێرانیان کردو کوردیان قەڵاچووکرد. ئەمەسەیر نیە کەخەڵکی لاوەکی‌و کەم سیوادو عارەبی نەزان‌و ناڕۆشنبیرو لاتەریک

لەمێژوو بەرەشهاویژ ئەوشتانە چەندپات دەکەنەوەو بیروبۆچونیان لە سەر شتی رەمەکی وبێهیم هەڵچنیوەو کرنۆش بۆ دارو بەرد دەبن. ئەوەی کە مەسەلەکەشیان قوزتۆتەوە. بۆ پاوانی دەسەلاَت بەورەچلە بردنەوە سەریەکو تێکخستنەوەیە بەفلاَنو فیسەرانە شانازی پێوەدەکەن.

(هونەرمەندی لەبیرچوو)
کاک ئەحمەد غەنی لە لاجان، شنۆ، سلدوز، مەنگوراتی، گەورگایەتی، پیران لەهەموو شایەکاندا بەشداری دەکرد. تووزەلەو نایەکەی بێ وینەبوو. ناوبراو هاوینان سەردانی هەموو ماڵەئاغاکانی دەکرد. سەحەریەکەی کاک ئەحمەد ناوی دەرکردبوو. ئەوکات شایی حەوت شەو حەوت رۆژبوو. کاک ئەحمەد هەمووبیانان بەرلەگزینگ لە سەربانی ماڵی زاوای بەدەنگی زورنا سەمای دەخستە دڵی گەنجولاوەکانی کیژو کورهەتا فرشتەکانیشی وەهەڵپەرین دەهێناو. بۆ گەری داوەت لەخەوهەڵدەستاند. هەنۆکە کەئەو دێرانە دەنووسم دەنگی تووزەلەکەی لەبن گویم دێ. یادی بەخیرو رووحی شاد.

(پەرانتوو)
ئەو سەردەم قوماری پەران لەگشت شایەکاندا دەکرا. پێیان دەگوت پەرانتوو و زوربەی ئاغاکانی دێبۆکری، بەگزادە، پیران، هەرکی قماریان دەکرد. لە ناوچەی شنۆ بەرەی حەمەد ئاغای مامەش(ئەمیرعەشایریەکان) قومارێکی قەهاریان دەکرد. داهاتی ساڵکیان بەشەوێک لە قوماردەدۆراند. لە شاری مەهابادیش قوماری لە بەستێنێکی بەرزدابوو. جەعفەرئاغای قونقەلاَ بەناوبابگ بوو. لە شنۆ قادرخان، ئەیرەج خان ئەمیری، کاک مراد دەستی، کاک رەشید بۆداغی قوماری گەورەیان دەکرد. لاوەکان رمووەدەی 21بوون کە پارەی کەم تێدەچوو. لە شاری شنۆ دوو کەس بەناوی محەمەد خەلەوی میرزامستەفا عینایەت کە پارەیان بەقەرز دەدا لە هەرکوێ شایی بوایە لەوێ بوون. بۆخۆیان قوماریان نەدەکرد مەگین لە سەردەستیان خویندباوە. بەلاَم هەزار سۆفی دەست بە تەزبێحو حاجی سەلەمچی و قەپانداری تەرازولاسەنگیان بەقوربان بێت. هەر دوو رندومەندو بە کەرامەت بوون. تایبەت محەمەد خەڵەوی هەرگەمەکەی دونیایەکی دێنا.

(بۆ پێکەنین)
دەگێرنەوە: گۆیا ئاغایەک لەغولامەکەی توورە دەبێو پێی دەڵێ: رابم 1000شەقت تێ هەڵدەدەم! غولامەکە دەگەرێتەوە دەڵێت: قوربان یان جەنابت حیساب نازانی یان قەت بە شەق تێ یان هەڵنەداوی ! دەناهەزار شەق هەرحیساب ناکرێت.!

(قوتابخانەی عەشیرەتی)

لە دوایی کودەتای "شا" دژی مووسەدیق 1332ی هەتاویو گەرانەوەی "شا" بۆ تاران لە بەرامبەر داکۆکی عەشیرەتەکاندا قوتابخانەی عشیرەیی بۆ پێکهێنان. کورە عەشیرەتەکان بە بەڵگەی پۆلی شەشی سەرەتایی بە مامۆستای قوتابخانە لە گوندەکان وەردەگیران. بەلاَم ئاغاکان پێیان عەیب بوو ببن

بەماموستا. نەشیاندەزانی ڕۆژێک لێیاندەقومێ! بەڵام بۆ وەی وەڵامی شایان دابیتەوە هەریەک ئی دیکەیان بەناوی کوڕانی عەشایر بۆ ماموستا ناساند کە بەناوی ماموستای عەشایری وەرگیران. ئەمن ناوی ئەو سێ کەسم لە ناوچەی شنۆ وەبیرە: ڕەحمان تەقی زادە لە گوندی نەڵیوان. کوڕی سمایل قاوەچی لەشاری شنۆ. دووکوڕی ئەحمەدی حاجی حەسەن لە سینگان.

(یورغە یان وێرغە)
بۆ ڕاهێنانی ئەسب لە ڕۆینە بۆ سەر وێرغە، ئەسبیان بلەم دەکرد. یانی دەسکە ڕێشمەیان لە ئاغزوونەی بەرسینگی قایشی تەنگەی ئەسب دەخست، هەتاکوو ملی ڕانەکێشێت. ئەسب بەبلەم کردن پشت ملی دەردەپەڕێو بەژنی خردەبیتەوە. جوانیەکی بێ وێنەی لێ دیاری دەدا. لایەکی تر چونکە سەری دادەخا کەم نسکۆ دەباو هەڵدەنگووی زۆرتر ئاگاداری بەرپێو لاقولەتەری دەبێ. بەڵاسم لەغاردان دەکەوێ. سەرەتا ئەسب بە بلەم زور قەڵسە چونکە ژانی دەمل دەوەستێ، خۆی ڕادەپسەکێنێ. کە وەناو شێوەردی بە سندەگڵیان دەخست ناچار دەستەکانی هەڵدێنێ. کە دۆخەکەی دەبیتە یۆرغە. هەتا حەوتوویەک هەموو ڕۆژێ سبحەینانو ئێواران نێزیکەی دوو ساعات تەمرینی پێدەکەن ئەوجار کەسەر ڕاست بوو ڕۆینەی خۆی لە بیر دەکات. بەڵام ئەگەر سوار ناشی بێ لەجیاتی وێرغە دەبی بەهەڵەشە. ئەسبی هەڵەشە سوار دەکووژێ هەموو سمتی بەقاڵتاخی زین بریندار دەبێ. وزگە شۆرەی پێ دەگرێ. کورد ئەمەیان کردۆتە مەتەڵ. دەڵێن: ڕۆینەی خۆی لەبیر کردو یۆرغەش فێر نەبوو.

(بۆ زاخاوی مێشک)
دەگێڕنەوە: گویا تۆقەیەکی گەڕیدە بەهەڵکەوت بەبەرکۆشکی ئەمیرەک داتێدەپەڕێ. ژن کە مێردی لەماڵ نیە لەبەر پەنجەرە دانیشتوە بە دووربین لە دەرەوە دەڕوانیو کابرای دەکەویتە سێرە. گەڕیدەی تۆقە پێ دەحەسێ! سێ کەڕەت ڕوو بەڕووی کۆشک بۆ پێشاو دادەنیشێ. هەرجارێ بە ڕەنگێک هەرامەکەی دەڕەنگێنی. (کەسک، سوور، سوورمەیی). ژنەکە کەهەر سێ کەڕەت دیویەتی پێی وایە سروشتییە. دەیتە بەر دەروازەو بانگی دەکات و بەوردی هۆیەکەی لێ دەپرسی. کابرادەڵێ: هەر ڕەنگە ئی منداڵێکی تایبەتە (سەرهەنگ، دکتۆر، ئەندازیار ) ژن چەنگێک زێڕی لە دەست دەکاتو دەڵێ: لە مێژە ئارەزووی ئەوەیە کووڕەکەی سەرهەنگ بێ. کابرا کە زۆر تامەزرۆ دەبێ بەقەولی کوردی ئەوەندەی فشار بۆ دێنێ کە عافرەتەکە بایەکی لێ بەردەبێ. تۆقە دەڵێ: دەک ماڵت بە قوڕ نەگێرێ مخابنو سەت مخابن بۆ بەشەیپوورچێ!

(جەهالەت)
ئەگەر منداڵێک درەنگ زوانی ببواوە پارویان لە دەست ئاغا دەڕفاند دەیاندا مناڵەکە هەتا وەقسەبێت.!
ئەگەر منداڵێک زوو پیی هەڵنەگرتبوایە دوو قامکی گەورەیان بەداویک دەبەست لەسەر ڕیگای ئاغایان دادەنا ئاغا بەکێرد هەڵیدەبڕی هەتا وەسەرپێ بکەوێ!
ئەگەر ژنێک لە ژاناندابوایە دۆخینی ئاغایان بۆ دەبرد لە ناوقەدی بەستی کە زوو منداڵی ببێ! گویا ئاغا چونکە دۆخینی حەرامی نەکردۆتەوە دەبێتە هۆی منداڵ بوونی ژنەکەی لە سەرژانان. بە سویندان خۆیان گولوکوێر دەکرد کە ڕاستە!

(مارپێوەدان)

ئەگەر کەسێک مارپێیوەدابوایەو مەزرا دوورە دەست بوایە هەتا دەیانگەیاندە  ماڵی وەجاخ زادەیەک دەمرد. چونکە هەتالە مەزرا خەبەر دەگەییەوە دێ ئەسبی بۆ دەناردرا کاتی دەخایاند. ژەهرەکەخێرا لەلەشی دەگەڕا وەک خەشەی کا هەڵدەمسا. ئەوەی کە بەوەختیش دەگەییە ماڵی وەجاخ زادە چونکە ئەستوور ببوو دوو سی مانگ لەجێدا دەکەوت لەپێست دەهاتە دەر.

ئەویش دەگەڕاوە سەرمارەکە ئاخۆ چ ماریک پیی وەداوە. لە کوردستان ماری سووری سنجە، شینی گائەنگێو، کوێرەمار دەستوجی مرۆڤیان دەکوشت. بەڵام ماری بوور، زەرد، ماری ئاوی، ژەهریان بەقوەت نەبوو. بەوەرزیش دەگۆڕا لەقرچەقرچی گەرمای هاوین یان ماری وەشکارۆ ژەهریان توند بوو. لەهێندیک ناوچە ماری ڕەشیان نەدەکوشت. دەیانگوت جگە لەوە پێوەنادا مارگریشە. بەردی هاروومارِیش هەبوو. ئەوانەی کە شیخ ئیجازەی مارگرتنی پێدەدان ماریان دەگرت. ئەلحان لەدەرەکی دەبینم سەدان مارگر وەک چاوئیشەدار بەشەوە ڕۆژ لە مار دەگەڕێن. لەناو باتلاق، دەشتو دەوەن کەژوو چیا بە دوای ماران هەڵدەسووڕێن. کەبۆیان قازانجی تێدایە. هەندێک ماربەجوملە بەخێو دەکەن ژەهرەکەیان دەگرن بەنەخوشخانەکان دەفرۆشن. تایبەت لە هوندستانو ئافریقا ماری کوبرا بەئاهەنگ وەسەما دەکەون بۆتە بنکەی بەرهەم.

(ئەسب ڕاهێنان بۆ سواری)

بۆ دەستەمۆکردنی جانووئەسب کە پێیاندەگوت (پشت شکاندن) وەنێو شێوەردی تازەی دێخن هەتا ماندوو هیلاک دەبێ ئیدی لە هەڵتۆز هەڵتۆز دەکەوی ناتوانی لووشکوجووتە باوێژێ. دەجا کە کفت کەوت جلی داوێنە سەرپشتوپاش هەندێک گێڕانو خولو سوورکەسێکی پشتە زین خۆی داویتە سەرپشت. ئەمە دوو حەوتوو بەردەوام دەبوو. ئەوجار لغاویان دەکرد. کەچەڵاخ بوایە پێیان دەگوت سەرکیش پێویست بەدانەی تایبەت بوو چونکە ئەگەر هاویشتبوایە سەر کەڵپان نەدەگەراوە. بەڵام دانەی تایبەتی دەکەوتە بەرمەڵاشووی‌و پیی بەرزەم دەبوو.

(ماین چاکردن یان ئەسب لەماین کێشان)

هەندێک ئاغائەسبی ڕەسەنیان هەبوو. گوندەیەکان بۆ ئەوە هەسبی ڕەسنیان هەبێ ماینەکەیان لە ئەسبی ئاغا چادەکرد یان ئەسبی ئاغایان لێدەکێشا. بۆ ئەمە خەلکی ئاوایی لەبەر دەرگای ماڵی ئاغا کۆ دەبوونەوە. خاوەن ماین پاشووی ماینی بەفاڵی دەبست هەتا بەهۆی نامۆیی جووتە ناوێژێ. ڕێشمەی ماینەکەی بەدەستەوە دەگرت. مەیتەر ئەسبی ئاغای لەتەویلە دەهێنادەر. کەچاوی بەماین دەکەوت بەحیلە حیل خۆی ڕادەپسەکاند بەرەوماین دەڕۆیی دەیکردە سەماو خۆی بەپرتاو داویشتەسەر. بەڵێ ماینیان پەر ژینەکی بەگوڵو ڕیحان بە ئەسبی ئاغا بەگان دەدا دەستخۆشەشیان بەمەیتەری ئاغا دەدا.!

(قسەی خۆش با ون نەبێت)

دەگێڕنەوە لەسەردەمی ڕزاپەهلەوی جلو بەرگی کوردی یاساخ کرابوو کە مەلا خەلیلی گۆرئۆمەری لەمێراوی سەردەشت دژی ڕاپەڕیو پاسەوانەکان لە دەورەی شار بەرگری لەوکەسانە دەکەن کە بە جلی کوردی بچنەناوشار. دەڵێن: ڕۆژێک کابرایەکی مەنگوڕ بەرەو شاری مەهاباد دەڕوا لە دوورونێزیک دەروازەی شار خەڵک پیی دەڵێن مەگین نازانی جلی کوردی بۆ ناو شاریاساخە جگە لەوە مەعمور دەی سووتێنن سزاشی هەیە! کابرای مەنگور دەستوجی چۆغەکەی دەردێنێ لاقانی لەجێ باڵەکانی هەڵدەکێشی دەڵێ: دایەلەی دەگێم ئەوش دوولینگ!

(کەڵەکەی کتێبوسیپارە لەحوجرەکان)

خۆ ئەگەر سەرێک لە حوجرەهەڵێنیو بەسەر ئەوکتێبو سیپارانەی کەڵەکە کراو دالەوێ بڕوانی واقت وڕنامێنێ! بەگشتی نەقڵ ونەزیلەی بێ تامو بێ ناوەڕۆک! کەچقازانجو خیری بۆ ئاسایش مرۆڤ لەسەر ئەو هەردە پانو بەرینە لێ هەڵناکرێ! ئەم تەڕاویلکانە نە دەردێک دەرمان دەکەن نەگرێپوچکەیەک لەکارو تەنگەژەیەک دەکەنەوەو نەدرکێک لە لەشی چ مرۆڤێک دەردێنن. جگە لەوێ بەرەو بارەگای ملهوڕان بۆکڕنۆشو هاندانو بەهەڵە بردنمان. کە مەیدانی خەبات بۆ داگیرکەران بەتاڵ کەین. خۆ بەعارەبو عەجەم کردن، ڕێگا بۆ سەرە ڕۆیی تەخت کردنە. ئەگەر ئەو تورەهاتانەمان لەبن گوێچکە نەزرینگابانەوە، مێشکی ساویلکەو ڕەشەموڵمانی پێ نەسواباوە، میللەتی کورد ئەوها لە چارەنووس دوور نەدەکەوتەوەو لەگویی گایدا بۆی نەدەنوست. کارتێکردنی ئەو تەڕاویلکانە بەدرێژایی مێژوو بەناوی دینو مەزەب بۆتە هۆی خاوکردنەوەی ئەو ڕاپەڕینانەی گەلی بەشخوراوی کورد لە چوارپارچە. هەنۆکە لەسەدەی بیستو یەک ئەرکی هەموو کوردیکی بەکەرامەتە کەپیلانی داگیرکەران وەک بڵقی سەرئاو بپووچێنیتەوەو بۆ ڕزگاری خۆیو وڵاتەکەی قۆڵی کردەوە هەڵماڵنو خەڵک بەرەو عیلمو تکنولۆژیو زانست پاڵ پیوەنێنو بەیداخی دێموکراسی بخەنە سەرشانو سەری هەژدیهات خەرافاتو جەهالەتو پروپووچ بەکوتکی زانیاری پان کەنەوە چیدی گوێ لەدروو دەلەسەی عارەب نەگرن. تەنیا بیرو بڕوایان بەخۆ هەبیتو قورعان بکەنە پاڵەپشت. بۆ گەلەکەیان بژینو بمرن . تف لەرووی هەموو خائینو خۆفرۆشیک بکەن.

(بەڵای قەرەجە)

کە گەنم قەرەجەی دەگرت لەبەرڕەشیو تامی تاڵی بۆ زەوەڕ نەدەبوو لە کەلکی بنە تۆش دەکەوت، نەشدفرۆشرا. هێندێک ماڵی هەژار بە ناگوزیری بۆ باراش دەیانشوشتەوە بەڵام دیسان ڕەشایەکەو تامی تاڵایی لێ بەدی دەکرا. قەرەجە بەو دەغڵە دەگوترا کاکڵی هێندێک لە دەنکەکانی لە ناو گوڵەکانیان دەگنخانو قاوخەکەی کلۆر دەبوو دەستوجی دەشکاو هەموو گوڵەکەی تاڵ دەکرد. گەنم ،یان جۆ کە قەرەجەی گرتبوایە لە بەرهەم دەکەوت. بەدرەنگەوە دەرمانی بۆ دۆزراوە. وەرزێری بەسامان دەرمانیان لەبنە تۆ دەڕشاند ئیدی قەرەجەی نەدەگرت.

(بۆزاخاوی مێشک)

دەڵێن: کابرایەک دەچێتە دزی ژنێک دەیبینی دزەکە پیی دەڵێ: دەنگ بکەی وات لێدەکەم! کابرا دوایی دزیەکە دەڕوا ژنەکە دوو تفەی بۆ داوێژی دەڵێ: سەگباک چش دزبوو درۆزنیش بوو!

(هووڕە)
هوڕە بەبایەک دەڵێن کە یەکجار گەرمە لە وەرزی هاوی دێ. ئەوبایە قاندڕی کاسبی بوو. ئەو دغڵو دانەی کە هوڕڕە لێدەدا تایبەت نۆک کەلوەکەی قەرەپۆک دەبوو. ئەوکات ئەو دەردو بەڵایانە دەبوونە هۆی لەناو چوونی بەرهەم. ئەو دەردەش بە درەنگەوە دەرمانی بۆ گەییە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

(خەڵاتی ئاغا و دابی کوەردەواری)
ئەگەر ئاغا یان براو کوڕی ئاغا لەکاتی گەڕانو سووڕان بەناو کاسبی دا کە لە چاخی هاوین حەوتووی جاریک بەڕێوە دەچوو. بە قەراخ کاسب یەک دا تێپەڕیبوانە کە فەعلە، پاڵە، کرێکار تێدا دەشوغلین چەپکە شتڵ یان باقە یان هەڵدێناوە. دەیانگوت: پێشکێشە! ئاغا دراوی دەدانێ یان پسوولەی ئێمیشی بۆدەنووسین!

(شەوچەلە)
لەماڵی ئاغاکان شەو درەنگان شەوچەلە دەهات کەبریتی لە: کاکڵەگوێز، مێوژڕەشەو لەبلەبی بوو. لە هێندێک ماڵ خۆشاوو هەنجیریش دەهاتە بەرچاو.
لە شارەکان شەوچەلە لە هەموو ماڵەکان هەبوو. جگە لە مێوژو کاکڵەگوێزو بادامو سنجوو مەشکەفیشی لێ زیاد کرابوو.

(سەلاحەدین زۆڵەکوردی مێژوو)
یەکیک لەو زۆڵە کوردانە سەلاح ئەدین ئەییوبی بووە کە لەماوەی دەسەڵاتداری ئەمپەڕاتوریەکەی جگە لەخزمەت بە عارەب چ خێری بۆ کورد نەبووەو جیی لە دایک بوونی شاری تکریتە کە سەدام حوسینی خوین خۆریش لەوێ هاتۆتە دونیا. کە هەنووکە بەشاری عارەبان دەناسرێت هەرچەند بەپیی مێژوو بەشیک لە خاکی کوردستانە. مرۆڤ کە بەسەرمیژووی پڕ لە هەڵسوکەوتی بەشخوراوی کورد دا دەچیتەخوار ئەگەر دەمارگرژی مەزەبی قەرەپۆکی نەکاتو باوێشک بەرەو گومبەزی بیانی داینەگرێو بەچاوێکی کراوەی کوردانەو گەش بین لەدەورو پشت ڕامێنێ دێتە سەر ئەو قەناعەتە کە ئەوکابرایە(سەلاح ئەدین ئەیوبی) جگە لەپڕوو پووچ دەسکەنەیەکی نەکردوەو چی لە بۆ کورد لە هەمبانە دانیە. بەڵام ئەوانەی مێشکیان بە شتی ڕەمەکی سواوەتەوە یان کووتەخۆری سەرئاخوڕی مێرینو مەمکی دایکیان بەرداوە هەرامەی زڕبابیان دەمژن بەهەر باریک بزوڕێن دەبن بە جووجەنەک قسەم لەگەڵیان نیە.

(جل وبەرگی عەشیرەتی شکاک)
بریتی بوولەکورتەک وپانتۆڵ. کەوایەکە وەکوو نیمچەپاڵتۆ بەبیچمی کۆتی زابووتی ئێران دەدروا بەرۆکی بە دووگمە دادەخرا. ئاتەگی چەشنی کۆتی فەڕمی بەسەر پانتۆڵ دادەکشاو شاقەلی دەهاتەخوارو لەجیاتی پشت بێن قایشەکی ئاغزونەداریان وەکوو ئی ئەفسەرانی ئێران لەناو قەد دەبەست کە سەرشانی هەبوو دەمانجەکەیان لەدەستی چەپ پێوە هەڵداوەسیو پانتۆڵەکەیان دەلینگی لە گوێزینگ بگرە هەتابن چووک

هەڵپێچرابوو. لە چەشنی زەنگاڵ کە ئەستوورایی بەلەکی دادەپۆشیو بەدووگمە قایم دەکرا. کڵاوەکەیان تەپڵە لبادبوو. کەوەکوو کوولەکە شاقەباخی نێوەڕاستی باریک بوو. هەوری، شەدە، یان پارچەیەکی ڕەشیان لەجێ تەسککراوەکە دەهاڵاندو پێیان دەگوت(زۆپ). کە مرۆڤ پێی وەڕەوش دەکەوتو هەیکەلی دەهاتە بەرچاوان. سەرۆکی ئەو عەشیرەتە مەزنە کە لە چەند بەرەبابو تیرە پێکدەهات سمایل ئاغای شکاکی عەبدۆیی بوو کە بە سمکۆ دەناسرێت. میژوو نووسانی ڕەگەز پەرستی تورکو فارس کە پیشەیانە قارەمانانو خەباتگێڕانو کۆڵنەدەرانو ڕزگاریخوازانی کوردستان بەناحەز ناو بەرن سمکۆشیان نە پاراستووە هەتا هیندێک مێژوو نووسی خۆفرۆشو کۆتەخۆری کوردیش لاسایان کردۆتەوە وزۆری پێوەڕیون هەر ڕویان ڕەش بێت. بەڵام دەریا بەزاری سەگ پیس نابێت. هەموو کوردیکی خاوەن شەڕەف لەهەر چوار پارچەی کوردستان شانازی بە سمکۆ دەکەن. بیگومان سمکۆ یەکیک لە قارەمانەکانی نەتەوەخوازی کوردبوو کە قەت کۆڵی نەداو چقڵی چاوی داگیرکەرانی کوردستان بوو. لە میژووی کوردەواریدا وەک ئەستێرەیەکی پڕشنگدار دەدرەوشێتەوە. سمایل ئاغا لە1918 ڕاپەڕینی خۆی دەست پێکرد .
شاری ورمێ چوارساڵ پێ تەختی حکوومەتی سمکۆ بوو. لە1930ی زایینی بە دەهۆی ڕەزاپەهلەوی لەشاری شنۆ بەدەست چڵکاو خوران شەهید کراو. تەرمەکەی لە دەرەوەی هەزارانی شاری ورمێ بە خاک ئەسپاردراوە. رووحی شادبێت.

(گۆیەندەکان)

ساڵانی زوو شایەر بە پەیا ئەو گوندو ئەو گوندیان دەکرد. تایبەت کاتی بەهارو هاوین کە شایی لە گۆڕێ نەبوو. سەریان لە ماڵی ئاغاو مەزنی ناچەوکان دەدا. ئەوکات کاسیتو سی دیو عەلەم قەلەم نەبوو. بەڵام گۆندەییەکان لە کاتی گۆرانی گوتن ئەگەر شێعرەکە فۆلکلۆر نەبوایە ناوی شاعیریان دەبرد. ئەمە لە ناو ئێرانیەکان زۆربایەخی پیدەدرا. هەتا مافی کەس نەخوریو نەفەوتێت. بل لەوانەش هەموو ئەوانە کە لەکۆڕی ئاهەنگدا بەجۆرە کەرەسەیەک بەشداریان کردبوو ناویان دەگوترا. مەسەلەن: شێعر لە حافز، ئاواز هایدە، ئاهەنگ فلان. بەڵام سەردەمیکە لە ناو هونەرمەندانی کورد بۆتە هەرکەس هەرکەس. دەستەیەکیش بوونەتە چەتە سی دی گۆیەندەکان بەبێ ئیجازەی خاوەناکانیان لە تەخشان پەخشان دەدەن دەفرۆشن جولبەندیان پێ مڕ دەدەن. لایەکی تر بەداخەوە گۆیەندەکانیش شێعری شاعیران بەناوی خۆیان دەخوینەوەو لە ناوی کتێبی گورانیە بڵاوکراوەکانیان زەوت دەکەنو سمێڵی پێ گیف دەدەن. کە مانایەکەی دەبیتە ئاخۆران پاخۆران. ئەگەر چاو بەسەر کتێبی گۆرانی ئەوبەڕیزانەدابخشێنی، جگە لەناوی دوو سێ شاعێری هەرە ناسراو دەنا چ ناوەیان لە سەرنیە یانی خوانەخواستە ئی خۆیانن. یان کاتێک لەکۆڕی شایی داگۆرانی دەڵین چ ئامازە بە ناوی شاعێرەکەناکەن. بۆیە لە سەر سی دیو کاسێتیش ناوی شاعیرەکان ون بووە. لایەکی دیکە هێندێک کتێب فرۆشی کتێبی شاعیران بی ئیجازەی خاوەنەکانیان لە چاپ دەدەنەوە. ئی واکەم نین کە هەر ناوی نووسەرو شاعێر لە سەرکتێب هەڵکڕێنن. کە جگە لە دزی ناوی دیکەی ناکرێت لە سەر دابنرێت. ئەگەر لە بیرمان مابێ کتێب فرۆشی سەیدیان لە مەهاباد دووبەرهەمی کەڵە شاعیرەکی وەک مامۆستا هەژاری مووکوریانی بەو دەردە بردبوو. کە مامۆستا هەژار ڕاستەوخۆ ناوی بردبوو فەرموو بووی (کێ هەیە دەستی ئەودزم بۆ ببڕێ). پیم وەیە ئەوشتانە بۆ کتێب فروشیکی نیشتمان پەروەر یەکجار کرێتە. پاشقولدانی ناوی شاعیر بۆ ئەو گۆیەندانەی لە دڵی خەڵک داجێیان کردۆتەوە وەک خاڵێکی لاواز کەسایەتیان دێنیتەخوار.

(جەژنی نەورۆز)
جەژنی نەورۆز بە گێڕانەوەی مێژوو لە ساڵ نوێ بونەوەدا کە کاوەی ئاسینگەر هێرشی بردۆتە سەرئەزدهاک(زوحاک). و کوشتویەتی فریدوونی لە جێ داناوە. گەلی کووردی لە ژێر نیری کۆیلەتیو یەخسیری ئەو زاڵمە سەرە ڕۆیە ڕزگار کردوەو. ئازادیو دێمووکڕاسی لێ سەقامگیر کردووە. چێڕۆکێکی دووروو درێژوو سەربەخوی هەیە. مێژووی کورد ئەوەی لەخۆیدا وەک ڕووداوێکی گرنگ بۆ داهاتوو هێشتۆتەوە. هەمووساڵێک لەساڵ وەرگەڕان لە هەرچوارپارچە کوردستانەکان دەیکەنە جەژن. هەرچەند داگیرکەرەکان بەتوندی بەرگری لێدەکەنو بەزیندوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتیو بیرەوری سەربەخۆیی لە قەڵەم دەەن. بەڵام ئێرانیەکان چونکە ئەوجەژنە بەئی خۆیان دەزانن دەیکەنە جێژن. کوردەکان بەپیی دابو نەریت لە بەرزایی چیاکان ئاگر دەکەنەوە. کە عەلامەتی ڕوناکاییو سەرکەوتنە. نەکوردەکان لە بەردەرگای مالەکانیان ئاگر هەڵدەکەنو بە سەری داباز دەدەن دەڵێن: زەردی من بۆ تۆ سووری تۆ بۆمن. وەکوویادگاریەکی کۆمەڵایەتی لیێ دەڕوانن. ئەمما گەلی کورد وەکوو ڕووداوەکی نەتەوەیی و سیاسی سەیری دەکەن. لە سەردەمی :شا" بەرگری لە ئاگر هەڵکردن لەچیاکان دەکرا. لە ڕێژیمی ئاخوندی بە توندی بەرگری لەو جەژنە لە ناو کورد دەکەن. بەڵام ئێستا چەڵەمەی ملهوڕان بەکردەوە تێک شکاندراوە. گۆڕانکاری بەسەر هزرەمیشکی لاوی کورد داهاتووە هەرچەند داگیرکەران بە کەلک وەرگرتن لە ساویلکەیی بەشیک کورد خەریکی پیلانن زۆرشیان سەگو سیوان بۆ تەرخان کردوونو بەناوی مەزەب خەریکن تەفرقەباویژنە ناو نەتەوەی کورد بەڵام ئیدی کورد لە خەوی دووردرێژی هەڵفریواندن هەستاوەتەوە. بە هەموولایەک تەنگیان بە داگیرکەران هەڵچنیوە.
ئێستا کەو دێڕانە دەنووسم ڕێکەوت 2006/4/29ی زایینی یە،هەرچەنە مام جەلال بۆ سەرکۆمار هەڵبژێردراوەو مالکی بەسەرۆک وەزیرانو جەعفەری پشتاوکرا هەر جیرەخۆرەکەی ئیرانە،ئەوە دێ حکوومەت تەشکیل بیت،و تورکیەو ئێران هەر دووک بە بەیانووی پ.ک.ک. پاژیک لەشکریان هێناوەتە سنووری کوردستانی باشوور،

(سەرکولاوکان)
چوارشەمووی ئاخری ساڵ منداڵی دێ دەستە دەستە دەچوونە سەرکولاوکەی ماڵەکانو پشپیندیان بەدەروی کولاوکە داشۆڕدەکردەوە دەیانگوت: دەملیکاوە خودا کوڕەکەتان بکا بەزاوە. ئی تۆقەو بدەفەڕ دەیانگووت: هەتەرێ مەتەرێ سەری هاڤاڵی بەقوونێ کەرێ. ئەوانیش میوژو گویزوهێلکەیان بۆ تێداگریدەدا هەڵیان دەکێشاوەسەر. لە چوارشەموو هەتاسێز دە بەدەر وچان بوو. هەموو ماڵان هێلکەیان لە پەلکەپیوازدا دەڕنگاند لە ساڵی نوێ بەختی خۆیان بە هیلکەشکێن تاقی دەکردەوە. لە شارەکانیش ئەمە بەردەوام بوو. ئەمە هەستی نەتەوایەتی زیندوو دەکردەوە. بەڵام هێندێک ڕدێن بۆز سۆفیلکەو ڕەشەموسڵمان کە تەڕاویلکەی عەڕەبانیان لێ بۆتە بنێشتە خۆشکە لە قەوچە نەدەکەوتن. هەر بە جەژنی زگ وەنووسابوون.

(کوێستانچی)
لە ئاخرئۆخری مانگی بەهار کوێستانچی بۆ چوونە زۆزان خۆیان گورجو گۆڵو تەیار دەکرد. کەلو پەلەکانیان کە بریتی لە: چادرو چیغ مافوورەو بەڕەی نەخشین لبادی گوڵدارو کەپەنکی شوانو چەند مەنجەڵی زنجیردار بوو تێک وەردەپێچاو لە پشتی گوێدریژو هێستریان هەڵدەبەست. شوان بەهۆ هۆ یخە یخ مێگەڵو کەتە پەزیان بەرەو کویستانان لێدەخوڕیو لە یەکێک لەو هەوارانەیان هەڵدەدا. کەلەبەربۆنی

گوڵی ڕەنگاوڕەنگی سروشتیو شینکەو شیناورد مرۆڤ مەستو سەرخۆش دەبوو کۆزیان بۆ بەرخەل دەگرتەوە. سێ پەکیان بۆ مەشکە دەچەقاند. هەروا کەپر بۆ وشک کردنەوەی کەشک. ئاوی ساردوو سڕو کەلەتەزینی هەوار، بەوهەوای بەلاوێنو فێنکە، تامو چێژێکی تایبەتی هەبوو. نەخاز چاخێک کە دەنگی شمشاڵی شوان دەدۆڵو چیاو کەژوو شیوو دەگەڕاو لە گەڵ باڵۆرەی بێریەکان تێکەڵ دەبوو. داروو بەردی ئەو هەورازونشیوانەی وەسەمادەخست. یان ئەوکات شوان مەڕی بەرەو جێ بیردەهێناوەو بێری بە مەڕدۆشو شیرمەشک بەرەوپیریان دەچوونو مەربۆ دۆشین بەرەو بەردی پاڵێن ڕێچکەی دەبەست. یان کە مەڕ تێ بەردەدرا. بارە بارەو بع بع مەرو کاریلەتێکەڵ یەکتر دەبوون. بەلاَم بەهاتنی ڕێژێمی نەحسی کۆماری ئیسلامی چش کە هەست بە ئەمنیەت لە هیچ سووچو کەلێن ناکرێت
ئاژاڵدارەکانی کوردیش لە کوستانەکان پچڕانەوە.

(بۆپشت کتێبەکە)
دەی کوردە دژی ئەو خەڕافاتانە ڕاپەڕە. چەڵمەی ئەو کۆنە پەرستیـیە تێک بشکینە. ئەستوندی ئەوکۆخەبێ هێمە تێک برمێنە سۆلەشووی ئەو پاشکەوتوویە، کە دیاری داگیرکەرانە لە خۆیاندا بشکێنە بەرەو بەرزەفڕی باڵ بگرە هەموولایەک بە چاوی مرۆڤی پێشکەوتووخوازی سەدەی بیست ویەک بدینە ئەم زنجیرە کۆیلەتییە کە نەیار خستوویەتە پێت قەف قەف هەڵبڕە. بۆ ئازادیو دێمووکراسیو ڕزگاری گەلو خاکەکەت تێکۆشە. وەکوو هەڵۆی تیژباڵ لە بەرزایی کەهکەشان لە ئاسۆی کوردەواری ڕامێنە، بە هەستێکی گەش بینانە ئاواتی شەهیدانی ڕێگای ئازادی وەدی بێنە. پشت لە هەموو ڕەش بێنیەک بکە. بەردەی تەفرەقەو چەند بەرەکی کە پیلانی داگیرکەرانە بە یەکچەلی فڕێدەو دەستی یەکیەتی برایەتی گەرمتر بکوشە. هەتا لە ئاسمانی کوردەواری مەلی ئاشتی خەریتەی کوردستانێکی یەکپارچە بخاتە بەرچاوو بشێین چەپکەگوڵی شانازی لە باخی سەربەستی بچێنینو هەست بە حەسانەوەیەکی یەکچەلی بکەێن بە هیوای ئەو ڕۆژە هەرچی زووتر ...

ئەم کتێبە لە ئینتەرنێت لە سایتی پێشمەرگەکان بلاَو کرایەوە:
25-12-2007
www.peshmergekan.com
www.peshmergekan.eu